


کۆماری عیراق
وەزارەتی رۆشنبیریو راگەیاندن
دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی
زنجیرەی ژمارە ( 128 )


# دیوانی کەمالی


## عەلی باپیر ئاغا

ئامادە کردن وساغ کردنەوەو
پێشەکی نووسینی

## کەمال عەلی باپیر

پیدا چوونەوەی
مامۆستا شکور مصطفی

کۆماری عیراق
وەزارەتی رۆشنبیریو راگەیاندن
دەزگای رۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی
زنجیرەی ژمارە ( 128 )

# دیوانی کەمالی

عەلی باپیر ئاغا

ئامادە کردن وساغ کردنەوە و
پێشەکی نووسینی
**کەمال عەلی باپیر**

پێدا چوونەوەی
ماموستا شکور مصطفی

## ١ - دیوانی « کەمالی »

هێشتا « کەمالی » خۆی لە ژیاندا بووە کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٦٦)دا ، یەکەم کۆمەڵە شیعری بەناو نیشانی « دیاری شارە زوور » لە چاپ داوە . ئەم دیوانە ئەتوانم بڵێم زوربەی شیعرەکانی « کەمالی »ی تیایە . کەئەڵێم : زوربەی شیعرەکانی ، مەبستم لەوەیە : زوربەی ئەو شیعرانەی کە « کەمالی »ی پێناسراوە لە هەڕەت و گوڕو لوتکەی شاعرێتی‌دا ، نووسیوێتی ، ئەو شیعرانەن کەلەم دیوانەدا چاپ کراون ... دوا بە دوای - دیاری شارەزوور - لە ساڵی (١٩٦٨)دا دیوانی دووەم بەناوی : «باخی‌مەیر » ەوە لە چاپ داوە (٢) . ئەوەی لەم کۆمەڵە یەدا چاپی کردوون زوربەیان وەك تەمەنی شیعر دوای شیعرەکانی دیوانی - دیاری شارەزوور - نووسراون جگە لە وەی کە شیعری وەرگیراوی زۆرتر تیایە وەك لە شیعری خۆی .

دوای ئەم دوو دیوانەش ، لە ساڵی «١٩٧٣ »دا بە نیازی لەچاپ دانی دیوانی سێیەمی ، کۆمەڵێك شیعری تری بە ناوی « پێش مەرگم » ەوە کۆکردەوە، کاروباری ڕەقابەشی جێبەجێ کردبوو، بەڵام مەرگ ئەم دەرفەتەی لێبڕیو بەدی‌هاتنی ئەم ئاواتەی بەچاو نەدی - ئەوەی پێویستە لە ڕووی ساغ کردنەوەی شیعرو ، لایەنی ڕێنووسەوە سەبارەت بەم «٣» دیوانە ، جگە لە دیوانی یەکەمیان « دیاری شارە زوور » . بەو هۆیەوە کە مامۆستام - کاکەی فەللاح - شارەزای شیعری کلاسیکی کوردی‌و دۆستی نزیکی « کەمالی » بووە . دیوانی ناو براوی بە پوختی چاو دێری کردووەو ، تا ڕادیەك ئەو دیوانەی لە چاو دیوانەکانی تریدا بەرێك وپێکی داوە بەدەستەوە... چونکە «کەمالی» کاتێ خولیای لە چاپدانی شیعرەکانی خۆی کەوتۆتەسەرەوە، تەمەنی پیرێتی‌و، کەمهێزیی چاوی، یارمەتی ئەوەیان نەداوە، خۆی شیعرەکانی خۆی بنووسێتەوە و ئامادەیان بکات بۆ چاپ لەبەر ئەوە ئەوانەی دوو دیوانی دوواییان بۆ ئامادە کردووە ، کەمتر شارەزای دنیای شیعری « کەمالی » و شیعری کلاسیکی کوردی بوون ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ، سەرەڕای هەڵەی ڕێنووس‌و نووسینەوەی شیعرەکان ، لە هەمان کاتدا ئاگاداری ئەوەش نەبوون کە هەریەکێ لەو دوو دیوانەی دوواییدا ، هەندێ شیعریان نووسییەوە لە هەرسێ دیوانەکەدا هەیە . جگە لەوەی ئەمەشیان کردووە ، ئەوەشیان بیرچووە ئەم شیعرە چەندجار دوو

بارەكراوانە، وەك یەك بنووسن ..واتە : ئەم دوو دیوانە ، شیعری وایان تیایە ، هەر شیعرێكە ، بەلام لە هەر دیوانێكا لەوی تر جیاوازە ، من لە ئامادەكردنی ئەم دیوانەدا ویستم ئەو جیاوازییانە لە پەراوێزدا دەست نیشان بكەم ، بەلام كە زانیم ئەم كارە ، جێگا زۆر ئەگرێ ، فەرامۆشمكرد . تەنیا لە یەك دوو جێگادا نەبێ ، وەك نموونە نووسیمن ... بۆیە بۆ كۆكردنەوەو ئامادەكردنی سەرجەمی دیوانی شیعری « كـەمالی » ، بـۆ ئەم دیـوانە ، كتـومت متمانـە بەو دیـوانە ئامادەكراوانە نەكراوەو پشتیان پێ نەبەستراوە .

## ٢ ـ تەقەللای دوای « كەمالی »

لە سەرەتای سالی (١٩٧٧)دا ، كە نیاز هاتە سەر چاپكردنی سەرجەمی شیعری « كەمالی » ، لە ڕۆژنامـەی ـ هاوكـاری ـ و ، پاشكۆ كوردییـەكەی ڕۆژنامەی ـ العراق ـ دا ئاگاداریيەكمـان بلاو كـردەوە ، تكامـان لە ئەدیبو ئەدەب دۆستانی دلسۆزكرد ، هەركەسێ شیعری « كەمالی » ی لا چنگ ئەكەوێ بە ناونیشانی : كتێبخانەی سلێمانی ، بۆمان بنێرێت ، لەم تكایەماندا جگە لە یەك دوو دلسۆز زیاتر ، كە هەندێ لەو شیعرانەیان بـۆ هێنایـن كـە خۆشمـان هەمانبوو ، كەسی تر شتی تازەو لەوانەی خۆمانی زیاتـر بۆ نـەهێنایـن لەپـال ئەمەشدا ئاگاداری ئەوەبووین ، كاتی خۆی دیوانێكی دەستخەتی شیعرەكانی « كەمالی » بە خەتی خۆی كەوتبووە كتێبخانەی « حەسەن فەهمی بەگی جاف » وە بۆئەم مەبەستە لە هاوینی (١٩٧٨)دا . چەند جارێك ویستمان ئەو دیـوانە دەست خەتەمان چنگ بكەوێ . كە « كەمالی » لە سەردەمێكی پێش پیریو پەك كەوتەییدا نووسیوێتی . دیارە دیوانێكی دەست خەتیوا . كەهێشتا « كەمالی » هێزی پەنچەو ، هێزی چاوی ، ئەوەیان بە بەرەوەیە كەدیوانەكە بە پوختەییو بە ئەمانەتەوە نووسرابێتەوە . ئەو دیوانە بنەماو سەرچاوەیەكی باش ئـە بێت بۆ ئەوەی بە دلنیاییەوە متمانەی پێ بكرێو ، لە بەر ڕۆشناییدا دیوانێكی ڕێك وپێكی لەبەر بنووسرێتەوە ... وەك ووتم چەند جارێك ویستمان ئەو دیوانەمـان چنگ بكەوێ . بەلام هەر جارەی بە بیانوویەك دەستیان ئەنا بە ڕوومانەوەو نائومێدیان

کردین.. لەبەر ئەوە دوای ئەم نائومێد بوونە ، کەوتمە پشکنینی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییانەی پێش سالانی (١٩٥٠) ، کە « کەمالی » شیعری تیا بلاو کردوونەتەوە ... لەو بڕوایەوە کە ئەو شیعرانە کاتی خۆی « کەمالی » بەهەموو هۆش وگۆشی خۆیەوە « خۆی » ناردوونی بۆ بلاو کردنەوە .. پاش گەڕانێکی وردو ، پشوو درێژو ، بەراووردکردنی ئەو شیعرە بلاو کراوانە لە گەل شیعرەکانی ناو سێ دیوانی ناوبراو ، نائومێد نەبووم‌و ئەم دیوانەم ئامادە کرد .

## ٣ ـ دوای ئامادەکردن :

ئەوەی جێی سەرنجە ، لەو سێ دیوانەی « کەمالی »دا ، « کەمالی » هێشتا خۆی لە ژیاندا بووە ، کە ئەو سێ دیوانەی بە جیا جیا ئامادە کردووە بۆ چاپ ، کەچی لە هەرسێ دیوانەکەدا ، لایەنی بۆنەو ، مێژووی زووربەی شیعرەکانی فەرامۆش کردووە . ئەم پشت گوێ خستنەی « کەمالی » خۆی ، ڕێگای لە منیش بەستەوە کە لە خۆمەوە بەدوای بۆنەو ، مێژووی شیعرەکان ، چونم لەو سێ دیوانەو ، گۆڤارو ، ڕۆژنامەکەدا ، وەرگرتوون هەرواش بەئەمانەتەوە تۆمارم کردوون .

## ٤ ـ شێوەی نووسینەوە :

بەو هۆیەوە کە زوربەی ئەم دیوانەم لە بەر ڕۆشناییی شیعری ناو هەردوو دیوانە چاپ کراوەکەی‌و ، شیعری بلاو کراوەی ناوگۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکان‌و ، دیوانە دەست خەتەکەی ـ پێش مەرگم ـ دا نوسیوەتەوە بە واتا : زوربەم لەبەر شیعری چاپکراودا نوسیوەتەوە بەمە کارەکەی من ، نیمچە

ئاسانییەکی بۆمایەوە ، وەك لەوەی لەبەر دەست خەتی کۆن وخەتی شکستەی فارسی دا بێت بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ڕاستەوخۆ ئەم شیعرانەم وەك خۆیان گواستبێتەوە بۆ ناو ئەم دیوانە، بەڵکو بەراووردێکی ووردی شیعرەکان بە یەکتری و وساغ کردنەوەی ئەو جیاوازییانەی کە لە هەندێ شیعردا هەبووی هەموویم بە ئەنجام گەیاندوە ئەوسا هەمو شیعرەکانم بە ڕێنووسی تازەی کوردی ڕێك خستووەو ئەم پیتانەی لەزمانی کوردی دا نین بەپیتی کوردی نووسیومن مەگەر زۆر بە دەگمەن لەو جێگایانەدا نەبێت کە زۆر پێوستی کردوە ئەگەرچی ئەم لایەنی پیت گۆرینەوەیە هیچ لە مەسەلەی ئاسان کردنی و گران کردنی مانای شیعرەکان ناگۆرێت لەو بڕوایەوە کە شیعری کوردین بە چاکم زانی ئەمەی لەگەڵدا بکەم دیارە ئەم کارە لەگەڵ ئەو ووشە عەرەبییانەدا کراوە کە لە شیعرەکاندا هەن بۆ ئەوە من ڕام وایە ئەم ووشانە مادام هاتونەتە ناو شیعرو ئەدەبی کوردییەوە ئەو ووشانە لەو شعرانەدا ئەبن بە موڵکی ئەدەبی کوردی و ئەدەبی کوردیش بە پێنووسی کوردی ئەنووسرێتەوە .

---

## ٥ ـ لێکۆڵینەوەو پەراوێزو

## دابەش کردنی شیعرەکان :

---

لەبەر چەند هۆیەك واتای شیعرو لێکۆڵینەوەم لە پەراوێزدا لە سەر شیعرەکان نەنووسی .

أ ـ من ڕام وایە شیعر شەرح ناکرێت .

ب ـ ئەم دیوانە دیوانی شاعرێکی کلاسیکیە شیعری کلاسیکیش سیماو کاکڵەی تایبەتی خۆی هەیە کە تیایدا بە بلاغەو طباق و جیناس و ڕەمزو سەرواو کەش و هەواو سەربەخۆی خۆی هەیە .

کەسێك بیەوێ لە شاعیرێکی کلاسیك بکۆڵێتەوە ، ئەبێ هیچ نەبێ هەندێ زانیاریی لە شیعری کلاسیکی هەبێت بە تایبەتی کتێبخانەی

کوردی لەم ڕووەوە هەندێ گەوهەری بە نرخی وەك دیوانی نالی ، مەحوی تیایە کە بنەماڵە ڕۆشنەکەی مامۆستا ملا عبدالکریم مدرس پێشکەشتانی کردوە ئەمە ئەگەر لەگەڵ هەموو شاعیرێکی کلاسیکی بکرێتەوە بەڕای من نابێت بەشتێکی دووبارە کراوو سواو جگە لەمەش ئەوەی بووتری ئەوەی کە لە سەر شاعیرێکی وەك نالی ئەنووسرێ پێویست ترە وەك لەوەی لە سەر شاعیرێکی دوای ساڵی (١٩٠٠) ئەنووسرێ چونکە ئەو خوێندەوارەی لە لایەنەکانی شیعری کلاسیکی کوردی پێش (١٩٠٠) گەیشتبێ کلیلی کردنەوەی تێگەیشتنی شاعیرەکانی دوای ئەو مێژووەشی پێ ئەبێت .

جـ ـ بەڕای من « کەمالی » لەڕووی شیعرەوە لەچاو شاعیرە کلاسیکیەکانی پێش خۆیدا جۆرە ڕەوانیو « شفافیـة » تێکی بێ گرێو کراوەتری تیایە ، کەمتر ڕەمزو خواستەمەنیو ـ جیناس و طیباق و داخستنو ووشەئاراییی کردوە لەبەر ئەوە ئەگەر چی « کەمالی » وەك شاعیرێکی کلاسیکی هاتوە بەلام تێگەیشتن لە « کەمالی » ئاسانترە وەك لە تێگەیشتنی (نالی)و مەحویو شێخ ڕەزای طاڵەبانی بۆیە لەم ڕووەوە لە پەراوێزدا بەچاکم نەزانیوە واتای شیعرەکان لێك بدەمەوە .

د ـ هەر لە ڕوانگەی پەیڕەو کردنی نووسینەوەی دیوانی شاعیرێکی کلاسیکی یەکسەر شیعرەکانم بەپێی حروف ئەبجەد نوسیوەو بەش بەش جیام نەکردۆتەوەو ناوم نەناون بەشی کۆمەلایەتیو کوردایەتی .. هتد .

## ٦ ـ شیعرو نووسینی « کەمالی »

پێویستە ئەمە بڵێم ئەو شیعرانەی لەم دیوانەدا نووسراون هەموو شیعرەکانی ـ کەمالی نین چونکە « کەمالی » شیعری لەمە زۆرترە بەلام وەك لەجێگایەکی تریشدا ووتم ئێستاش ئەیڵێمەوە زۆری ئەو شیعرانەی « کەمالی » پێناسراوە لە هەڕەتو گوڕو لوتکەی شاعیرێتیدا نووسیویەتی ئەو شیعرانەی کە لە دیوانی دیاری شارەزووردا بلاوکراوەتەوەو گوێزراونەتەوە بۆ ناو ئەم

دیوانە ... بەمە مەبەستم ئەوە نیە بڵێم شیعرە لاوازەکانی « کەمالی » م بواردووە نەخێر بەڵکو مەبەستم لەوەیە بڵیم جگە لە شیعرەکانی ناو ئەم دیوانە هەندێ کورتە شیعری تری هەیە کە لەسەر خواستو داوای خەڵك ووتوونیو ئەبوایە ناویانو بۆنەی ووتنەکانیانم تۆمار بکردایە کە لە لایەکەوە ئەمەیانم بەچاك نەزانیو لە لایەکی تریشەوە لەبەر لاوازیی تەکنیکی شیعرەکان فەرامۆشم کردن .

جگەلەم بابەتە شیعرە هەندێ شیعری تری هەیە لەبۆنەی تایبەتیدا کە پەیوندییان بە بزوتنەوەی سەربەستیخوازانەی کوردەوە هەبووە ووتراون وەك نموونەی ئەم شیعرە کە لە لاپەرە (٢)ی ژمارە (٨)ی ڕۆژنامەی « بانگی - کوردستان - دا بڵاوکراوەتەوە . لەگەڵیدا ڕوون کردنەوەیەکیشی بۆ نووسیوە بەموناسەبەتی ئەوەوە کە جەنابی جەلالەتمەئاب ، ڕەئیسی مەجلیسی میللی کوردستان . شێخ عبدالقادر ئەفەندی نیشانێکی هیلالو ئەستێرەی لە ئاڵتوون دروست کردووەو لەسەر هیلالەکە عیبارەی « فیدای میللەت » هەڵکەنراوەو بە بازووی موبارەکیدا گر تووە، ئەم چەند شیعرە پێژراوە .

فیدات بم ئەی فیدایی میللەت ئەی سەرداری کوردستان
وەلی عەهدی هومایون تالعی خونکاری کوردستان
بە ئەنفاسی مەسیح ئاسا عیلاجی عاجلیت بەخشی
بەدایەی بێ کەسی بێچارەیی بیماری کوردستان
وەکو بارانی ڕەحمەت لوتفی عامت فەیز بەخشایە
بژی ئەی واسیتەی نەشئونەمای گوڵزاری کوردستان
بە زەڕکفتی تەڵا ناوت لەمەولا دەرج ئەبێ تا حەشر
لە تەئریخا بە عینوانی سوپاسالاری کوردستان
ئەگەربیشم کوژن زومرەی موخالیف پێت ئەڵێم ئەمجا
هیزەبری غالیب ئیبنی حەیدەری کەڕڕاڕی کوردستان
ئەوەی بەدخواهتە با قوڕ بەسەردا کا بە نەومیدی
وجودی تۆیە فەخری فیرقەیی ئەحراری کوردستان
دەخیلم فرسەتە هەنگامی سەعیو جوهدە تێکۆشە
بە دڵ بۆئینتزامی موڵكو بۆ ئیعماری کوردستان

لە پاڵ ئەم جۆرە شیعرانەشدا ووتاری ئەدەبیو سیاسیو بیرەوەری خۆی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا هەیە لێرەدا وەك نموونە . ئیشارەت بە هەندێکیان ئەکەین :

أ ـ جگە لەو پەندو ئامۆژگارییانەی لە ڕۆژنامەی «بانگی کوردستان »دا بڵاوی کردۆتەوە ، هەندێ ووتاری ئەدەبیشی لە هەمان ڕۆژنامەدا نووسیوە بەنیازی بووژاندنەوەی ئەدەبی کلاسیکیمان ، وەك ئەو ووتارەی بەناونیشانی « ئەدەبیاتی کورد » لە لاپەڕە (٢)ی ژمارە (٧)ی ئەم ڕۆژنامەیەدا ، تیایدا دوای باس کردنی گرنگی پێدانی ئەدەبی کورد، ئەرکی لەچاپ دانی دیوانی شاعیرە پێشینەکانی خۆی : (ئەحمەدی خانی ، نالی ، سالم ، کوردی ، حاجی قادری کۆیی ، حەریق ، شێخ ڕەزای طاڵەبانی ، خالص ، مەولەوی ، وەفایی) لە ئەستۆگرتوە. ئەبێ لێرەدا ئەوە بووترێ « کەمالی » لە ژێر سێبەری حوکمداریتی (شێخ مەحمودی نەمر)دا ئەم پرۆژەیە ئەخاتە ئەستۆی خۆیو ، تا پرشنگی ئەو حوکمدارییە لە ئارادا بووە ، دیوانی « مەحوی » بە چاپ گەیاندووەو ، پێشەکیشی بۆ نووسیوە ، بەڵام کە پرشنگی ئەو حوکمدارییە جوانەمەرگە ، کوژێندراوەتەوە ئومێدی پرۆژەکەی « کەمالی »یش نەهاتۆتە دی .. هەرچەندە بەهەمان تاسەوە لە ساڵی (١٩٣٩)دا کتێبێکی بە ناونیشانی : «گوڵ دەستەی شوعەرای هاوعەسرم»ی (٣) چاپ کردووە کە جگە لە نموونەی بەرهەمی خۆیو ، پوختەیەك لەژیانی ، نموونەی بەرهەمی : (ئەحمەد موختار ، ئەثیری ، بێخود ، پیرەمێرد ، حەمدی مەلاحەمدون تایەربەگ، گۆران، زێوەر، مەحوی، موفتی پێنجوێنی، میرزا مارف ، شێخ نووری ، ناتیق ، سەلام ، ڕەمزی مەلامارف ، قانع ، ڕەفیق حیلمی ، عەبدوڵلاحەسەن ناری ، بێکەس ، عورف ، شوکری فەزڵی، ئەمین زەکی ، ڕەشید نەجیب ، عەبدولواحید نووری )تیایە (٤) .

ب ـ هەندێ لەسەر ووتارەکانی ڕۆژنامەی «بانگی کوردستان »ی نووسیوەو ، تیایاندا زۆر بابەتی گرنگو ڕووداوی زیندووی ئەو سەردەمەی بەمەبەستی وورياکردنەوەی گەلی کورد نووسیوە .

ج ـ لە ساڵی (١٩٦٠)دا ، لە ژمارە (٧)ی گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) دا ، دەربارەی ڕۆژانی « شێخ مەحموودی نەمر » چەند دێڕێکی بە نرخی هەیە .

د ـ لە ساڵی (١٩٧٣)دا ، کتێبێکی تری بە ناونیشانی (شاعیرە ناووونبوەکانی کورد) بڵاو کردۆتەوە(٥) ، تیایدا ژیان و نموونەی بەرهەمی «٤١» شاعیری نووسیوە .

٥ ـ له ڕووی وه‌رگێڕانیشه‌وه له زمانی فارسی یه‌وه ئه‌م چه‌ند کتێبه‌ی به‌شیعر کردووه به کوردی :

١ ـ شیرین و خوسره‌و
٢ ـ ئه‌میر ئه‌رسه‌لان
٣ ـ خورشیدو خاوه‌ر
٤ ـ شه‌ڕی خه‌یبه‌ر
٥ ـ گیانی سه‌عدی

## « که‌مالی » ی مرۆڤ :

بۆ ئه‌وه‌ی ده‌روازه‌ی ڕازێك له‌سه‌ر شیعری « که‌مالی » بخه‌ینه سه‌ر پشت چاك وایه چمكێكی بزانین ، چونكه باری ژیان و گوزه‌رانی هه‌موو شاعیرێك په‌یوندییه‌كی له‌گه‌ڵ شیعره‌كانیا هه‌یه .

« که‌مالی » نازناوی شیعرێتی خۆی ناوی : ( عه‌لی ) یه ، كوڕی باپیر ئاغای كوڕی چراغه كه یه‌كێك بووه له سه‌رۆكه‌كانی هۆزی « ئیسماعیل عوزه‌یری » وله تیره‌ی « میرئالایی » یه . له ساڵی (١٨٨٦)دا له شاری سلێمانی له دایك بووه .

باپیر ئاغای ـ باوكی ئه‌فسه‌ر بووه له سوپای عوسمانیدا ، ( که‌مالی ) له ته‌مه‌نی (٤) ساڵیدا بووه كه باوكی كۆچی دوایی كردووه ، له شاری كه‌ركووك نێژراوه ، وه‌كو نه‌رێتی ئه‌وسای كوردستان له مزگه‌وتی : شێخ عه‌بدوڵڵا ـ كه ناسراوه به مزگه‌وتی دووده‌رگاو له‌سه‌ر شه‌قامی ـ نالی ـ یه ، خراوه‌ته به‌ر خوێندن .. پاش ئه‌وه‌ی خوێندنی كتێبه ئایینیه‌كان ته‌واوئه‌كات ، درێژه به‌و جۆره ژیانه نادات و ئه‌بێت به نووسه‌ر ـ كاتب ـ و له ساڵی ١٩٠٦ ـ ١٩٠٧ دا بۆ ئه‌م ئیشه ئه‌گوێزرێته‌وه بۆ به‌غداد ... پاش ماوه‌یه‌كی كورت گه‌ڕاوه‌ته‌وه بۆ سلێمانی . له جه‌نگی یه‌كه‌می جیهانیدا له‌نێوان ساڵانی (١٩١٣ ـ ١٩١٧) دا

کراوە بەسەربازو لە سلێمانی هێشتوویانەتـەوە . لەدوای ساڵی (١٩١٩) کـە ئینگلیزەکان بەتەواوی عێراقیان گرت ، کرا بە (قایمقام)ی چەمچەماڵ ، بەڵام ماوەیەکی کەم لەم ئیشەدا مایەوە چونکە دوای ئەم مێژووە ، ئیتر « کەماڵی » تێکەڵ دنیای ڕاپەڕینی ڕۆشنبیری‌و بزووتنەوەی سەربەستیخـوازانەی کـورد بوو .. بەتایبەتی لە بزووتنەوەکانی شێخ مەحموودی نـەمردا . لەم ڕووەوە ، شـاعیر لە بیـرەوەری خۆیـدا هیچی بۆ تـۆمار نـەکردووین . هـەرچەنـدە بۆ زیندووکردنەوەو هاندانی ئەم گیانەی ، بـەڕێز دکتـۆر ـ عیزەددین مستـەفا ڕەسول ـ ئەڵی :

( چەند ساڵێك پێش مەرگی ـ جەژنێك لەگەڵ چەند کوڕێکی ئامۆزامدا چووینە لای ، باسی ـ چیم‌دیی ـ ئەحمەد خواجەو ، ڕۆژانی شێخی نەمر کرا ، داوامان لێ کرد ئەویش یادگاری خۆی بنووسێتەوە زۆرتر خۆی لە مەسەلەکـە لائـەدا لای وابـوو نـابێ ڕەخنـە لە ـ شـێـخ بگـرێـت و نـابێ هـەمـوو ڕاستییەکیش ـ بەلای گەشی‌و کەم‌و کوڕییەوە نەڵێت دوایی بڕیار بوو یەکێك لە ئامۆزاکانم بچێت لای دابنیشێت‌و ، چی ووت بینووسێتەوە ، چەند جارێك چوو بوو هیچی لێ دەسگیر نەبوو بوو).(٦)

بەڵام هەر لە گەرمەی ئەو ساڵانـەداو لەسەرەتـای ساڵی (١٩٢٢) ەوە لەگەڵ زۆربەی ڕوناکبیرانی ئەو سەردەمـەی شاری سلێمـانی دا مشت‌و مڕو گفتوگۆیـان بووە لە سـەر ئەوەی کـاتی ئەوە هـاتووە : کـۆمەڵـێك ، پارتـێـك، ڕێکخـراوێك ، بـە مەبـەستی گوڕدان بـەباری ڕۆشنبیـری‌و ، بـزووتنـەوەی سەربەستیخوازانەی کورد بدەن . لەم بوارەدا تەقەللایان گەیشتۆتە پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی ڕووناکبیری کە ئامانجەکانی ئەم کۆمەڵەیە لە ڕێگای ڕۆژنامەیەکەوە بگەیەنن بە جەماوەری کوردستان ... ئەم کۆمەڵەیەیان ناو نا :

جەمعیەتی کوردستان‌و ، ئەو ڕۆژنامەیەش کە ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت ناونرا : ڕۆژنامەی بانگی کوردستان . ئەم کۆمەڵەیە لە ژمارە (١)ی ڕۆژنامەی ناوبراودا بەم جۆرە باسی لێ کراوە ، (لە سەر موراجەعەتی جەنابی سەعادەت مەئاب حاجی مستەفا پاشای میرلیوای ئەرکانی حەربی موتەقـاعیدو لەسـەر مەئزوونیەت‌و موساعەدەی ڕەسمی حکوومەتی سیاسیی سلێمانی لە تـەرەف بەعزێ ئەربابی حەمییەت‌و ئەفازیل و مونەووەرانەوە قەراردرا کە لە سلێمانی جەمعیەتێکی کوردی تەشکیل بکا . بۆ ئەمە چەند ڕۆژێ لە مەوپێش ئەسامیی

عولەماو مەشایخ و ئە شراف و سائیری مونەووەران و کەسەبە بە تەرتیبی حرووف هیجا داخیلی دەفتەر کراو ڕۆژی جومعەی ۲۱ی تەممووزی ۱۹۲۲ پاش نوێژی نیوەڕۆ لە مزگەوتی سەید حەسەن مفتی‌دا گرد بوونەوە لەتەرەف جەنابی مستەفا پاشاوە نوتقێکی ئیفتیتاحی‌دایر بە قەسدو غایەی ئەم ئیجتماعە خوێنرایەوە ، سامعین کە بیستیان غایەی ئەم فیکرە بۆ تەرەققی و تەعالی میللەت و وەتەنە بە کەمالی ئیفتخار قبووڵیان فەرموو .

بڵاو کردنەوەی ئەم فیکرەیەش بەواستەی ئەم غەزەتەوە کە حکوومەت ئیمتیازی داوە بە جەنابی مستەفا پاشاو ئێستا هەفتەی جارێك دەردەچێ ئومێد وایە ئینشائەڵڵا بەواستەی هیممەتی ئەربابی حەمییەتەوە تەرەققی بکات زاتەن هەموو شتێك ووردە ووردە زیاد ئەکات .

بۆ تەماشاکردنی ئەم غەزەتەو سائیر ئومووری ئیدارەی ئەم جەمعیەتە لە تەرەف حوزەرای کیرامەوە لەژێر ڕیاسەتی پاشای موشار ئیلەیهیدا (۱۳) کەس بۆ ئەعزایەتی ئینتیخاب کران ـ ناویان و عەدەدی ڕایان بەم ڕەنگەیە.

| عەدەدی ڕای | ناو |
|---|---|
| ٦٥ | ڕەفیق حیلمی ئەفەندی |
| ٦٢ | ئەحمەد بەگ توفیق بەگ |
| ٥٤ | ساڵح ئەفەندی قەپتانچی |
| ٤٥ | فایەق بەگ مەعرووف بەگ |
| ٤١ | حاجی ئاغا فەتحوڵڵا |
| ٣٩ | عیزەت بەگ عوسمان پاشا |
| ٣٨ | ئەدهەم ئەفەندی یوزباشی |
| ٣٦ | ئەحمەد ئەفەندی یوزباشی |
| ٣٢ | شێخ‌محەمەد ئەفەندی گوڵانی |
| ٣١ | شێخ عەلی ئەفەندی سەرکار |
| ٢٩ | عەلی ئەفەندی باپیر ئاغا |
| ٢٤ | عەبدوڵلا ئەفەندی محەمەد ئەفەندی |
| ٢٤ | شوکری ئەفەندی عەلەکە |

ئیتر ئومێدمان وەهایە کە بۆ تەرەققی وەتەن و میللەت هەموو لایێك تێبکۆشێ و ئەگەر قسوورێك ببینرێ بەبێ ئەمەی لەم لاو لەولا بەحس و تەنقید بکرێ پیاوانە خەبەر بە جەمعیەت بدرێ تاوەکو بەپێی ئوسوول جەمعیەت ئەو مەسەلەیە فەورەن داخیل موزاکەرە بکرێ و نەتیجەی بە واستەی غەزەتەوە ئیعلان بکرێ .

لەم خسووسەوە وا ئەزانم لەمەزیاتر بەستی مەقال زایدە ، ئەمە قانوونێکی تەبیعی‌یە کە لە عەسری یازدەهەمی هیجریەوە یەعنی لەوتەئریخەوە کە غەزەتە پەیدا بووە هەر قەومێ رەغبەتی بە مەعاریف بە ئەم واستە موقەددەسە کردبێ بە تەدریجی تەرەققی کردووە و ئەگەر وەکو ئێمە مابێتەوە لە ناو ئەقوامی موتەمەدینەدا بێ نامونیشان ماوەتەوە ، بنائەن عەلەیهی ئێمەیش لازمە کە بۆ تەرققی و تەعالی کوردستان رەغبەت بەم واستەیە بدەین(٧) ئەگەرچی نابێ ئەو برگەیەش فراموش بکەین ئەویش ئەوەیە دوای پێکهاتنی « جەمعیەتی کوردستان» و دەرکردنی رۆژنامەی «بانگی کوردستان» رۆژنامەی «رۆژی کوردستان» یان دەرکردووە ئەم رۆژنامەیە کتومتی زمانی حاڵی سەدەی شێخ مەحمووی نەمر بووە ، هەموو دەنگوباس و هەواڵ و بەیاننامەیەکی رەسمیی حکوومەتی بە تایبەتی فەرمان و ئیرادەکانی شێخ مەحموودی لە سەر یەکەم لاپەرەکانی بلاو کراو نەتەوە ..

ئەم رۆژ نامەیە یەکەمین ژمارەی لە رۆژی (١٥)ی تشرینی دووەمی (١٩٢٢) دا بلاو کراوەتەوەو (١٦) ژمارەی لێ دەرچووە .. خاوەنی ئیمتیازو بە رێوەبەری «م.نووری»و نووسەری « عەلی کەمال » بوون ... « کەمالی » لەم رۆژنامەیەشدا گەلێ وردە ووتارو شیعری بلاو کردوتەوە .

هەموو نووسین و شیعرەکانی « کەمالی » لەم رۆژنامەیەدا بریتی بوون لە هاندان و وریاکردنەوەی گەلی کوردو پشتگیری کردنی حکوومەتی شێخ مەحموود .

بەلام ئەم رۆژنامەیە ئەوەندە نەژیاوە ، هۆی نەمانیشی ئەوتەنگوچەلەمەیە بوو کە تووشی سلێمانی هات و جارێکی تر لە لایەن ئینگلیزەکانەوە داگیرکراوە .. بەواتا « کەمالی » هەموو گیان و قەلەم و بیروهۆشی تەرخانی مەسەلەیەکی پیرۆز کردووە . « کەمالی » لەم رۆژنامەیەدا بووە بەنووسەرو لە زۆربەی ژمارەکانیا ووتاری ئەدەبی و ، کۆمەلایەتی و سیاسی هەیە ... ئەوەی شایانی باسە ئەم

ڕۆژنامەیە دوای پێکهێنانی حوکمداریتیی « شێخ مەحموودی نەمر » بوو بە زمانی حاڵی حوکم دارییەکەو بە تێکچوونی حوکمدارییەکە ، ئەمانیش وازیان لە ڕۆژنامەکە هێناوە .

هەر لەم ماوەیەدا لە خواستو فەرمانی « شێخ » وەك لە دیوانی « باخی میر » دا نووسراوە بووە بە نووسەر لای حاکمە سیاسی یەکانی ئینگلیز کە ئەو سەردەمە بەرودوا لە سلێمانی بوون وەك : « مێجەرسۆن » ، « گرین هاوس » ، « ئەدمۆندز » دوای ئەم ماوەیە کراوەبە فەرمانبەری (مالی) لە هەڵەبجە و دووسال، واتە تا ساڵی (١٩٢٦) لەم ئیشەدا ماوەتەوە ، بەلام کە « شێخ »و سوپاکەی چوونە « پیران » « کەمالی » دەستی لە ئیشەکەی هەڵگرتو خۆی گەیاندە لای « شێخ »ی نەمر ، ماوەی ساڵێك لای مایەوە . لەو ماوەیەدا لەسەر ڕاسپاردەی « شێخ » دووجار چۆتە « تارانو کرماشان » بۆ دیدەنی کردنی « ڕەزاشا » و هەندێ باڵیۆزی هەندەران لەئێرانو گەیاندنی نامە بەناوبانگەکەی « شێخ » ی نەمر بە کۆماری شۆرەوی .

لە ساڵی (١٩٢٨)دا گەڕاوەتەوە شاری هەڵەبجەو لەوێ تاساڵی ١٩٥٠ نیشتەجێ بوو ، ئەمجارەیان لەبەر ئەوەی کوڕەکەی بە مووچە خۆریی میری لە شاری کەرکووك دامەزرا کەمالیش کۆچو باری ژیانی بەرەو هەوراگەی تازە بردو ئەمجارەیان تا ساڵی (١٩٦٣) هەر لەوێ ماوەتەوە ، ئیتر بەهۆی ئەوەوە کە « کەمالی » کوڕە گەورەی گوێزراوەتەوە بۆ سلێمانی بە ئێجگاری هاتۆتە سلێمانی .

پاش بەسەربردنی تەمەنێکی (٨٨) ساڵی لەشەوی (٢٩/١١/٩٧٤)دا کۆچی دوایی ئەکاتو لەگردی شێخ محی الدین ئەنێژرێ .

« کەمالی » جگە لە زمانی کوردی زمانی تورکیو فارسیو عەرەبیشی بە باشی زانیوە .

هێشتا لە ژیانیشدا بوو کە یەکێتی نووسەرانی کورد ـ لقی سلێمانی ـ لە هۆڵی یانەی فەرمانبەران کۆڕێکی ڕێزلێنانی بۆ « کەمالی » و « ڕەمزی » مەلا مەعرووف » و « ئیسماعیل حەقی شاوەیس » سازکرد .. دوای مەرگیش هەریەکێتی نووسەرانی کورد ـ لقی سلێمانی ـ کۆڕێکی فراوانی ماتەمی بۆگێڕا .

## کەمالی شاعیر :

ئـەگەر قـوتابخـانە شیعـرییـە کـلاسیکیـەکـەی سـەردەمی کـۆتـایی میـرنشینی - بابـان - چەنـد کەڵە شـاعیرێکی تیـا هەڵکـەوتبێ بێ سێ‌و دوو « کەمالی » یەکێکە لەو شاعیرانە .. « کەمالی » جگە لەوەی وەك کەڵە شاعیرێکی دواچۆڕی ئەم قوتابخانە شیعرییە : (حەمدی ، ناری ، بێخود ) تا کۆتایی ژیانی هـەر پەیـڕەوییی ئەو جـۆرە شیعرەی کـردووە سەربـاری ئەمـەش شیعـری کـوردی - لە سـەر دەسـتـی « کـەمـالی » دا جـۆرە ڕوونـی‌و ڕەوانـی‌و کردنەوەو - شفافیة - تێکی بێ گرێ‌و گۆڵی بەسەرداهات .

چونکە نەوەی پێشتر ئەم جۆرە شیعـرەی پێ ئەنـاسرا شێـوە گرانی‌و داخستنێکی تایبەتی پێوە دیاربوو، کەئەڵێم: پێشتر ، ڕەنگە هەر شاعیرە هاوسەر دەمـەکانی « کـەمالی » گـرانتـر بێنـە بـەر هـەست‌و بیستن ، واتـە : هـەر خوێندەوارێکی شیعری کلاسیکی ، شیعری « کەمـالی » پێ ئاسـانترە ، وەك لەشیعـری یەکێکی وەکـو : بێخـودی هـاو سـەردەمی « کـەمـالی ». لێـرەدا « وەفایی » مافێکی ڕەوای خۆیەتی ئەگەر پێی بووترێ : یەکەم کەسێك پێش «کەمالی» ئەم ڕچەیەی شکانـدووە « وەفایی » بـووە .. « وەفایی » هـەر زۆر وەستایانە لەم مەیدانەدا زاڵ‌و سوارە بە جۆرێ ئەتوانرێ بـە هەمـوو مانـای ووشەوە بە شیعری « وەفایی » بـووترێ : (سهـل ممتنع ) هـەر چەنـد ئەم جیاکردنەوانە لە نێوان ئەم شاعیرانەدا هەر تەنیا ئەم لایەنە ناگرێتەوە بەڵکو هەر یەکە لەم شاعیرانە جۆرە کە سایەتیەکی تایبەتی‌و بۆن‌و بەرامەی خۆیان هەیە ، هەربەو جۆرەش لە چەندان لایەنی ترەوە سەربەخۆن ، بۆنموونە : ئەو یەکێتی بابەت‌و گیانە نیمچە ڕۆمانتیکییەی لای (حەمدی) ئەبینرێ لای ( کەمالی ) نییە . یان ئەو هەموو خواستەمەنییەی لای (بێخود) هەیە لای ( کەمالی ) نییە ،کەواتە ( کەمالی ) سەرباری ئەوەش کە لە شاعیرێکی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی سـەردەمی بابـانە، لە پـاڵیشیا شـاعیـرێکی دەنـگ‌و ڕەنـگ جیـاوازو بـۆن‌و بەرامەسەربەخۆیە ... لای ( کەمالی ) کەمتر یەکێتی بابـەت بەدی ئـەکرێ . لەهەموو کێشـە کورت‌و درێـژەکانی ئـەم جۆرە شیعـرەدا شیعری هـەیە‌و لە هەموویاندا سەرکەوتووە . لە کۆتایی ژیانیشیـا . جگە لەو کێشـانە بـە کێشی خۆماڵیش شیعری زۆر هەیە ، زۆر کەم لاسایی شاعیری تری کردوۆتەوە . تاقی

کردنەوەی شاعیرێتیی ( کەمالی ) تاقی کردنەوەی ( کەمالی ) خۆیەتی ، چونکە لە ژیانیا شیعر هەموو شتێك بووە ، بۆیە بە هەموو مانای ووشەوە ( کەمالی ) شیعری (کەمالیانە)ی نووسیوە ، بەلای خۆیەوە لەو ڕوانگەوە کە خۆی ناسیوەو لە خۆی گەیشتووە ، کە ئەتوانێ شیعری سەرکەوتوو بنووسێت . لەدوا دواییەکانی ژیانیا ، کە پیرێتی پەکی خوێندنەوە - (متابعة) - ی خستبوو شیعری زۆر لاوازی نووسیووە ، شیعرێك لە شیعرە پلە نزمەکانی شیعری میللیی لەم ڕووەوە ئەوەی وێنەیەکی، شیعری ساڵی (١٩٣٠) کەمالی بخوێنێتەوەو بازێك بدات بۆ شیعری دوای ساڵانی (١٩٦٠) بەدواوە ، بڕوا ناکات ئەو دوو شیعرە هی شاعیرێك بن . کە واتە ( کەمالی ) شیعری لاوازیشی هەیە بێجگە لە شیعری لاواز ئەوەی بەووردی شیعرەکانی ( کەمالی ) بخوێنێتەوە تێ ئەگات کە ئەم شاعیرە فەرهەنگی ووشەو ، وێنەو خواستەمەنییەکی سنوورداری هەیە. لەم سنوورەدا زۆر جار وێنە شیعرییەکانی خۆی لە شیعری تریدا دووبارەکردۆتەوە . ( کەمالی ) لە ڕێگای شیعرەکانیەوە ئەوە بەخەڵکی ئەسەلمێنێ کە لە شیعری کوردیدا شوێن ڕچەو شوێن پێی وولاتی شیعری مەحوی و،سالم و، ناری و، حەمدی) گرتووە :

لە ڕیزی شاعیرانا بۆیە من ئەمڕۆ سەر ئەفرازم
لە شاگردانی بەزمی حەزرەتی (مەحوی) شەکەرڕازم
لە پاش مەحوی هەمیشە پەیڕەوی (سالم) ئەکەم ، لاکین
بەدڵ زۆر عاشیقی هەڵبەستی (ناری) نیکتەپەروازم

هەر بۆ دەست نیشان کردنی جێگەی خۆی ئەڵێت :

پەیڕەوی (حەمدی) ئەکەم دائیم ( کەمالی ) بۆیە وا
ویردی خاسو عامە ئەشعاری تەرەب ئەفزایی من

بەڵام من پرکێشی ئەکەمو ئەڵێم : ئەگەر ( کەمالی ) لای خۆی ئەمە سەلمابێ ، شیعرەکانی بەو ڕادەیەی ( کەمالی ) ئەیەوێ ئەوە ناگەیەنن ، بەڵکو بە پێچەوانەوە من ئەوندەی جێپەنجە و ڕەنگدانەوەی (نالی) لە شیعری ( کەمالی ) دا ئەبینم ئەوندە زەبرو کار تێکردنی (سالمو مەحویو حەمدیو

ناری) له سه‌رنییه ، بۆ به‌ڵگه‌ی ئه‌م قسه‌یه‌ی من ، با ئه‌م چه‌ند وێنه‌یه‌ی ( که‌مالی ) بنووسین ، که ئه‌گه‌ر کتومت شیعری (نالی) نه‌بن ئه‌وا شیعری (نالی)ن و (که‌مالیانه) داڕێژراونه‌ته‌وه :

١ ـ له دڵما چی ئه‌که‌یت ، پڕ ئاگری عیشقه ده‌خیلت بم
وه‌ره سه‌رچاوه‌که‌ی چاوم که جێگه‌ی باسه‌فاهێکه

٢ ـ بێره سه‌ر چاوم سه‌فاگاهێکی خۆشه گیانه‌که‌م
چی ئه‌که‌یت ، هه‌روای له‌ناو کڵپه‌و بڵێسه‌ی سینه‌ما ؟

بائه‌م وێنانه به‌رامبه‌ر به‌م وێنه‌یه‌ی (نالی) ڕابگرین :
تۆ که حۆریت ، وه‌ره نێو جه‌ننه‌تی دیده‌م چ ده‌که‌ی
له‌م دڵه‌ی پڕ شه‌ره‌رو سینه‌یی سۆزانمدا[٨]

هه‌روه‌ها ئه‌م وێنانه‌ی :

١ ـ نایخه‌مه سه‌ر کاغه‌ز ئه‌سڵا تاکو ماوم چاوه‌که‌م
ناوی تۆ ده‌وران نه‌کا باقه‌ت له ده‌م نامه‌حره‌ما

٢ ـ گه‌ر له‌بالای نامه‌دا ناوت نه‌نووسم ، زویرمه‌به
خۆت ئه‌زانی دوو زمانه ، خامه زۆر نامه‌حره‌مه

٣ ـ قه‌ڵه‌م بێگانه‌یه ناوت نه‌هێنم زویر مه‌به توخودا
ڕه‌قیب ئاسا که چونکه هه‌ر خه‌ریکی دوو زبانی بوو

به‌رامبه‌ر به‌م وێنه‌یه‌ی (نالی) ن :

که‌ی ده‌کات شه‌رح و به‌یاناتی ڕمووزی ده‌ردی دڵ
ڕوو ڕه‌شی هه‌ر وه‌ك ده‌وات و دوو زمانی وه‌ك قه‌ڵه‌م[٩]

هەر وەها ئەم وێنانەی :

١ ـ بۆ من کە گەدای کۆیی نیگارم بە حەقیقەت
سایە سەری زوڵفی لەسەرم، باڵی هومایە

٢ ـ ئەکەم تەسخیری مۆلکی هیند ئەگەر ئەو دولبەرە ڕۆژێ
بخاتە سەر سەرم وەك سێبەری باڵی هوما ، پەرچەم

بەرامبەر بەم وێنەیەی (نالی)ن :

(نالی) کە غولامی مەدەدی زوڵف و بڕۆتە
شاهێکە لەبن سایەیی باڵی دوو هومادا[١٠]

هەروەها ئەم وێنەیەی :

١ ـ ووتم : خۆ تیلە چاوت پێکەنی فەرمووی : بڕۆ شێتە
تەرزاووی نازی مەحبووبان ئەبێ هەر ئەمسەرەوسەربێ

بەرامبەر بەم وێنەیەی (نالی)یە :
پێم دەڵێن : مەحبووبە خێڵ و قیچە مەیلی شەڕدەکا
خێڵ و قیچە یا تەروازووی نازی نەختێ سەردەکا ؟[١١]

وەك ووتم لەم بەڵگە هێنانەوەیە ، تەنیا مەبست لەوە بوو کە زەبرو ڕەنگدانەوەو جێ پەنجەی (نالی) زۆر تر لەسەرە وەك لەوەی ( کەمالی ) خۆی باس ئەکات نەك خوانەخواستە کەم کردنەوەی دەوری شاعیرێتی و زەبرو ڕەنگدانەوەو جێ پەنجەی (سالم و مەحوی و حەمدی و ناری) لە سەر

شیعرو ئەدەبی کوردی چونکـە هەر یـەکە لەوانـە لووتکەیـەکی جیاوازو سەربلندی خۆیەتی‌و دنیـای ئەدەب‌و شـارستانێتیی نـەتەوەی کـوردیان دەوڵەمەند کردووە ، بەلام ئەم کارتێکردنەی (نالی) وەك ووتم هەرچەندبێ ئەنجامەکەی لای « کەمالی » بەوە شکاوەتەوە کە ( کەمالی ) لە ئیشەکەدا خۆی ئاسایی رەفتاری کردووەو بۆن‌و بەرامەی سەلیقەی شیعری کردووە بەهەوێنی ئەو شیعرانە ..

بێجگە لە ئەو جێ پەنجەیەی (نالی) بەسەر شیعری ( کەمالی ) یەوە کە (نالی) وەك دیاردەیەکی زۆر زەق‌و ئاشکرا ، لای هەموو شاعیرەکـانی دوای خۆی ئەم رەنگدانەوەیەی هەیە تاك‌و تەرای بەیتەکانی ( کەمالی ) هەندێ جێ پەنجەی (بێخودو ناری‌و مەحوی) یشی تیایە ... بۆ ئەمـەیان ئەڵێم : ئەم دیاردییەی کار تێکردنە سەر یەکتریە نەك هەر لای ( کەمالی ) هەیە بەڵکو لە نێوان هەموو شاعیرانی سەربەیەك قوتابخانەی شیعری هەیە لە هەموو دنیادا بەلام مەسەلەکـە لێرەدا پـەیوەنـدی بە چـەندێتی ئـەو کارتێکردنەو رەنگدانەوەیە هەیە . ئەمانەو ئەگـەر سەر ژمێـرێکی گشتی لایەنی ناوەرۆکی شیعری ( کەمالی ) بکەین زۆربەیان شیعری دڵداری و جوانین ... شیعری هەستی گریاوی ( کـەمالی )ن بـەرامبەر بـەو کڵپەو سەودا هەمیشەییەی بۆ عەشق‌و روخساری جوان هەی بووە ... شیعری دۆش دامـان‌و چۆك دادانـە لە بـەردەم هـەمـوو جـوانییـەکی مـرۆڤ‌و سروشتدا ... شیعری ژیانێکی قەلەندەرایەتی‌و سەرهـەڵگرتنـە لە دنیای پـارەپەرستی‌و ڕیـایی‌و چەوسـاندنـەوەی مرۆڤ - ( کـەمالی ) هـەرگیز لەپشتی شیعرەوە چاوەڕوانی خـەلاتی بەرامبـەرو دەستگیرۆیی کـەسی نەکردووە . ئەو هەندە شیعرانـەش کەلەبـۆنەو لەسـەر خواستی خـەڵك ووتوونی لەپشتی ووتنەوەکەوە قازانجێکی مادی‌و تایبەتی تیا نەبووە ، تەنیا قناعەتێکی تایبەتی ( کەمالی ) بوون ، بەرامبەر بەو بۆنەو شتە جوانانەی لەو کەسەدا بوون .

شیعری بۆ بەختەوەریی مرۆڤی کورد ووتووە ... مرۆڤی کوردی هان داوە نیشتمانی خۆی خۆش بوێت و پشت نەکاتە بەرژەوەندی گەل .

ئێستاش ئەگەر پەنجە بۆ هەندێ لایەنی شیعری ( کـەمالی )[١٢] بـرابێ ئەمێنێتەوە سەرئەوەی کە « کەمالی » لە ڕێگای شیعرەکانیەوە بناسـین . پێش

هەموو شتێك ( کەمالی ) شاعیرێکە لەبەرەی گەلە . لای ( کەمالی ) هەموو شتێك لە پشتی گەلەوە ڕسوایی و خۆدوڕاندن و سەرشۆڕی یە . ئنجائەگەر ئەم لایەنەی ژیانی ( کەمالی ) وەکو دیاردەیەك لە شیعرەکانیا : لەچاو یەکێکی وەکو ( حەمدی )دا کەمتر ببینرێ ئەوا هەڵویستی سەرتاپای ( کەمالی ) ئەوە ئەگەیەنێ کە هەموو تەمەنی خۆی لە پێناوی بەختەوەری نەتەوەکەیدا بەسەر بردوە ، لە هەر شوێنێ تروسکەیەکی بۆ چارەنووسی کورد بەدی کردبێ شوێنی کەوتووەو بۆی ماندوو بووە ، دیارترین تروسکەیەك کە ( کەمالی ) زۆر بۆی پەرۆش بووە تروسکەی بزووتنەوەکانی « شێخ مەحمودی نەمر » بووە چونکە دڵنیابووە لەوەی ئەو بزووتنەوەیە سەرەڕای هەموو ئەو وردە شتانەی کە دوژمنانی کورد ، لەپاڵیا نوقورچی پێ لە « شێخ » ئەگرن و هەمیشە پاشقول و پیلانیان ئاراستەی ئەو تروسکەیە کردووە ( کەمالی ) بە پشوویەکی درێژو وورەیەکی بەرزو چاوێکی تیژەوە دڵنیابووە لە پاکێتی و دڵسۆزی « شێخ »ی نەمر. بە جۆرێ پشتگیریی کردووە کە دوای مەرگی « شێخ » یش ڕەخنەی لێ نەگرتووە . لە تەنگانەو خۆشیدا پشتی بەرنەداوە، چونکە زانیویێتی کوژانەوەی ئەو تروسکەیە کڵۆلی و پەرێشانیی گەلی کوردی لەدواوەیە ..لەم مەیدانەدا بەرێز دکتۆر : « عیزەدین مستەفا ڕەسول » ئەڵێ : (هەرچی هەڵویستی پیاوانی وەك کەمالی و ئەحمەد موختار جاف و ڕەفیق حیلمی - یە هەڵوێستی پیاوی نیشتمان پەروەرە هەست بە مەسئولیەتکەرێ ئەوتۆیە کە بۆ چاکەی گەل و نیشتمان چاویان لەهەموو ئازارو باری تایبەتی خۆیان پۆشیوەو لە گوڵ ناسکتریان بە « شێخ » نەووتووە[١٣] .

ئەمەی ( کەمالی ) لەم ڕووەوە کردوویەتی لە جێی شانازی ئەدەبی کوردییە کە سەرتاپای ژیانی خۆی و ئەدەبەکەی لە پێناوی خزمەت گوزاری و بەرژەوەندی گەل دا بووە ... بە پێچەوانەی ڕای ئەو هەرزە خوێندەوارانەی کە ئەڵێن :

« شاعیرانی کلاسیکی کورد ، شاعیری دەرباربوون» ... بەڵام ئەبێ ئەو جۆرەکەسانەو هەموو دڵسۆزان بزانن کە ( کەمالی ) و شاعیرانی (پێش ( کەمالی )یش لە سایەی هیچ (دەربار)ێکی کوردو غەیری کورددا، پلەو خەڵاتیان نەدراوەتێ بەڵکو وەکو هەموو خەڵکە ڕەشۆکی و سادەکە ژیاون و لەگەڵ بەختیاریی خەڵکدا بەختیار بوون و لە تێکشکانەکانیشیاندا ئاوارەو دەربەدەر بوون ...لەوانەیە لە بەرامبەر ئەم ڕایەدا ئەو هەرزە خوێندەوارانە بڵێن : ئەی بۆ

(سولّتان عەبدولحەمید ) مووچەی بۆ (مەحوی) بڕیوەتەوە ؟ وەرامەکەی ئاشکرایە، مووچەشی لیّ وەربگریّت بەهۆی پلەو پایەو بەرزیی (مەحوی) خۆیەوە بووەو بەرامبەر ، بەو مووچەیە ، ڕۆژیّك لە ڕۆژان پشتیان نەکردوّتە گەلی کورد ، ئەگەر (وەفاییو ناری) شیعریان بۆ (شیّخ عوبەیدوڵلای نەهری)و شیّخەکانی (بیارەو تەویّلە) ووتبیّ - ئەنجامی پایەبەندبوونی ئەو شاعیرانە خۆیان بووە بەو تەریقەتو ڕیّبازە ئاینییەوە کە شیّخەکە پەیڕەوی کردووەو ئەمانیش هەر لەبەرەو ناوجەرگەی گەل دان ...

ئەو هەرزە خویّندەوارو ڕەخنەگرە دوّڕاوانە بیر لەوە ناکەنەوە کەبەم کارە خۆیان ئەکەونە بەرەی ئەوبەری گەلەوە ... چونکە بەوەشەوە ناوەستن کە ئەدەبی کوردی (لەکە) داربکەن ، بەزەڕەبین ئەگەڕیّن بەدوای ووردترین گەردو خەوشی خەڵکی وەکو « شیّخ مەحمودی نەمر» دا ، ئەوەتا تازە بەتازە پاشقولی لیّ ئەگرن و شانۆگەری پڕ پاشقولو نوقورچی لەسەر ئەنووسن . لیّرەدا پرسیاریّکی زۆر ئاسایی دیّتە ئاراوە ئەگەر بلّیّین :

ئەی باشە ئەگەر گەلی کورد شانازی بە (ئەحمەدی خانی) و (نالی) و هاوڕیّکانیو خەڵکی وەکو « شیّخ »ی نەمرو ڕووباری « سیروان»و « هەندریّن » وقوڕو چلپاوی ئەم نیشتمانەوە نەکات ، شانازی بە چیەوە بکات ؟

دیارە پەیوەندی (شیّخ)ی نەمرو ( کەمالی ) ڕای کیّشاینە ئەم باسەوە ئەگینا هەر لەو هەلّویّستەی ( کەمالی ) یەوە ئەو شانازیەمان کرد بەم شاعیرەوە کە لە ژیانیّکی ڕەندو قەلەندارانەدا لەگەلّ میللەتەکەیدا ژیاو ، دوور لە ڕیاو ستایشی چەوسیّنەرو قامچیو چەقۆوە ، مەرگیّکی پڕشانازی کردو ، بەومەرگەی ( کەمالی ) دوا چۆڕی بنەماڵەی شیعری کلاسیکی کوردی - شیّوەی سلیّمانی - کۆتایی هاتو بەو کۆتاییەی خۆیان ، کەلەپوورو سامانیّکی نەتەوەییی نەمریان بۆ ئیّمە جیّ هیّشت .

## پەراوێزەکان :

١ - (دیاری شارەزوور) چاپخانەی - ژین - ١٩٦٦ - سلێمانی .
٢ - (باخچی میر) چاپخانەی - ڕاپەڕین - ١٩٦٨ - سلێمانی .
٣ - (گوڵ دەستەی شوعەرای هاوعەسرم) چاپی دووەم - چاپخانەی ڕاپەڕین ١٩٦٩ .

٤ - لە پێشەکی چاپی دووەمدا ئەمەی نووسیوە : لەیەکەم چاپ کردنی ئەم گوڵدەستەیەیدا پیرەمێرد - ی نەمر ووتی : من تێ چێنی ئەکەم « ئەمین زەکی بەگ . ڕەشید نەجیب ، عەبدولواحید نووری ئەفەندی » خستەناو گوڵدەستەکەمەوە بەڵام بۆ جاری دووەم نەم خستەناوی ، چونکە ئەوان هیچ دیوانێکی شیعرییان نیە تامن لەم گوڵ دەستەیەمدا بەشاعیریان بدەمە قەڵەم .

٥ - (شاعیرە ناو وونبووەکانی کورد) سلێمانی - چاپخانەی ڕاپەڕین ١٩٧٣ .
٦ - گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە (ساڵی - ) .
٧ - ڕۆژ نامەی « بانگی کوردستان » یەکێکە لە ڕۆژنامە هەفتەییەیە پێشکەوتووەکانی ساڵانی بیست، خاوەنی ئیمتیازو بەرپرسیارو سەرنووسەری - مستەفا پاشا یامولکی - و دەستەی نووسەرانی : رەفیق حیلمی ، و عەلی کەمال و م. نووری (شێخ نوری شێخ صالح) بوون ، هەتا ژمارە (١٤)ی لە سلێمانی دەرچووە چونکە دوای تێکچوونی حوکمداریتی (شێخ مەحموود) بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکە ویستوویانە لەو ڕێگایەی بۆی دانراوە لابدەن و بە ڕێگایەکی چەوتی دوور لەهیواو ئامانجی میللەتی کورد ببیەن بەڕێوە ، دوای ژمارەی (١٤)ی (٣) ژمارەی تریشی لە بەغدا لە لایەن دەستەیەکی ترەوە لێ دەرچووە .

٨ ـ دیوانی نالی ـ مەلا عبد الکریمی مدرس لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد ل .٩١
٩ - هەمان سەرچاوە .ل ٣١٠
١٠ - هەمان سەرچاوە .ل ٨٦
١١ - هەمان سەرچاوە .ل ١٠٨
١٢ - لەم چەند قسەیەدا لەسەر شیعری ( کەمالی) ئەگەر بۆ نموونەو بەڵگە هێنانەوە شیعری (کەمالی) خۆیمان نەنووسیبێ لەبەر ئەوە بووە کە سەرجەمی شیعرەکانی شاعیر لە بەردەستان و لەم ڕووەوە بە چاکم زانیوە ئەو شتە بکەم تا خوێندەواری خۆشەویست خۆی بەدوای ئەو بەڵگە شیعرییانەدا بگەڕێ .
١٣ - رۆشنبیری نوێ ـ ژمارە (    ) .
١٤ - دیوانی ناطیق ساڵی ١٩٧٠ چاپ کراوە .

# ئەلف

- ١ -

یــار وەفــادارە لە گــەڵمــا چــۆن جــەفــاکــاری ئــەکــا
ئیشی بــەدکــارە کــە جــار جــار فێــری بێ بــاریی ئــەکــا
ڕەحمی پێ کــردم دڵی ســووتــا کــە دی ئــەگــریم نیگــار[1]
مــوعجیزەی عــەشقە کــە زاری کــاری زۆرداری ئــەکــا !
میــری خــاوەن حــوسن‌وجــوانــی زۆرە لەم دنیــایــەدا
یــاری من شــاهێکــە داوای تــەختی خــونکــاری[2] ئــەکــا
بــۆ عیــلاجی دەردی من هیچی نــەکــرد لوقمــان ئــەوا
دولبــەرم ئێستا بــە گــوڵ شــەکــری دەمی چــاری ئــەکــا
چــاوی یــارم چــونــکــە بــیــمــارە دڵی دێــوانــەکــەم
وا لە عــەشقی ئــەو هــەمیشــە حــەز بــە بیمــاری ئــەکــا
مــەی بخــۆ مینبــەر بســووتێــنــە مــەدە ئــازاری دڵ
(شێخی شیــرازی) وەهــا مــەنــعی دڵ ئــازاری ئــەکــا
بێ ئــەدەب نــابــم لە لام وایــە ئــەگــەر هــات‌و بڵێــم
ئــەی « کەمــالی » شیعرەکــانی من لە هی « ناری » ئــەکا

---

(١) ـ نیگار : یار . بەمانای نەقشی جوانە .
(٢) ـ خونکار : پادشا . لە ئەسڵا (خوداوەنگار)ە ، زۆردار. بە تەوری‌یە مانای خوێنڕێژیش دەگەیێنێ.

*** *** ***

ـ٢ـ

سـەیـریکـەن هـێنـدە وەفـادارە نـیگـارم دائـیمـا
هـەر بـەنـوقـڵی لێـوی مـنـداڵی دڵی مـن ژێـر ئـەکـا
دەوری ڕووی داوە خـەتی ڕێحـانـی یـارم پێم ئـەڵێ :
حـاشیـەی بیضـاویـە ئـایاتی ڕووی تـەفسیر ئـەکـا

ـ ٣ ـ

گـەر لەبـاخی ئـەستـەمـووڵو پـاریسـابم پـەشمـە لام
دڵ هـەمیشە هـەر هەوای گـوڵ گەشتی بـاخی میر ئـەکا

ـ ٤ ـ

## شیوەن بۆ شاعیری بەناوبانگ
## « ئەحمەد موختار بەگ »ی عثمان پاشای جاف

دیسـان فـەلەك ئـەم داخـە چ بـوو نـای بـە جگـەردا
ئـەم ئـاگـرە چـیبـوو لەدڵی عـالەمـی بـەردا ؟
دیـسـان چییـە ئـەم شـۆرە لەنـاو میللەتـی کـوردا
عـالەم هـەمـوو غـەرقـە لەقـوڕو شـینو چـەمـەردا[1]
من دیـومـە لە خـاك دێتـە دەرێ گـوڵ بـە بـەهـاران
بـۆچـی گـوڵی مـاتـە ؟ لە ژێـری گـڵو بـەردا
هـەنگامی خـەزان[2] فـەسڵو دەمی کـۆچی گـوڵانـە
بـەم فـەسڵی بـەهـارە گـوڵی مـن وا لە سـەفـەردا

---

١ ـ چەمەر : ئاڵقەبەستن بۆ شین
٢ ـ خەزان : پاییز

ئـەو خوسـرەوە وا حـاتـەمی تـەی بـوو بـەسـەخـاوەت
ئـەو ڕۆسـتـەمـە وا شێـری ژیـان بـوو لە نـەبـەردا[٣]
سـەیـری کـە چلۆن چـەرخی فـەلەك دەربـەدەری کـرد
کـوژرا بـە غـەریـبـی لە کـەژو کـێـوی (نـەوەر) دا[١]
زانیم کـە کـوسـووف[٤] ئـەبێ ڕۆژی هـەمـوو جـافـان
من ئـەو شەوە گـەردوون کە خـوسـووف[٥] بـەقـەمـەردا
ئەی سەروەری عـالی‌نەسـەب ! ئەی ئـەحمەدی مـوختار
بـۆچ خـوێنی شـەریـفت بـە هـەوادا بـە هـەدەردا !
سـەیـریکـە ئـەڵێـی خـوێـنـی ڕژاوی گـەشی تـۆیـە
« سیـروانی سروشکم[٦] کـە ئـەکـا هـاژە لە سـەردا »[٢]
هـەر چـەنـدە کـە ڕۆیشتی بـەڵام زیکـری جـەمـیلت
ویـردی دەمـی کـوردانـە لەشـامو لە سـەحـەردا
ئـەو نـاوە بڵنـدەی کـە بـەجێت هێـشتـووە بێ‌شـك
ئـەیـنـووسێ مـوئـەڕڕیـخ لە تـەواریخـی بـەشـەردا
نـابـڕێـتـەوە خـوێنـت بـووەتـە خـوێنـی سیـاوەش
مـەنـقـووشـە جـەمـالت لەدڵ و فـیـکـرو نـەزەردا
تـەئـریـخی وەفـاتـیم لە خـیـرەد پـرسی گـوتی پێم :
جێی عـەدنـە ئـەوو ئێمـەیی جێ هێشت لەسـەقـەردا

---

٣ ـ نەبەرد : شەڕ بەمانا (ئازا)یش دێ .
٤ ـ کوسووف : ڕۆژ گیران
٥ ـ خوسووف : مانگ گیران
٦ ـ سروشك : فرمیسك

---

(١) نەوەر: ناوی ئەو شاخەیە کە لە تۆیکیا «ئەحمەدموختاری) تیا کوژراوە.
(٢) ئەم نیوە شیعرە هی شاعیری ناسراو (تاهر بەگی جاف)ی برای (ئـەحمەدمـوختار)ە کەئەمیش هەر بەبۆنەی کوشتنی (ئەحمەدموختار)ەوەوتوویەتی. نیشانـەی ئەوەشـە کە (ئەحمەدبەگ) لەنزیك سیروانەوە کوژراوە.

*** *** ***

ـ ٥ ـ

**« گۆران » ی شاعیریش کە ئەم شیوەنەی « کەمالی »**
**خوێندۆتەوە ئـەم دوو دێڕە شیعرەی بۆ « کەمالی » ناردووە .**

ئەی کاکـە کەمـال ! شاعیـری خۆشخـوانی هونـەرمەنـد
بلبـل نیـە، تـۆی تـەیـری تـەڕەننـوم لە سـەحـەردا
دەك خـۆش بێ دەمو پـەنجـەوو نـووکـی قـەڵەمی تـۆ
بـۆ دادێ کـەدات کـاکـە: لەمـەیـدانـی هـونـەردا

ـ ٦ ـ

وام ئـەزانـی چـاوەکـەت تـەنهـا دڵو گیـانم ئـەبـا
کـافـرە ئـێستـا خـەریکـە دینو ئـیمـانـم ئـەبـا
مـوسحـەف ڕووت ئـاشنـای کـردم بـە ئیسـلامی کـەچی
کـوفـری زوڵفت ئێستـە وا بـۆ کـافـرسـتـانم ئـەبـا

*** *** ***

- ٧ -

## بەغداد - تەمووزی ١٩٧٢

شیعـرەکانی تـۆ « مە هـین بانـوو » دڵی من شاد ئـەکا[1]
ڕۆژو شەو من عەشقی شیعـرم تاکـو بێ هەر زیـاد ئەکـا
نـەمئـەزانی من لەعـەسـری بیسـتـەمـا چـەرخی فـەلەك
سەرلەنوێ « مەستوورە » یێکی چەشنی تۆ ئیجاد ئەکـا[2]
« ماهـ شەرەف » وون بووبوو چابووتۆکەزیندووت کردەوە
ڕۆحی ئـەو لە خـودا دەوامی عـومـرت ئیستمـداد ئـەکـا
من دڵم فـەوتـاوو پیـرە عـومـری سـەد سـاڵە کـەچی
عـەشقی شیعـرت تـازە دیـوانێکی لێ بـوونیـاد ئـەکـا
شیعـری سـووزانت دڵو جـەرگی منی سـووتـانـدووە
عـەهدی عـەدڵو دادە ئەو ئێستـاکە بـۆچ بێداد ئـەکـا !
تـۆ لە کـوێستـانیت لە «ئـاویـدەر» بـە خـۆشیوا ئـەژیت
خـۆ کەمـالی شەڕ لەگـەڵ گەرمـاو گڕەی بـەغـداد ئـەکـا

---

(١) ، (٢) مەهین بانوو، مەستوورە،ماهـ شەرەف خانم - لەئافرەتە شاعیرەکانی کوردستانی ئێرانن.

*** *** ***

- ٨ -

## دنيا

وەكـــوو زوڵفی بتــان شێـــواوە حـــاڵی دەرهـــەمی دنـــیـا
هـــەمـــوو كـاتێكی مـــەحكـــوومی نـــەمـــانـــە عـــالەمی دنيـا
دەوامی هيــچ نييــە هـــەر ڕۆژە جــۆرێكــە ئــەگــۆڕێ زوو
لە لای زانـــا وەكـــو يـــەك وايـــە شـــادیو مـــاتـــەمی دنيـا
ئـــەوی دانايـــە وەك يـــەك وايـــە لای ئيقبـــاڵو ئيـــدبـــاری
قـــەراری هيـــچ لەســـــەر بـــاریٚ نييـــە زۆرو كـــەميی دنيـا
ئەگەر شەكرت بـداتێ ژەهری تێـدايە نـەكەی بيخـۆی !
دەخيلم خـۆت بپـارێـزە لە شـــەهدی پڕ (ســەم)ی دنيا
كـــەمن ڕەندو قـــەلەندەر مـــەشرەبم فـــەرقی نييە هـــەرگيـز
لەلام هـــەر وەك يەكـــە كاســـەی كەلو جامی جەمی دنيـا
ئـــەگەر ئـــەهـــلی دڵی تـــۆ گـــوێ لەنـــاڵەی ســـازی دڵ بگـــرە
« كـــەمـــالی » گـــوێ مـــەدە ئـــاوازەيی زيـــلو بـــەمی[١] دنـــيـا

- ٩ -

بـــاكم نييـــە ئـــەم چـــەرخـــە بـــڕوخیٚ كـــە بـــەســـــەرمـــا
دنـــيـــا هـــــەمـــــوو بـــیٚ بـــايـــەخ و قـــــەدرە لە نـــەزەرمـــا
هيـــوای نييـــە هـــەرگيـــز نـــەبـــە دنيـــاو نـــە بـــە عـــوقبـــا
كـــەی عـــاشقی شـــەيـــدا بـــەتـــەمـــای ســـوودو زەرەرمـــا ؟
تـــۆ ڕۆحمی بـــۆيـــە كـــە ئـــەڕوی دەس بـــەجیٚ ئـــەمـــرم
گـــەر بـــێـيـتـــەوە ڕۆح دێـــتـــەوە دووبـــارە بـــەبـــەرمـــا
دائيـــم لەســــەری ڕێـگـــەكـــەتـــا كـــەوتـــووم ئێـــســـتـــا
بـــەو هـــۆيـــە كـــە ڕەحمت بیٚ بنێیپـێيە بـــە ســـەرمـــا
جـــەرگو دڵی خـــۆم كـــردووە بـــە شـــابـــاشی بـــەری پێت
بـــۆ وەی كە فيـــدای تـــۆ ببیٚ هـــەر نـــووری بـــەســـەرمـــا
تـــۆی مـــايـــەيی ئيلهـــامـی قـــەســيـدەو غـــەزلی مـــن
بیٚ تـــۆ نـــە قـــەســيـــدە نـــەغـــەزل مـــا نـــەهـــونـــەر مـــا

(١) زيل (زير): دەنگی بەرزو باريك كە لەتاری مۆسيقا وە بێت (بەم)ە بەرانبەرەكەی.

*** **** ****

- ١٠ -

بە نیشتەر هەڵدڕی دڵ گەر هەمیشە یادی تۆ ناکا
وەکوو تووتی بەرامبەر ئاوێنەی ڕووت گفتوگۆ ناکا

بە ساردی مەیلی دولبەر یەك کەڕەت سووتا ڕەگ و ڕیشەی
نەمامی ئارەزووی عاشق هەتا مردن چرۆ ناکا

ئەوەندە نەگبەتم گەربێ و بگاتە دامەنی دەستم
وەکوو [فٚدار] ئەبێ ئیفلیج و لەرزەی دێتێ گۆ ناکا

ئەوەی نەشئەی لەبۆنی زوڵفی تۆ وەرگرتبێ گیانە !
ئیتر شەوبۆ و وەنەوشەو سونبول و ڕێحانە بۆ ناکا

بەڕاستی واریعە زاهید هەتا حەزکەی تەماشاکە
بەڵام وەختێ کەبێتە باسی پارە پف لە دۆ ناکا

ئەوەندە شێتە سۆف ڕووئەکاتە تاقی خشت و گڵ
کەچی وەك من (کەمالی) ڕوو لە میحرابی برۆ ناکا

- ١١ -

دڵی زویـــرم لە حــەلقــەو پێــچو تــاوی زوڵفی زنجیــزا
خــەلاسی بوو کــەچی دوایی بەقــوللابی مــوژەت گیــرا
بــەئیما گفتــوگۆی دائیم لەگــەڵ ئــەهــلی دڵە ئــەبــرۆت
مەحاڵە کەی بووە خــاسسی‌یەتی بێ تــەل لەشمشیرا !
ئەگەر سڕڕی دەمی تۆ تێ‌بگەن ئەم خەڵکە هەروەك من
نمــەك تێکەڵ ئــەکەن دائیم لەپێکی شــەککــەرو شیــرا
لەخەوما ئاوی سەرچاوەی ژیانم نۆش ئەکرد ئەمشــەو
شوکور سبحەینێ دیم ماچی دەمی تــۆ بوو لەتــەعبیرا
منو جــامی شەرابو زاهیــدو ئەنــدێشەیی کــەوســەر
بە دەستی کەس نییە حوکمی قەڵەم وابوو لە تــەقدیــرا
بە خەتتی تێ مەگەن ئــاهــ و هەنــاسەی عــاشقی زارە
عــورووجی کردووە وا مــانگی ڕووی ئەو دلبــەرە گیــرا
بە یادی تووتیِ‌گەوهەربــاریِ ئــەو دائیم غەزەل خــوانم
سەبا پێشکەش بکە عەرزم لە خزمەت حەزرەتی میرا(١)

---

(١) حەزرەتی میر: مەبەست لەشاعیری ناسراو (ئەحمەد حەمدی بەگی ساحێبقران)، کە لە ساڵی [١٩٢٥] دا ئەم شیعرەی خوارەوەی بۆ (کەمالی) ناردووە:

بەستەیی زنجیری زوڵف و داخداری(١) خاڵتم
ئەی سەنەم شێتی زڕەی پاوانەوو خرخاڵتم
کۆهکەندێکم لە کێوی بێستوونی ئولفەتا
دائیمەن شیرین مەزاقی باسوقێکی تاڵتم
بیتە عەنقایێ لە ئەوجی سووتنا پەروانە تۆ ؟
بۆ حوزووری شەمعی مەجلیس گەر بچیت شەهباڵتم
بەسمە ساقی گەردنی میناوو لیوی جامی مەی
من کە شێتی گەردنی بێگەردو لێوی ئاڵتم
گەردی من بۆ سوورمەیی دیدەی غەزالان دەست ئەدا
چونکە کوشتەی تاقی ئەبرۆوو دوو چاوی کاڵتم(٢)
باری میننەت تا قیامەت ئەهلی دڵ هەڵناگرێ
بۆ بەهەشتی وا دەزانێ زاهیدا حەمماڵتم
تۆم لە پاسەنگی سەبوك مەغزانی عەسرا دانەنا
من بەنەقدی لەفزی شیرین موشتەری مسقاڵتم(٣)
قەت بە حاڵی دانەناوە « حەمدی » ژیانی بێ کەماڵ
ئەی « کەمالی » بێ مرووەت سەیری چەند بێ حاڵتم !

---

(١) ئەم قەسیدەیە لە دیوانی «حەمدی» دا بە پێی دارشتنی لەسەرهووف ئەبجەد بەر حەرف «م» کەوتووە لەلاپەرە «٢٩٨»دا.

(٢) لە دیوانەکەی (محوی) دا ئەم بەیتە بەم جۆرەیە

گەردی من بۆ سورمەیی دیدەی غەزالان دەست ئەدا
چونکە کوشتەی ناوکی موژگانی چاوی کاڵتم.

*** *** ***

خـەتتی دا ڕوومەتی ئـەی ماڵی وێـرانم قـەمـەر گیـرا
بەتیپی جەیشی هیندی کەعبـە وا بێ شۆڕو شـەڕ گیرا
دڵی بـردم بەنـاز ئەو چـاوە مەخمـوورانە سـەرسـامم
بە ئاسك بەچچەیەك چۆنوا بە سەهلی شێری نەڕ گیرا
نەبوو هـەرگیز دەوای دەردی دڵم تـا یاری بێ ڕەحمم
ئیجـازەی دا لە لێوی بـۆ عیلاجم گـوڵ شەکـەر گیـرا
لە پێـچو تاوی داوی زوڵفی یـارا حەپسـە گەر عـاشق
شـەهی ئیقلیمی هیندە وامـەزانـە بێ سـەمـەر گیـرا
لە سینەم دا دڵم بەینێ بوو وون بوو بێ سەرو بێ شوێن
لەکـۆی ئەو دلبـەرە بێ ڕەحمەدا دوایی بـەسەر گیـرا
شکـا بازاڕی قـەندی میسـرو بەلچیکـا لەنـاو کـوردا
لەشیعری تۆ (کەمالی) شەککەرو قـەند هێنـدە وەرگیرا

---

(١) سەبوك: سووك.
(٢) ئەم دێڕە لەدیوانەکەی «محوی» دابەم جۆرەیە.

من بە لەفظی نەقدی شیرین مشتەری مسقاڵتم.

*** *** ***

## - ١٤ -

چاوی خوێن ڕێژت بەقەتڵی عاشقان ئیما ئەکا
مەستو خوێنڕێژە عەجاییب شۆڕشێ بەرپا ئەکا !

تیپی برژانگت بە وێنەی لەشکری هیندو حەبەش
هێرشی هێناوە بۆ سەر مولْکی دڵ دەعوا ئەکا

تیغی ئەبرۆی تۆ هەمیشە قەتڵوعامی خەڵك ئەکا
هەر منی سەودازەدە لەم لوتفە موستەثنا ئەکا

لوتفو قەهری هەردوو وەك یەك عەینی لوتفو ڕەحمەتە
ئەو نیگارە دەرهەقم هەرچی بفەرموێ چا ئەکا

بۆ جنێوو قەهرو لێدانت موتیعو حازرم
دڵ ئەگەر سەرپێچیی ئەمرت بکا بێ جا ئەکا

تا (کەمالی) خاکی ئەو دەرگایە بۆتە مەسکەنی
ئیکە هەر یاری بە تەختی خوسرەوو دارا ئەکا

- ١٥ -

ئەزانی بۆچ فەلەك گەردوش بەكامی ئەهلی دڵ ناكا
بەبێ ئەمرو مەرامی پیاوی دوون قەت گەردو خول ناكا

شتی خۆماڵی هەر بێ قەدرە گەر ڕاستت ئەوێ بەخوا
هەزار (قۆڵۆنیا) لام قیمەتی دەنكێ (سمڵ) ناكا

دڕك خۆ پاسەوان و هاودەمە دائیم لەدەوری گوڵ
سەرم سوڕماوە بۆ بولبول پەرستش بۆ چقڵ ناكا ؟

غەزالەی دەشتی چین وەحشن لەگەڵ كەس ناگرن ئولفەت
فیدای كارئاسكەكەی سەحرای (هەڵەبجە)م من كە سڵ ناكا

ئەزانێ ڕۆژی عاشق ڕەش ئەبێ وەك بەختی بەرگەشتەی
نیگاری دیدەكاڵم بۆیە چاوی فێری (كل) ناكا

ئەوا جەژنە هەموو كەس دەس لەمل یارن بەدڵشادی
بەتەنها یارەكەی بێ ڕەحمەكەم دەستم لەمل ناكا

بە لوقمان و ئەرەستۆ ناكرێ چارەی هەتا مردن
بە غەیرەز ماچی لێوت كەس عیلاجی دەردی دڵ ناكا

ڕەقیب وەك سپڵی لاوورگە بە خەنجەر بیكوژن ئامان
بەغەیری زەربی خەنجەر هیچ شتێ چارەی (سپڵ) ناكا

نەوەك بەربێ لەدوایی پەرچەمی لوولی دڵی عاشق
(كەمالی) بۆیە یارم پەرچەمی خۆی خاوو شل ناكا

- ١٦ -

چەرخی کەچڕەو ئیشی سەیرە چاوەڕوانی هەل ئەکا
دائیما کاسەی سەری کیسرا بە کاسەی (کەل) ئەکا

کاری دنیا ئێستە گۆڕاوە هەمووی تێ ئەفکرم
مەشقی نووسین هەر بەکوێرو غار بەئەسپی شەل ئەکا !

فیکە گەر دائیم برای بێت لێرە وا لەم عەسرەدا ؟
کەشفی زەڕاتیش بە چاوی خێلی مام ئەحوەل ئەکا

سەر لەعالەم هێندە شێواوە ئەبینم جاهیلێک
نوتق ئەدا عەینەن لە میستەر (ئێدن) و (چەرچڵ) ئەکا

من لەبیرم دێ کە تووتی خۆشەویست بوو سەیر ئەکەم
عاقڵی ئەم دەورە ئێستا حەز لەبوومو قەل ئەکا!

مامە ڕیوی لاف شێری لێ ئەدا کەیفی هەیە
شێری نەڕ وەك ڕێوی ماتە چاوەڕوانی گەل ئەکا

ئەم جیهانە سینەمایە دێتو ئەڕوا زوو بە زوو
شێتە هەرکەس یادی مازیو باسی موستەقبەل ئەکا

- ١٧ -

ئەگەر غەم بێت بەجارێ هۆش و فامم یەك کەرەت لابا
بە چاوی تۆ قەسەم مەیلت لە دڵما زەرە لا نابا
لەمەستان هەقیەتی تانە بدات سۆفی کە نەیدیوە
شوعاعی عەکسی ڕووی دلبەر لەپێکی بادەیی نابا
ڕەواجی میسکی چین یەکجاری ئەشکێ کەم ئەبێ نرخی
ئەگەر بۆنی لەچین و پەرچەمی ئەو شۆخە بیبا با
لە قیبلە ڕووی بە جارێ وەرگەڕان بێ ئیختیار ئەمڕۆ
کە زاهید ڕووی نیگاری نازەنینی دی لە میحرابا
بە جارێ ڕۆژی ڕووناکم لە بەرچاو بوو بە شەو ئەمڕۆ
کە دەستی ئەو نیگارەمدی لەدەس بەدکاری سەگ بابا

- ١٨ -

ئەگەر تەشریف بهێنیت نایەڵم پێ بنێیت بەسەر خاکا
گوڵ و ڕێحانە و نێرگس ئەنێژم من لەسەر ڕێتا ،
لەبەر پێی پادشادا مەڕ سەڕ ئەبڕن خەڵکی بۆ حورمەت
ئەگەر ڕحمت ببێ و بێیت خۆم سەرئەبڕم من لە بەرپێتا
بڵێ بەو باغەوانە کافرە با ڕێم بدا ، ساتێ
بگێڕم دەست لە باخی پرتەقاڵ و سێوو هەرمێتا
ئەگەر چی پیرم ئەمما ئەبمەوە لاوێکی تازەو جوان
لە باخەڵتا شەوێ گەر بمخەوێنیت تۆ لەناو جێتا

\- ١٩ -

## لە دووری یارم

لە دووریی یارم عاشق عەیبە خۆی دووچاری مـەینەت کـا
بەئاوازی سـەگی بەر دەرکـەکەی شـەرتە قـەناعـەت کا
هـەموو پـارچـەو پـەلێکی چمکی داوێنی نیگـار ئـەگـرێ
بە شمشێری برۆی لاشەی (کـەمالی) گـەر لەتو پەت کـا
ئـومێدی خێـرو خۆشی نـابێ هـەر گیـز عـاشقی شـەیـدا
ئـەبێ تا مـاوە خـۆی ئـامـادە بـۆ دەردو مـوسیبـەت کـا

\- ٢٠ -

نـەك بە تـەنیا سـەبرو هـۆشی عاشیقی مسکـین ئەبـا
ئـەو نیگـارەی کـافـرە ئیمـانو ئـەقـڵو دین ئـەبـا
تیـرە بـارانی کـە کـردم یـار بـە بـرژانگی ووتی :
ئەم شەهیدی عەشقە بۆ مەحشەر جـلی خوێنـین ئەبـا
بۆ تەوافی کەعبەیی ڕووی چـووم بە مـوشتاقی کـەچی
زوڵفی کـافر حسنی وا بـۆ منمـەحـاڵی چـین ئـەبـا ؟
پەرچەمی تاتای شکـاندی قـەدری شەوبـۆو یاسـەمین
پێکـەنینی حورمـەتی گوڵ شـەککەرو هـەنگوین ئـەبا
گـەر بچێتە سـەیـری گـوڵزارو چـەمـەن ئـەو دلبـەرە
ئابڕووی گـوڵخونچـەوو لالەو حەیـای نەسـرین ئەبـا
داستـانی عـەشقی یـاری من بـزانن خـەڵکی گـەر
زەحمەتە کێ ناوی عەشقی کـۆکەن و[1] شیـرین ئەبـا
شـاعیری کـوردە (کەمـالی) فیکری بیکـرو ووردی ئەو
وا ڕەواجی شیعـرەکـانی شـاعیـری پێشـین ئـەبـا

---

کۆکەن : فەرهاد

*** *** ***

- ٢١ -

وام ئـەزانی چاوەکـەت تـەنها دڵو گیـانم ئـەبـا
کـافـرە ئـێستـا خـەریکـە دینو ئیمـانم ئـەبـا
مـوسحەفی ڕووت ئاشنای کـردم بە ئیسـلامو کـەچی
کـوفـری زوڵفت دائیمـا بـۆ کـافـرستـانم ئـەبـا

- ٢٢ -

## ڕۆژی نەورۆزە

ڕۆژی نـەورۆزە کـە دنیـا پڕ لە سـازو سـۆز ئـەکـا
نێـرگـزو لالەو وەنـەوشـە ڕووی زەوی پیـرۆز ئـەکـا
پـەلکـەزێـڕینـەی بـەئـاڵا وا فـەلەك هـەڵ کـردووە
دای لەتـەپڵی هـەورو شایی پادشـای نـەورۆز ئـەکـا
تـا ئەبـەد مەمنـوونی لوتفی بای شـەماڵم چـونکـە وا
پـەرچـەمی ئـەو نـازەنیـە جـار بـەجـار ئـاڵۆز ئـەکـا
نـایەڵێت قـەت خانـومانمـان پاكو خـاوێن بێ ئـەبـەد
مـامـە ڕێـوی دائیمـە کلکی خـەریکـە تـۆز ئـەکـا
سـەد شوکـور ناچێ لە ئینسـان شکڵی هێنـدە بێفەڕە
سەیری کەن بەدکاری بێ پیر هەر لە گورگی بۆز ئەکـا
نەفعی شەخسی خۆی ئەگەر تێکەڵ نەکا مـەردە ئەوەی
خـزمـەتی بـۆخـاکی پـاکی نیشتمـانو هـۆز ئـەکـا

## ئەم دەمو لێوەی

ئـەم دەمو لێوەی لەباخـا دی کـە گـوڵ بـاوی نـەمـا
بولبولیش هەر ئەو دەمـە کەوتـە هەواو ڕەقس و سـەما

زوو لە دین لایدا بە جاریٚ سـوٚف بوو بـە ڕوٚژپەرست
ڕوٚژی لاجـانگی کەدی ئـەمشـەو لە پێچی پـەرچـەمـا

بێـرە سەرچـاوم سەفـاگـاهێکی خـوٚشـە گیـانـەکـەم
چی ئـەکەی هـەروای لەناو کڵپـەو بڵێسەی سینـەمـا

وا نـەزانی من نـەفـامم پـاسـەوانی دەرکـەکـەت
تـا ئەبـەد ناگـوٚڕمەوە قـوربان لەگـەڵ تەختی جـەمـا

نـایخەمـە سەرکـاغەز ئـەسڵا تـاکو مـاوم چاوەکـەم
نـاوی توٚ دەوران نـەکا بـا قەت لەدەم نـامـەحـرەمـا

بەرگی شاییم ویست لە چەرخی ئاسمان فەرمووی مەگەر
شێتی تـوٚ نـازانی من خـوٚم وام لەبـەرگی مـاتـەمـا !

حـاڵی شێـواوی (کـەمـالی) بـاش ئـەزانیٚ دلبـەرم
گـەر لەپـەروانـە بفکـریٚ شـەو لە ئـاقـاری شـەمـا

دەبێ قوڕکەم بەسەردا خەڵکە وا دیسـان نیگار ئـەڕوا
وەکـوو بولبـول بناڵم چـاکە چـونکە نـەوبەهـار ئـەڕوا

زوبانی لاڵ بێ بۆچ وا زوو خـورووسی سوبحـەدەم خوێنـدی
شەوی وەسلم بە سەرچوو مەوسمی بۆس و کەنار ئەڕوا

لەدێهـاتی ئـەبێ سـووچی چ دیبێ یـاری بێ ڕەحمم
کوتوپڕ وا کە زوو بێـزار بوو لێمـان ڕوو بەشـار ئەڕوا

بە پەیکـانی موژەی پێکـامی ئەو بێ ڕەحمـە وای زانی
کە تیری ڕۆستەمەو بـۆ دیدەنیی ئـەسفەنـدیار ئـەڕوا

ئەگەر مەردی لە ساردیی میهری دەهری دوون مـەبە عـاجز
زەواڵی دێ ئەمیش وەك بەفـرەکەی پێـرارو پار ئـەڕوا

(کـەمالی) بـۆ نیثاری مـەقدەمی جـانان تـەمـاشـاکـە
کە ئەشعارم دوڕو گەوهەر قەتـار ئەنـدەر قەتـار ئەڕوا

- ٢٥ -

چـونکه یـار پێی خۆشـه دڵ جەورو جـەفا داوا ئـەکـا
لوتفی نـاوێ لەو بـەخـەم وێـرانـەکـەی ئـاوا ئـەکـا
ئـەم کەژو کێـوانـە وا سـەریـان گـەیشتـوتـە فـەلەك
زەحمەتە دوژمن لە سـەر ئەم کێـوە چۆن مـەئوا ئـەکا
پیـاوو ئـەولادمـان لەڕێی زوحـاكدا کـوژران هـەمـوو
ئەم گەلی کـوردە لەپڕ هـەر« کاوە » یـەك پەیـدا ئەکـا

- ٢٦ -

## قووەت نییە مەیلت

قـووەت نـییـە مـەیـلت لە دڵی غـەمـزەدە دەرکـا
خـالق مـەگـەر ئـەم مـەیلە لەدڵ زێـرو زەبـەرکـا
جـیـا ئـەبنـەوە ڕۆحو دڵو ئـیمـانو خـیـرەد لێـم
ئـەو یـارە وەفـاکـارە ئـەگـەر عـەزمی سـەفـەر کا
سبحـەینێ کەوا جـەژنە کـەوای تازە ئـەکـەن خـەڵك
بـەو یـارە بـڵێن ئـەم غـەزەلە تـازە لە بـەرکـا
دڵ هێنـدە جـەفـای دیـوە لە کـوڵمو خـەتی دلبـەر
هـەقیـە کـە لە سـەیـری گـوڵو ڕێحـانـە حـەزەرکـا
ئـەو چـاوە فسـوونکـارە ببیـنێ وەکـوو مـن شێـخ
زۆر زەحمـەتـە تـا مـاوە ئیتـر تـەرکی نـەزەر کـا
هـەوڵو تـەقـەلا سـوودی نییـە مـەرد ئـەوەیـە وا
خـۆی دائیمـە تـەسلیمی قـەزاو حـوکمی قـەدەر کـا

فـەلەك نادا هـەتا ڕۆژی قیـامـەت مـەقسـەدی دانـا
ئـەوەی دانـابێ دامـاوە هـەمیشـە وا لە زینـدانـا
دەخیلم ئـەی سـەبـا تێکی نـەدەی لانـەی دڵی زارم
کـە ئێستـا وا لەنـاو پێـچو خـەمی زوڵفی پـەرێشـانـا
نیگـارم یا مـەلەك یاخـۆ پەری یـا حۆری‌یـە بێ شـك
مـەحاڵو سـەعبە حـوسنی‌وا تەجـەللا کا لە ئینسـانا
لە بـاخا پـەست ئەبێ بـۆ ئیمتحان و تـەجرەبـە ڕۆژێ
بەرامبەر کەن ئەگەر باڵات لەگـەڵ سەروی خـەرامانـا
لە دووریی تۆ هەمیشە شیوەنو زاری ئـەکەم قـوربان
ئەگەر چی وام لە ناو جەمعی پـەری ڕوویانی تـارانا(١)
لە ناو کوردی عێراقا ئـەی (کەمـالی) شیعری ڕەنگینت
ئەوەن مەرغووبە هـەروەك شیعری (قـائانی) لەئێـرانا

---

(١) ئەم غەزەلەی لە تاران نووسیوە.

*** *** ***

به جەورت ڕازی‌یه هەرگیز هەوای لوتف‌و کـەرەم ناکـا
دڵم گیـانه بـەخەم هـۆگر بـووه ئۆخـەی لەخەم نـاکـا
ئەگەر دەستی کەوێ دانیشتنی بەردەرکەکەت عـاشق
لە حەشریشدا موحەققەق مەیلی فیردەوس‌و ئیرەم ناکا
ئـەزانێ جێ‌نشـینو واریسی مـەجنـونـی دێـوانـەم
غەزالەی دەشتی چین بـۆیە لە من ئێستـاکە ڕەم نـاکا
بەخوێنی ئاڵەوە عاشق هەتا سـەربەرزی مـەحشەربێ
نیگـارم بۆ بـرینی تیری قـەت مەڵحـەم کـەرەم نـاکـا
لە دڵـا هێنـدە جێ گیـرە ئـەمـین بـە گیـانی شیـرینم
لە قەبریشـا کە مـردم مەیـلی تۆ یـەك زەڕڕە کەم نـاکا
فیدای ئەو عاشقە ڕەندەم لە سایەی لێوی ساقی‌و جام
وەها موستەغنی‌یو مەغرووره یـادی جامی جـەم نـاکـا
لە هـەرلاْ تێ‌ئەفکـری نـووری زاتی حـەق نمـایـانـە
قـەلەندەر بـۆیە ئـەسلاْ فـەرقی بتخانـەو حەرەم نـاکا
قـەلەندەر مـەشرەبـە حـاڵی بـووه ئـەبـڕێتـەوە دونیـا
(کەمالی) هەقیەتی گەر ئارەزووی جاهـ و حەشەم ناکا

---

(١) ڕەم‌ناکا: ڕاناکا. هەڵنایە.

*** *** ***

هەر وەکو تیری موژەی دائیم لە جەرگم گیر ئەکا
یار بە تای زوڵفی دڵی دێوانەشم زنجیر ئەکا
چاوەکەی مەستی دڵی پێکام چ سرێکە کەوا
ئاسکی سەحرایی خەتا شێری ژیان نێچیر ئەکا
وا خەتیدا ئەو پەری ڕوخسارە ڕووی جا تێگەیم
ئەم خەتی ڕێحانییە ئایاتی ڕووی تەفسیر ئەکا ..
جانفیدای ئەو دلبەرە شۆخەم بە نوقڵی لێوی خۆی
دائیما (تیفلی) گرینۆکی دڵی من ژیر ئەکا ..
ڕێ بە زاهید قەت مەدەن بۆ مەجلیسی مەستان ئەمان
بەدڕەوشتە سەد فسوونو حیلەوو تەزویر ئەکا
گەر لەباخی ئەستەموولو پاریسابم پەشمە لام
دڵ هەمیشە هەر هەوای گوڵگەشتی باخی میر ئەکا
گوێ مەدە شیعری حەسوودی بەد (کەمالی) شیعری تۆ
سافو شیرینو ڕەوانە هەر لە شەکرو شیر ئەکا

ساڵی ١٩٢٦

- ٣٠ -

## لە چاوی مەستی نازت

لە چاوی مەستی نازت شوور و فیتنە حەربو شەڕ پەیدا
لە بالآی تۆ بەلا بۆ عاشقی بێ پاووسەر پەیدا
لە سایەی پەرچەمی پڕچینی تۆمیسکی خەتا هەرزان
لە لێوت نوقلو عونناب و نەباتو گوڵشەکەر پەیدا
لە شەوقی ڕوومەتو تاقی برۆو جەبهەت لە ڕووی ئەرزا
وەکوو چەرخی فەلەك ڕۆژو هیلالی نوێو قەمەر پەیدا
ڕەگی ڕۆحی منە ئەو پەرچەمە مەنزڵگەهی دڵە
لە شانە زۆر ئەترسم بۆی ببێ رەنجو زەرەر پەیدا
خودا پێی داوی ماڵو موڵکی دنیا شێتە سا بیخۆ
دەنی‌تەبعی ئەبێ ئاخر لە جەمعی زیوو زەڕپەیدا
خەراباتی[1] جیهان بۆ هەر کەسێ زەوقێکی تێدایە
بە تەنها بۆ (کەمالی) بێ نەوایە دەردی سەر پەیدا

ساڵی ١٩٣٨

---

(١) خەرابات: وێرانە - مەیخانە.

*** *** ***

- ٣١ -

پیاوی زانا چۆن لە ڕەویەی قەومی خۆی حاشا ئەکا
چۆن لە ئاداب و ئوسوولی ئەوگەلە ئیبا ئەکا !
هەروەکوو مەنسوور «أنا الحق» گۆ بوو گەر بیشم کوژن
خوێنەکەم ئەتکێ بە کوردەی دەردی خۆی ئینشا ئەکا
کورد ئەوەند کوردن لە سەد شەیتان لە کوردی ناکەون
ئیکە خەڵکی بۆچی بۆ خۆی دەردی سەر پەیدا ئەکا !
باوکی ناناسێ خودا ئەیزانێ کێیەو کەی بووە
هەر کەسێ ئەرکی زووبانی خاسسی مادەرزا ئەکا
هەر کەسێ هات و ووتی کورد مردووە باوەڕ مەکەن
شێتە بێ عەقڵە کەرو گایە قسەی بێ جا ئەکا

- ٣٢ -

ساڵی ١٩٤٥

ئەمەگیانی منە ئەی خاکی ئێمە وا لە باوەشتا[1]
دەخیلم زویر نەبێ توخوا لە ناو سینەی تەڕو ڕەشتا
ببارێنێ خوا بارانی ڕەحمەت تا ئەبەد [بەهجەت]
بە جەستەی پاک و خاوێن و بە سەرتاپای سەرو لەشتا
مەبە عاجز هەمووان دوا بەدوای تۆ دێینە لات ڕۆژێ
فەرامۆشمان مەکە گیانە لەقەلبی ساف و بێ غەشتا
گوتی دڵ پێم: (کەمالی) ساڵی کۆچی بێژە وا [بەهجەت]
لە ناو قەسری ئیرەمدایە بە دائیم وا لەگوڵ گەشتا

---

(١) ئەم چوار دێڕە بۆ کێلی گۆڕەکەی (مستەفا بەهمەن) نووسراوە . ناوبراو بەڕێوەبەری قوتابخانەی (خالیدیە) بووە لە سلێمانی لەسەر ڕاسپێری خۆی کەهێشتا لەژیاندا بووە بۆی نووسراوە .

*** *** ***

\- ٣٣ -

سالی ١٩٤٥

## دەردی عەشقت

دەردی عـەشقت وێـڵی دەشتو هـەردەوو سـەحـرام ئـەکـا
تـووشی سەد بـەدناوی‌یـو دووچاری سـەد سەوادم ئـەکـا..
وەســڵی تۆ هــەر باعیسی فــەوتانو ســووتـانی منــە
شەوقی ڕووت پەروانەئاسا ئەمکوژێو ئیفنام ئـەکا
چاوەکانت ئەمکوژن لاکـین شەکـەرخەنـدەی دەمت
دائیمـا بـۆ کـوشتنێکی تـازە تـر ئیحیـام ئـەکـا
وەك چـرای فانـۆسە نـاشارێتـەوە عـەشقی نیگـار
بام لە پەردەشدا بێ ئاخر سەرسەریو ڕسوام ئەکا
من ئەبێ سووچم چبێ ڕۆژی ئەزەل سوڵتانی عەشق
دیلو یەخسیری کەمـەندی پـەرچەمی تـاتام ئـەکا
چاوەکەی مەستت نیگاری مەهـ جەبین بۆتە سەبەب
وا کە مەخمووری شەرابو بـادەوو سەهبـام ئەکـا

\- ٣٤ -

شوکور تیری موژەی ئەو شۆخە قەت ئامانجی وون ناکا
لە هــەر لاییێکی بگـرێ ئـەم دڵی زامـدارە کـون نـاکـا
لەگـەڵ ئەغیـارو یارا دائیمـا ڕووخۆشـە ئەو شـۆخـە
لە بەدبەختیمە ڕووی لوتفو کەرەم هەرگیز لە من ناکا
تکـای لێم کـرد ووتی بم خـوازە دنیـا زوو جـەوابم دا
ووتم ئینسـانی عـاقـڵ مـەیـلی وەسـڵی پیـرەژن نـاکـا
(کەمالی) چۆن لە حەشرا فەرق ئەکا جەننەت لەگـەڵ دۆزەخ
ئەوەندە شێتە سۆفی فەرقی (کەرکووك) و (تسن) ناکـا

سالی ١٩٥١ کەرکووك

ئـەم دڵەم کـاتی زەمـانی نـەوجـوانی یـاد ئـەکـا
میثلی نەی کـون‌کون ئـەبێ هەر نـاڵەو و فەریـاد ئەکـا
وا خەتی موشکین لە ڕووی هات دلبـەرم خاکم بـەسەر
جـا نیزامی‌مـوڵکی حوسن‌و ئـانی[1] ئەو بـەرباد ئـەکا
ڕێ مـەدەن زاهید کـە بێتـە مـەجلیسی مـەستـانـەوە
هەر بە تـەسبیحی خەریکـە پێکی مەی تـەعداد ئـەکا
تا ئەبـەد مەمنـوونی پیاوی بێ ئـەدەب بم هەقمـە من
چـونکە ڕەفتـاری بەدی بـۆ چاکـە من ئیرشـاد ئـەکـا
بـۆ تـەمـاع گـەر خـزمـەتی زاڵم بکـەم بێ مـروەتم
عالەم ئەیزانێ کە هـەر سەگ خـزمەتی سـەییاد ئـەکا
گـەر لە خۆشیـانا پـەڕوپـۆ دەربکـەم هـەقمـە ئـەمن
فـەقرو فـاقە[2] ئێستـە دائیم لێم موبـارەك باد ئـەکا[3]
خوێن لە جەرگی‌دێ وەکو فوارە « کەمالی » هەر گەهێ
مەجلیسی عیلم‌و قسەی شیرینی « مەحەوی » یاد ئەکا
تیپی بـرژانگی کـە هێـرش دێنێ بـۆ سـەر دڵ ئـەڵێی
لەشکـری هینـدە خـەیـاڵی گـرتنی بـەغـدا ئـەکـا
ڕێی قیـامـەت دوورو بێ‌پـایـانـە تـوێشـووی لازمـە
پیاوی عاقڵ بۆیە مەیلی جەمعی توێشووو زاد ئەکا[4]

---

(١) ئان : شۆخی‌و نازکی

(٢) فاقە: هەژاری.

(٣) مەبەست لەو فەرموودەیەی پێغەمبەرە - د. خ - کە ئەڵێ: [الفقر فخري].

(٤) توێشوو: مەبەست لە کەل‌وپەلی ڕێگا دێت. بەڵام لێرەدا بەمانای کردەوەی چاکە دێت.

*** *** ***

دەخیلی بەختتم ئەی بادی خۆش سەبا
لەباتی بەندە بڕۆ هەڵەبجە تۆ ئێستا
بچۆرە خزمەتی ناطیق سەلامو حورمەتی من
بپرسە ئاخۆ هەڵەبجە چلۆنە ئیمساڵیش
بە کەیفو زەوقو ئاهەنگە هەروەکو ئەوسا
دەماخی بەرزە سەری سپیە کێوی هەورامان
وە یاخۆ مێزەری توڕدا لە داخی کۆلکە مەلا
زەمانی ڕاوەکەوە شاخی بەرزی شنرویٚ
پڕە لەدەنگی تفەنگو لە گرمەو سەدا
بە ڕۆژی جومعە ئەچن بۆ گوڵانو کانی شێخ[1]
بچووكو گەورە بەشەوقو بەزمو سەفا
درەختەکانی بە نەشئەوو شەفافە باخی میر[2]
وە یاخۆ ووشکە لەبەر بەفرو شیددەتی سەرما
پڕە لە لالەو گوڵ ئاخۆ جۆگەکەی کوڵەبۆز[3]
ڕواوە لێی گوڵە زەردەو ترنج و سەوزە گیا
ئەبینێ دەستەیی سەرخۆشو بەزمی مەی خۆران
بەدەنگی خۆشەوە « فاضل »[4] ئەڵێ مەقامی نەوا

---

(١) ماوەیەك لەپێش ڕۆیشتنی جوولەکەکانا شاعیری ناسراو علی ئەفندی کە بە کەمالی ناسراوە ئەچێتە کرکوك ـ جاسوٚزی ناوچەی شاعیران شاری هەڵەبجە ئاگری تێ بەرئەداو بەم پرسیاروودەرامەی لەگەڵ شاعیری هاوچەرخو هاودەردو هاوڕێی خۆی ئەکەوێتە گفتوگۆ بۆ هەوڵی ئەوناوە .

(٢) باخی میر باخێکی خۆشو پڕ میوە بوو لە ساڵی ١٩٦٣دا هەموویان بڕییەوە .

(٣) کولەبۆز ناوی چەمێکە لە کانی شێخەوە دێتە خوارەوە بە ناو باخی میردا ئاوەکەی ئەڕوا .

(٤) فاضل کوڕێکی بەرگ درووی دەنگ خۆشو ڕوخۆشو هوشیارە لە هەڵەبجە .

*** *** ***

# تێ

ـ ١ ـ

بێ وەفا دلبەر لە کوێ ما وەعدەوو پەیمانەکەت
بۆچی تەرکت کرد بەجارێ عاشقی دێوانەکەت
من هەتا ماوم لە سەر ئەو شەرت و عەهدەم چاوەکەم
ڕۆح ئەکەم قوربانی ڕیشوەی چەفیەوو جامانەکەت
تۆ لە گوڵگەشتی چەمەنداى دائیما ڕەحمت ببێ
بێ بپرسە جارێ حاڵی دیلی بەندیخانەکەت
ڕۆژی عالەم ڕەش مەکە گیانە لە سەر سوبحی جەبین
لادە تو خوا پەرچەمی شەو ڕەنگی میشک ئەفشانەکەت[1]
خەتتی لای لێوت عەزیزم من ئەزانم حیکمەتی
(خضر)ە بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەیی حەیوانەکەت
ئەی نیگار! تۆچونکە لەیلی کوردی من مەجنوون سیفەت
شیعرەکانم حەسرە سەر تەعریفی حوسن و ئانەکەت

(١) میشك ئەفشان: میسك پرژێن

*** *** ***

## بۆ « شێخ مەحموودی نەمر »
## لە ساڵی ١٣٥٧ی کۆچی ووتراوە

ئەوا ئەی شەمعی دین ! پەروانـەکەی دەوری چـراکەت هـات
غەریب و دەربەدەر مەجنوونی بێ بەرگ و نەواکەت هات
بەدەوری ڕووی وەکوو گوڵتا هەتاکوو نەغمەخوانی کـا
لەکوردستانەوە وا بولبـولی داستان‌سـەراکەت هـات[1]
لە مەدحی تۆ هەتا هەڵبەستێ هەڵبەستی بەسۆزو تـەڕ
فیداتم شاعیری شیرین‌کـەلام و خۆش ئـەداکەت هـات
بە شەو بۆ پاسی دەرکی کۆشکەکەت چاکە قوبـووڵی کە
گـەماڵەپیرەکەی پیـران و کەلبی بـاوەفـاکـەت هـات
دەخیلم تـوخـوا نـوورەی وەفـاتـە بـەسیـە/بێ لوتفی/
بـە دەردو ئێشەوە زامـاری پەیکـانی جەفـاکەت هـات
بە بەنـدی و زەجرو لێـدانت نەبـوو دڵگیر ئـەوا دیسان
بەکۆڵێ سیـدقەوە دووچـاری ئەنـواعی بەڵاکـەت هات
ڕیـا نـاکـەم ئـەزانم شـاهیـدە ئـاوێنـەیی قـەلبت
فیدایی بەندەکەت یەعنی « کەمالی » باوەفـاکەت هـات

---

(١) داستانسەرا: داستان‌نووس.. داستانبێژ، داستان هۆنەوە.

*** *** ***

## - ٣ -

جانا ! دڵەکەم بەندە بە حەلقەی سەری گێسووت[1]
سا مەیخەرە بەر زەربەیی شمشێری دوو ئەبرۆت
میهرت[2] لە دڵم زەحمەتە ئەی شۆخی پەری ڕوو
دەرچێ مەگەر ئەو ڕۆژە کەوا ئەمخەنە تابووت
گیانو دڵو ئارامو قەزاو خیرەدو[3] هۆش
بردی بە جەفا دیدەیی پڕفیتنەیی جادووت
چەند شێری ژیانت بە فەنا دا بەنیگاهێ
سوبحانە لە دەست قووەتی شێرئەفگەنی[4] ئاهووت
هەر چەندە کەوا تاقەتەکەم تاقە بەبێ تۆ
پەیوەستە[5] دڵم ئێستە لەگەڵ دەردو غەما جووت
تا بووم دڵو دینم بەفیدا کردو کەچی تۆ
هەر جەورو جەفات کرد لە هەقم گیانە هەتا بووت
ئەو دیدەیی فەتتانەیە باعیس کە « کەمالی »
پڕفیتنەوو ئاشووبە هەموو عالەمی ناسووت[6]

---

(١) گێسوو: زوڵف
(٢) میهر: مەحەببەت، خوشەویستی
(٣) خیرەد: ئەقڵ
(٤) شێرئەفگەن: شێرشکێن
(٥) پەیوەستە: هەمیشە

*** *** ***

- ٤ -

که زوولفت شانـه کرد بـۆی میسکی چین ڕووی ئـاسمانی گـرت
دەمی خەندە لە لێوت قەندو شەککەر ڕووی جیهانی گرت
بـەغەمـزە چاوەکـەت پێکای دڵی عـوششـاقی بێچـارە
عەجەب کارئاسکێکـە سەد هـەزار شێری ژیـانی گرت
نـەما شـەوقی بەجـارێ مانگی چـواردەت دەست بـەجێ گیـرا
که ئەو شـۆخە بـە دەرکەوت هـەروەکوو خـۆر لێوی بـانی گرت
نـەوەك ئینسان فـریشتەو جن بـەجـارێ پێکیـا دڵیـان
لە مـوژگـانو بـرۆی تـا دلبـەرم تـیرو کـەوانی گـرت
بـە ئانێ مـوڵکی سەبـرو دڵی کرد ئـەو یارە ئیستیـلا
وەکـوو هیتلەر کە ئیقلیمی هـەمـوو یـۆنـانیـانی گـرت
خەتی دا ڕوومەتی ئەو شۆخە فەرمووی : ئەی « کەمالی » بـۆچ
مەگەر حەشرە کـە کافـر کەعبـەیی ئیسلامیـانی گرت

- ٥ -

وەرە ئەی سەروو عەرعەر عەبدی باڵاو بەژنی مەوزوونت
شـەپۆلی بـۆنی گوڵ شێـواوی شێوەی هـاتنو چوونت
وەرە ئـەی عـەنبـەری سـارا غـوڵامی دانـەیی خـاڵت
وەرە لەعلی یەمـەن دڵ پڕ لە خـوێنی لێوی مـەیگوونت
بە بارێ عیلمی حەفتا سـاڵەوە دابووم بـەشاگـردت ..
بژی ئەی سامیری[1] سەرسامی دیدەی پڕ لە ئەفسوونت
وەفات دەرحەق بەمن بەینێ بوو ئێستاکـە جەفـاکاری
چ ڕوویداوە لە بەندەی عاشقی شـەیدایی مـەجنوونت
لە داوی پەرچەمی یارا ئەسیری چەشنی دیـلی ڕووس
هەتا مەحشەر « کەمالی » زەحمەتە لەم داوە بەربوونت

سلێمانی ١٩٦٨

---

(١) ناوی جادووگەرێکە لە سەردەمی حەزرەتی مووسادا خەڵکی بۆ پەرستنی گوێرەکەیەکی لە زێڕ دروستکراو بانگ دەکرد و بڕێکی لێ خڕبووە.

*** *** ***

## دال

- ١ -

نیگاری بێ وەفا بۆچی منت ڕیسوایی عالەم کرد !
بە ناهەق بۆچ منت دووچاری دەردو مەینەتو خەم کرد

لە مزگەوتا هەمیشە هەر خەریکی نوێژو تاعەت بووم
کەچی دووچاوی مەستت بۆچی مەیخانەی بە جێگەم کرد !

لە لای لێوی کە دیم خاڵی ڕەشی سەرسامو حەیران بووم
ووتم بۆچی لە سەر ئاوی بەقا گەوری بە هاودەم کرد !

هونەر ڕزقێکی زۆرو نیعمەتێکی گەورەیە بۆ پیاو
هونەرمەند ناشکورە گەر بێت بڵێت خوا ڕزقمی کەمکرد

بزانە بەختیاریت چونکە باش تێفکرە وا گەردوون
کڕاندی نوختەکەی زۆر (مجرم)ی خێرا بە (محرم) کرد[1]

---

(١) مجرم = موجریم، محرم = مەحرەم.

*** *** ***

- ٢ -

عـاقیبەت تـەئسیر ئـەکا هـاوارو ئـۆفو ئـاخی کـورد
مەرهەم ئـەکرێ زامی جـەرگی پڕ بـرینو داخی کورد
بێشـەیی شێـری ژیـانـەو یـانـەیی بـەبـرو پڵنـگ
چۆن ئەژی دوژمن لەسەر ئاسۆی بڵندی شـاخی کورد
خـوێنی گوڵرەنگی شـەهیـدانـە لەخـاك هـاتـوٚتـە دەر
زەحمـەتە بێگـانە بـۆنی کـات گـوڵاڵەی بـاخی کـورد
دەستی قـودرەت لووتی بەرزی وا گـەیانـدوٚتە فـەلەك
پێکی پـۆڵا نـانـەوێنێ تـا ئـەبـەد بـرنـاخی(١) کـورد
زۆر ئـەتـرسم بـەعـزە بێ ئـەقـڵێ بڵێن پێم کـافـرە
گـەر بڵێم من عەینی بـاخی جەننـەتـە ئێـلاخی کـورد
ڕۆستـەمی مازینـدەران شێری ژیـان بەبـری بـەیـان
ناگرن بەرگەی هوجوومی عـەسکەری قـازاخی کورد !
کێ ئـەڵێت کورد مـردووە کورد نـامرێ هـەر زینـدووە
مەرهەم ئەکرێ زامی جەرگی پڕ بـرینو داخی کورد .

ساڵی ٥/١٠/١٩٦٩

---

(١) برناخ: لووت.

*** *** ***

- ٣ -

نیگاری من کە ئەمڕۆ سەیری گەشتی گوڵستانی کرد
خەجاڵەت بوو گوڵو بولبول ویداعی ئاشیانی[1] کرد
نیازم چاوی مەستت وا بە تیلی بێ شەڕو دەعوا
بەبێ سووچو قەباحەت قەتڵو عامی عاشقانی کرد
چ بێ ڕەحمێکە ئەو شۆخە بە برژانگو برۆی یەکسەر
لە سینەی عاشقانا زامی شمشێرو سینانی کرد
گران بوو حەللی مەعنای ئایەتی ڕووت تا دەسی قوورەت
بەخەتتی عەنبەرین هات شەرحو تەفسیرو بەیانی کرد
بە سەر دەفتەر « کەمالی » کرد قوبووڵ ئەو دلبەرە ئەمڕۆ
لە ڕێزی گیان فیدایانا کە هاتو ئیمتیحانی کرد

---

(٢) ئاشیان: هێلانە.

*** *** ***

- ٤ -

شـــەوی دووریت ئەوەنــدە گریــەوو هــاوارو شینم کــرد
بە خوێنی ئاڵی چاوم ڕەنگی سەفحەی ســەرزەمینم کرد
کــەدیم ئادەم نــەوەی وەك تــۆ لە پشتی دێتــە دنیــاوە
سوجوودی ئادەمم برد ڕەجمی شــەیتانی لەعینم کــرد
مورادم مەدحی زوڵف‌و ڕووی نیگاری شۆخەکەی خۆمە
کــە هــاتم وەسفی مــاچین‌و نیگــارستــانی چینم کــرد
ژیــانی تــازەیی بــەخشی بــە من یــارم کــە ڕێگــەیدا
شــەوی وەسڵی تــەوافی لێوی مــوعجیزئــافــەرینم کــرد
کە دیم زونناری[1] زوڵف‌و پەرچەمی وەك شێخەکەی (ســەنعان)
قــوبــووڵی مــەزهــەبی تــەرســاوو تــەرکی عــەقــڵ‌و دینم کــرد
لە ناو باخا چنارو سەروو عەرعەر شەرمــەزار مابــوون
(کەمالی) من کە مەدحی بەژنی یاری مەهــ جەبینم کرد

---

(١) زوننار: پشتێنیکی سوورە عیسایی‌یان لەپشتی دەکەن.

*** *** ***

- ٥ -

که بۆ سەر موڵکی دڵ سەیری هوجوومی غـەمزەکـەی تۆم کـرد
نیگـارا یـادی جـەوری جـەیشی جـەنگیـزو هـەلاکـۆم کـرد
که خاڵو پەرچەمی تۆم‌دی خەجاڵەت بووم ووتم یاڕەب
لە ناو باخا لە بەرچی سەیری سونبول بۆنی شەوبۆم کرد
لە خەوما جامی ئاوی کـەوسەری دامێ پـەری ڕوویێ
سبەی زوو هاتە دی شوکری خوا ماچی دەمی تۆم کرد
نـەبوو حـاڵی لە باسی ڕووی گـەنم ڕەنگیی بتان زاهیـد
که چی زوو حاڵی لێ هات هەرکە باسی خەپلەیی جۆم کرد
هـەموو تـاعـاتو نـوێـژم تێگـەیشتم گیـانی شیـرینم
نەبوو مەقبووڵ هەتاکوو سوجدەیی میحرابي ئەبرۆم کرد
تەماشاکە (کـەمالی) من نییـە فەرقم لە گـەڵ فەرهـاد
وەکوو ئەو بێستوونی کەند منیش واقەلعی شاهۆم کرد[١]

---

(١) شاهۆ: ناوی شاخێکە لە کوردستانی ئێران شاعیر ساڵی ١٩٢٩ بە نزیکیا تێپەڕیوە.

*** *** ***

- ٦ -

وەك نیگاهت کردو نرخی بادەیی سەهبات شکاند
ڕووت کە دەرخست گیانە بازاڕی گوڵی حەمرات شکاند

زوڵفەکانت شانە کرد نرخی شکا میسکی خەتا
پێکەنیت بازاڕی شەکری میسرو بەلچیکات شکاند

کەعبە کەچ نابێ عەزیزم بۆچ لەلای زومرەی ڕەقیب
تۆ لە سەر ماچێ بە جارێ عاشقی شەیدات شکاند !

موحتەسیب ناترسێ بشکێ شووشەیی ناموسەکەت
هەر وەکو شووشەی شەراب و گەردنی مینات شکاند

ئەی فەلەك یارەببی بشکێ دەستی چەرخی کەچڕەوت
بێ سەبەب بۆچی هەزار شووشەی دڵی دانات شکاند

خاکی دەرگاکەت چ ئیکسیرێکە سەرسامم کە بەو
وا کەقدری تەختی شاهی خوسرەوو دارات شکاند

سیحرە ئەشعاری بەلیغت ئەی (کەمالی) ئافەرین !
قیمەتی شیعری هەزاران شاعیری غەڕات شکاند

- ٧ -

وەفای ئەو یارە دەرهەق من زەمانێ بوو ئەویش ڕابوورد
دڵم بەینێ لە لای ئەو پاسەوانێ بوو ئەویش ڕابوورد

بەدەوری ڕووی گوڵی یارا هەمیشە هەر وەکوو بولبول
دڵم مەشغوولی فەریادو فووغانێ بوو ئەویش ڕابوورد

لە چینی پەرچەمی شێواوی دڵبەر وا دڵم بەینێ
شەهی چین و خەتاو هیندوستانێ بوو ئەویش ڕابوورد

وەفاو مەیل و مەحەببەت باوو عادەت بوو لەدنیادا
نەماوە ئێستە ناوی داستانێ بوو ئەویش ڕابوورد

لە مەدحی ئەو خەتی سەوزو دەمی شیرینی دڵدارا
(کەمالی) تووتیی شەککەرفشانێ بوو ئەویش ڕابوورد

- ٨ -

لەناو شۆخانی شارا دلبەرم هات خودنمایی کرد
بە خوێنی جەرگەکەم سەر پەنجەیی دەستی خەنایی کرد
بە شەو بۆ پاسەوانی دەرکەکەی چووم من بیحەمدیللا
سەگی دەرگانەکەی هات و لە گەڵما ئاشنایی کرد
هەموو تاعاتی فلسێکی نەهێنا لای خوا زاهید
کە چونکە هەر چی کرد بێچارەیە هە ربۆ ڕیایی کرد
دڵ و هێزو هەناوو سەبرو هۆشی بردم و ڕۆیشت
نیگاری نازەنینم کاتێ مەیلی ماڵئاوایی کرد ...
لە بەرچی زویری لێم بێ ڕەحم و مروەت بۆچی نازانی
لە ڕێگەی عەشقی تۆدا چەند (کەمالی) گیان فیدایی کرد

- ٩ -

زاڵمان کاتێ کە عەزڵ کران
ئەبن بە شێخی شبلی و بایەزید
دووبارە ئەگەر بچنەوە سەر کار
زوڵم ئەکەن ئەبن بە شەمرو یەزید

ـ ١٠ ـ

به یادی شاعیری

بەڕێز « شارەزووری »

لە ڕووی مووهات شوکور ئەو شۆخە نرخی ماچی هەرزان کرد
نەبات و قەندو نوقلی لێوی وەقفی مەی‌پەرستان کرد
شوکور یارم لە ترسی دەستی گوڵچینانی بێ مروەت
ئەوا پەرژینی باخی ڕووی گوڵی ئاڵی بە ڕێحان کرد
بە تیری چاوی نەک تەنیا دڵی من لەت لەتەو وێران
فوتووری چاوی سەد دەروێش و شێخی خانەوێران کرد
کەدەستی دایە شانەو پەرچەمی چین چینی داهێنا
دڵی سەودازەدەشمی هەر وەکوو زوڵفی پەرێشان کرد
لە ڕۆژی ئەووەلا بێ ئیختیاری من دەسی قودرەت
منی یەخسیری کافرزادەیێکی ناموسوڵمان کرد
بە یادی شارەزووری وا « کەمالی » شیعر ئەڵێ ئێستا
ئەگەرچی دەردی پیری بیری وا یەک دەفعە تالان کرد

کەرکووک [ ١٩٥٠ ] زایینی

# ڤێ

\- ١ -

سەرداری ئەولیای جیهانی پێشەوایە غەوث
بۆ گومبووانی ڕاهی هودا ڕەهنمایە غەوث
ئەولادی فەخری عالەمە سەردارە سەییدە
نووری دوو دیدەیی حوسنی مەحەبیەتە غەوث
شابازی عەرشی حەزرەتی ذاتی ئیلاهییە
یەعنی بە جوملە سڕڕی خودا ئاشنایە غەوث
سەنعان خیلافی ئەمری ئەوی کرد بوو بە گەور
ئەمری هەتاکوو ڕۆژی قیامەت ڕەوایە غەوث
دەرمانی دەردی مەینەتیی دنیاوو ئاخیرەت
قوربانی بم لەلای ئەوە موشکیلگوشایە غەوث
بۆ تەوف[٢] ڕەوزەیی ئەوە دائیم مەلائیکە
شەڕیانە، پادشاهی مەلائیك سوپایە غەوث
پشتو پەناهی بێ کەسو داماوی عالەمە
پەیوەستە دەستگیری هەژارو گەدایە غەوث
مردووی زیندوو کردەوە وەك حەزرەتی مەسیح
واقیف بە سڕڕی بارەگەهی کیبریایە غەوث
کەناسی بەردەری ئەوە شاهانی ڕووی جیهان
بۆ ژانی دیدە خاکی دەری تووتیایە غەوث

---

(٢) تەوە: (طوف ـ طواف).

*** *** ***

# زێ

\- ١ -

ئەوا ڕۆییم لە داخت شۆخی سیمینبەر خودا حافیز
بە جارێ تەرکی عەشقم کرد بتی کافر خودا حافیز

دڵم پۆڵا نییە خۆ پارچە گۆشتێکە بەسە تا کەی
بە ئەبرۆت ئەیدەیە بەر زەربەیی خەنجەر خودا حافیز

لە ئیمان خۆم تەوەللا کرد بەیادی بەژنو باڵای تۆ
ئەوەندەم سوجدە برد بۆ سەروو بۆ عەرعەر خودا حافیز

هەزار عیلمو دوعام کرد عاقیبەت ئەو چاوە سەححارە
بەتاڵی کردەوە ئەی شۆخی ئەفسوونگەر خودا حافیز

« کەمالی » دڵ برینداری دەمی شمشێری ئەبرۆتە
بە غەمزەت سا لە سینەی بەس بدە نیشتەر خودا حافیز

# لام

\- ١ -

له نـاو باخـا ئه‌بینم نێـرگسی شه‌هـلا ئه‌بم خـۆش حاڵ
ئـه‌شـوبهێ چـونکـه شێـوه‌یی نـازی بـه چـاوی کـاڵ
بـه یـادی ئـه‌و ده‌م‌و لێـوه‌ت نیگـاری نـازه‌نینی من
له باخا باخه‌وان خونچه‌ی نه‌پشکوتووی چنی ئه‌مسـاڵ
شـه‌وو رۆژ بۆ نـه‌بات‌و قـه‌ندی لێـوت گیانی شیـرینم
دڵی دێـوانه‌کـه‌ی من دائیمـا ئـه‌گری وه‌کوو منداڵ
له حه‌مدی خواوه نابیستم قسه‌ی خه‌ڵك‌و له‌که‌س نادوێم
له دنیادا شوکور زۆر موسته‌ریحم هه‌م کـه‌ڕم هه‌م لاڵ
به‌جێ نیه گیـانه‌کـه‌م بیکه‌ی بـه‌ڕه‌شوه‌ی ئـه‌سپه‌کـه‌ت ئێستا(١)
له بـۆتـه‌ی عـه‌شقی تـۆدا وا (کـه‌مـالی) بـۆتـه زیـوی قـاڵ

---

(١) مه‌به‌ست له ڕه‌شوه‌ی ئه‌سپه‌که‌ی شێخ مه‌حموودی نه‌مره .

*** *** ***

به ڕێگەی عـەشق‌دا ناڕوا ئـەبەد خـۆ مەردمی عـاقیل
ئـەوەی بڕوا بـەوێدا عـەقڵو هـۆسی زوو ئەبێ زائیـل
لە سۆفیم هێندە دیوە من ڕیاو بوخڵو تـەمەع ئـەصلا
نییـە تەبعم بـەدەرسو وەعزو شێـخو خانـەقا مـائیـل
لە نوێژو تاعەتا گەر ڕوو نـەکەیتـە تاقی ئـەبرۆی یـار
بـەبێ شك تـاعەتی تـۆ نـادروستـەو عـاتیـلو بـاتیـل
بـە دائیم مـائیـلی جامی شـەرابو بـادەیی نـابم[1]
لە شـەوقی دیدەیی مـەستو بلووری گەردەنی فـازیل
ئەگەر مەردی لە ڕێگەی عـەشقی یارا گیـانی شیرینت
فیـداکە زوو مـەترسـە ئەی (کـەمالی) تـا ببی کامیـل

---

(١) ساف و بێ غەش.

*** *** ***

# میــــم

ـ ١ ـ

بـه تاتـای پەرچـەمی شـۆخێکی بێ پـەروا گـرفتـارم
عیـلاجم نـاکرێ نـابیستێ کـەس فـەریـادو هـاوارم
بە نەشئەی نێرگسی مەخمووری چاوی دڵبەرێ مەستم
هـەمیشە بـۆیە مـەدحی نێرگسی شـەهلایـە گوفتـارم
بـە یـادی تـەبعی شـەککـەرباری تـووتیی تـەبعم
غەزەل خوانـە (کەمـالی) بۆیـە وا شیرینـە ئـەشعـارم
لە گۆشەی تـەکیەدا گـاهێ ئەکـەم تەسبیـح‌و تەهلیلە
کنێسـە جێگـەمـە گـاهێ خـەریکی بـەنـدی زوننـارم
لە دیـوانی ئـەدەبدا تـا ئـەمێنم دائـەڕێـژم مـن
بناغەی شیعری ڕەنگین چونکە ئـوستادێکی هـوشیارم
جیهـان هیچە بـەقا هیچـە ژیـان هیچـە فـەنا هیچـە
ئیتـر بۆ خـەم بخۆم بـۆ دەوری پێشووی پـارو پێرارم

ـ ٢ ـ

زۆر لە ڕۆژ بێـزارم‌و هەر حـەز لە کاتی شـەو ئـەکـەم
حەز لەشەو بۆیە ئەکەم من چونکە مەیلی خـەو ئەکـەم
من خـەوم یەکجار لەلا خـۆشـە کـە چـونکـە دائیمـا
دلبـەرم دێتە خـەوم هەر سـەیری بـاڵای ئەو ئـەکـەم
ڕۆژێ فەرهادی کەدی شیرین ووتی : تۆم خۆش ئەوێ
اوەرت بێ یـادی تـۆ گیـانـە بـەڕۆژو شـەو ئـەکـەم
خـۆت ئەزانیت عـاشقێکم هەر وەکـوو تـۆ ڕۆژو شـەو
سەیری چاوی مەست و گۆنای وەك گوڵی خوسرەو ئەکەم

له شاخ و کێوی دەردو مەینەتا فەرهادی بێ حاڵم
له دەشت و چۆڵ و هەردەی وەحشەتا مەجنوونی عەوداڵم
لەباس و خواسی دنیا ناگەم و قەت ناوی کەس نابەم
له عەیبی خەڵکی چاوپۆشی ئەکەم کوێرو کەڕو لاڵم
خەت و مەت پەشمە[1] لام چیمە لە دەرسی کاڵی نەحوو سەرف
خەریکی مەشقی عەشق و خوێندنی دەرسی خەت و خاڵم
له حەفتا تێپەڕیم و وا ئەزانن پیرو داماوم
له سایەی عەشقەوە وا تازە مەشغووڵی گرو گاڵم
بە شوعلەی هەر چرایەك من وەکوو پەروانە ناسووتێم
بە شەوقی رووی نیگاری مەهجەبین سووتا پەڕو باڵم
(کەماڵ)م بێ ئیتر بۆ چیمە ماڵ و زیوو زێڕ[2]
لە سایەی خواوە خۆم خاوەن (کەماڵ)م گەرچی بێ ماڵم .

هەڵەبجە ١٩٤٠

---

(١) پەشم : پووچ.
(٢) مەبەست لە (کەمال) کوڕە گەورەیەتی.

*** *** ***

ـ ٤ ـ

تاکو ئەو ڕۆژەی لە سەنگی سەختی ئەلحەد سەر ئەدەم
ڕەحمەتە داوێنی یاری مەهجەبین چۆن بەر ئەدەم
مانگ ئەوا گیراوە وەك « حەمدی » ئەڵێ تا بەر ئەبێ
(هەرلە تەشتی سینەیی زامارو تەپڵی سەر ئەدەم)
تۆ کە شاهەنشاهی مولکی حوسنی ئەمڕۆ چاوەکەم
وا منیش ئێستا سکەی جوانیت لە زیوو زەڕ ئەدەم
عەشقی تۆی گەرتیا نەبێ کەللەم بەشەق کاسی ئەکەم
تۆی نەبێ تێدا دڵم بەر نیشتەرو خەنجەر ئەدەم
خاکی بەردەرگانەکەت گەر مەسکەنم بێ گیانەکەم
من ئیتر هەرشەق لە تەختو ئەفسەری(١) قەیسەر ئەدەم .

ـ ٥ ـ

نیگارم بێ وەفاو بێ مەزهەبو ئایینە ئەیزانم
لە گەڵما دائیما مەیلی بە قارو قینە ئەیزانم
کە دڵ واحەپسو گیراوە لە داوی یاری بێ ڕەحما
هەموو سووچو گوناهی پەرچەمی چین چینە ئەیزانم
لە سایەی ماچی ئەو لێوانەوە بێ ئیحتیاجم من
کە هەنگوینو نەباتو شەککەرم تەئمینە ئەیزانم
ووتی شەو کەس لەتاو هاواری تۆ نانوێ ووتم گیانە
چ فایدە نابییەی(١) گوێی لای منت سەنگینە ئەیزانم
لە عەشقی خاڵی شینی تۆیە ! قوربان ئاسمانی پیر
لیباسی ماتەمی پۆشیوە ڕەنگی شینە ئەیزانم
مەکە حاشا لە خوێنم ڕۆژی مەحشەر قاتڵم هەر تۆیت
بە خوێنی جەرگی من سەرپەنجەکەت ڕەنگینە ئەیزانم

---

(١) ئەفسەر : تاج

(١) نابییەی: نابیستیت.

*** *** ***

شامی دووریی من كه ڕۆژی وەسڵی دلبەر یـاد ئەكـەم
هەر وەكوو نەی ڕۆژو شەو هەر شیوەن و فەریاد ئەكەم
هەقمە گەر عەرعەر پەرستش كەم لە شەوقی بەژنی یار
پیری عەشقم چەشنە ئایینێكی نوێ ئیجـاد ئەكـەم
چـونكە شێـوەی بەژن و بـاڵای ئەو دڵارامـەی ئەكـەم
تـاكو گیـانم بێ لە بەردا خـزمـەتی شمشـاد ئـەكـەم [١]
غــەم وەفـادارە لە من یــەك لەحــزە جیـا نــابێتــەوە
یاری تەنگانەم خــەمە هــەر بەو دڵی خــۆم شاد ئــەكەم
دڵ لە كـوردستان گـەلێ بێـزارە وەختـە شـەق بـەرێ
جا (كەمالی) عەزمی بەغدادی بـەهەشت‌ئـاباد ئـەكەم

---

(١) شمشاد: دارێكە گەڵایەكی خڕو وردو ئەستوورو بریقەدارو وهەمیشە سەوزی هەیە، شتی ناسك و زەریف لەم دارە دروست دەكرێ.

*** **** ***

## - ٧ -

چلۆن قابیل نییە تەنها شورووعی قەتڵی «هێتلەر» کەم (١)
وەهاش نابێ لە داوی پەرچەمی یارا دڵم دەرکەم
لە دەس تانەی ڕەقیبان ماتو داماوم نییە چارەم
ئەبێ یا تەرکی عەشقی تۆبکەم یا هەردوو گوێم کەڕکەم
موتاڵای خەتتی نەورەستەت بە من قەت ناکرێ گیانە
مەگەر عیلمی لەدوننی من بەجارێ حیفزو ئەز بەرکەم
لە کونجی بێ کەسیدا شەو کە یادی وەسڵی تۆ سەرکەم
لە خۆشی خۆشییا وەختە کە بفڕم باڵو پەڕ دەرکەم
ئەگەر بۆم دەست بدا ماچی دەمی تۆ گیانی شیرینم
خەجاڵەت بم لە حەشرا گەر تەمەننای ئاوی کەوسەرکەم
دوو چاوم هەڵئەکۆڵم با نەبینم تاقی ئەبرۆی تۆ
بەبێ جێ بۆچ دڵم دووچاری زەربەی شیرو خەنجەر کەم
مەحاڵە دیارە تەسخیری پەری ناکا بەنیئادەم
(کەمالی) بۆچی بێ جێ من تەمەننای وەسڵی دلبەرکەم !

---

(١) ئەم غەزەلە لە هەردوو دیوانی «دیاریی شارەزوور و باخی میر» دا هەیە، بە هەندێ جیاوازییەوە ئەوەی لێرەدا نووسراوە ئەوەی (دیاری شارەزوور)ە کە بەیتی یەکەمی لەوەی (باخی میر) دا نییە لە جێگایەکی تری لەمەودواشدا ئەوەی (باخی میر) ئەنووسینەوە لە ژمارە (١٩)دا.

*** *** ***

وەختی وەسڵی ئەو پەریزادە وەها بێ حاڵ ئەبم
هەر وەکوو (فێدار) ئەگەر بێو گفتوگۆ کەم لاڵ ئەبم

گیانی شیرینم ئەکەم قوربانی ئەو شۆخە کەچی
هێندە بەدبەختم هەتاکوو بێم لە لای هەر تاڵ ئەبم

یار ووتی پێم خامی عەرزم کرد لە بۆتەی عەشقتا
شەرتە جانا خۆم بتاوێنم هەتاکوو قاڵ ئەبم

بێ وەفایە گوڵ هەمۆو دوو هەفتە ڕووی خۆی دەر ئەخا
من لەمەولا عاشقو مەجبووری دڕکو داڵ ئەبم

نەوجەوانان هێندە ئولفەتیان بەمن داوە (کەمال)
سەیری کە بەم پیرییە هەر تاکوو بێم منداڵ ئەبم

بێ ویسـاڵت کەی تـەمەننـای جەننـەتولـەئوا ئـەکەم
بێ نیگـاهت چۆن خـەیـاڵی بـادەوو سـەهبـا ئـەکـەم
بێ خەتت مومکین نییە دڵ دەم بە ڕێحانـەی بەهـەشت
بێ گوڵی ڕووت کەی تەماشای لالەیی حەمرا ئەکـەم ؟
شێـوەییێکی چـاوی مـەخمـووری نیگـاری پێـوەیـە
بۆیە دائیم حـەز لە سەیـری نێرگـزی شەهـلا ئەکـەم
ئیلتیفـاتی با نـەبێ ئەو شـۆخـە خـۆ جـەوری هـەیـە
مشتەری چاکم بە ڕۆح جەورو جەفای سـەودا ئەکـەم
من کـە مەجنـوون مەشـرەبم چیمە بـەسەر شـارانەوە
شێتی لەیلم ڕوو لەکێـوو هـەردەوو سـەحـرا ئـەکـەم
تـۆ کـە یـارم بیت عـەزیـزم چیم بـەسـەر دنیـاوەیـە
تـۆی مەبـەستم ئیکـە لەم دنیـایـە ئیستیغنـا ئـەکـەم
بۆ فەلەك ناکەم تەنەززول هەروەکو « نوری »[1] ئەڵێ :
(من بـەچـەرخی ئـاسمـانی سپڵە ئیستیهـزا ئـەکـەم

---

(١) مەبەست شێخ نوری شێخ ساڵحی شاعیرە.

❋❋❋ ❋❋❋❋ ❋❋❋

- ١٠ -

له دووريت چاوه‌كه‌م دووربێ له ڕووت ئالووده‌يی ده‌ردم
وه‌كو به‌رگی خه‌زان دائيم په‌شێوو زويرو ڕه‌نگ زه‌ردم
له دووری په‌رچه‌می چين‌چين‌و شێواوت عه‌زيزی من
ته‌ماشاكه چلۆن شێواوه يه‌كسه‌ر قافيه‌ی فه‌ردم !
هه‌تا لێم دووره خاڵی كوڵمه‌كه‌ت ئه‌ی گيانی شيرينم
به جارێ سه‌يری‌كه گيراوه دائيم شه‌ش‌ده‌ری نه‌ردم
جنێوو قاری تۆم لا باشتره به‌خوا له لوتفی خه‌ڵك
له جه‌وری تۆ ئه‌گه‌ر شه‌كوا بكه‌م من دياره نامه‌ردم
ره‌فيقی حه‌زره‌تی په‌روانه‌م ئێستا من له ڕێی عه‌شقا
به قيژو قيره قيڕ بولبول مه‌حاڵه بێ به هاوده‌ردم
كه دائيم خاكی سه‌رڕێگای نيگارم هه‌قمه خه‌ڵكينه
ئه‌ڵێم به‌ڵكوو خودابيكا بگاته دامه‌نی گه‌ردم !
ره‌فيقی ئه‌م زه‌مانه بێ وه‌فاو بێ شه‌رت‌و په‌يمانن
له ناو شار بۆيه من بێزارم‌و وێڵی كه‌ژو هه‌ردم

- ١١ -

که وەسڵت دەستبدا بۆم هیچ خەیاڵی حووری عین ناکەم
گەدای بەردەرکی تۆبم مەیلی فیردەوسی بەرین ناکەم

کە زوڵفو پەرچەمی چین چینی تۆ سایەی سەری من بێ
ئەبەد گەر بمدرێتێ پادشاهیی مولکی چین ناکەم !

لە شەوقی ماچی لێوی شەککەرینت دڵ وەها مەستە
هەتا ماوم خەیاڵی قەندو نوقڵو ئەنگەبین ناکەم

بە هەققی جووتە چاوی مەستی نازت گیانی شیرینم
بەشەو بێ یادی ڕووی تۆ سەر لەسەر گۆشەی سەرین ناکەم

نگینی خاڵی تۆم مەنزوورە خاکی بەردەرت جێمە
(سولەیمان)ی زەمان بم ئارەزووی تەختو نگین ناکەم

- ١٢ -

گیانەکەم بەخوا لە دووری تۆ هەمیشە شین ئەکەم
بولبول‌ئاسا بۆ گوڵی ڕووت گریەوو ناڵین ئەکەم
هەر بە یادی پەرچەمو ڕووی تۆیە بەخوا جار بە جار
ئەچمە ناوباخو تەماشای لالەوو نەسرین ئەکەم
گەر بکەم تەشبیهی ڕووت گیانە لەگەڵ خورشیدو مانگ
توهمەتێکی ڕووتە تەشبیهی بەبێ تەخمین ئەکەم
سابیتە قوربان وەکوو ڕەنگی خەنە ناچێتەوە[1]
جەژنە سبحەینێ بە خوێنم دەستو پێ ڕەنگین ئەکەم
گەر سلێمانی ببێتە جەننەتو پڕ بێ لە حوور...
پەشمە لام هەرمەیلی وەسڵی یارەکەی (پێنجوین) ئەکەم
چاوەڕوانم زوڵفی لادات تا ببینم ڕوومەتی
هێندە بێ عەقڵم لە کافر من ئومێدی دین ئەکەم
هەر لە شەوقی لێوی شەککەرباری ئەو دڵدارەیە
من کەوەك تووتی (کەمالی) وا قسەی شیرین ئەکەم

---

(١) (ثابت)ە.

*** *** ***

- ١٣ -

لە سـەر ڕۆژی جەبینت لادە سا تـو بی خـوا پـەرچم
مەهێڵە هەروەکوو شەو ڕۆژی عاشق ڕەش بکا پەرچەم
ئـەگەر چی لاییقی ئـەو ڕوتبـەیـە نیم گیـانی شیـرینم
کەرەمکە، با شەوێك تەوقی مـلی من بێ دەبا پـەرچەم
بە جارێ ڕۆژی ئیمانم بە ژەنگی کـوفر ئـەبێ تەبـدیل
ئـەگەر ئـەو یاری دڵئـازارە بێتـو دەربخـا پـەرچـەم
شکـەنـج‌و پێـچ‌و تـابی مـەسکـەنی دڵـە دەخیلت بم
ئەپچڕێ بـەندی جـەرگم پیێ بڵێ بـا بانـەدا پەرچـەم
ئەکەم تەسخیری موڵکی هیند ئەگەر ئەو دلبەرە ڕۆژێ
بخاتە سەرسەرم وەك سێبـەری باڵی (هـوما) پـەرچەم

- ١٤ -

شـوکـور ئینسـانم ئـەسڵا حـەز بـەئـازاری بـەشـەر نـاکـەم
زەرەر نـادەم لەکەس خـۆم تووشی فیتنـەو دەردیسەر نـاکـەم
لە تـوانـامـایـە دائیم هـاودەمی دێـوو شـەیـاتـین بم
بـەڵام مومکـین نییە سـاتێ ڕفیقیی پیاوی‌کـەر ناکـەم
گـەلێ دوورن بڵندیی هیمـەت‌و کـۆ کـردنـەوەی پـارە
قەلەندەرمەشرەبم من جەمعی خاشاك‌و شەرەر نـاکەم
فەلەك گەر بێ‌و بکا شابـاشی من ئەستێـرەکانی خـۆی
تەنەززول بۆتەماشای شەوقی خورشیدوقەمەرناکەم
قـەناعـەت‌پەروەرم بـەخوا تـەمەعکـاریم لەلا کـوفـرە
دەنی نیم مەدحی خەڵکی بۆ دەسندەو زیوو زەڕ ناکەم
موتەووەل بوو (کەمالی) باسی زوڵف‌و پەرچەمی دلبەر[١]
لە پێچ‌و تابی پەرچەمیـا حیکایـەت موختـەسەر نـاکەم

---

(١) موتەوول : موختەسەری (مطول)ە لە بەلاغەتی عەرەبیدا .

**** *** ****

شەهیدی تیری برژانگی کەژەڵ چاوێکی بێ دینم
شەفاعەتخوازمە ڕۆژی قیامەت بەرگی خوێنینم
لە لێوم گوڵ ئەبارێ کاتێ باسی ڕوویی دلبەر کەم
کە بێمە باسی ئەو لێوو دەمەی دەم پڕ لە هەنگوینم
قەناعەت پەروەرم میننەت لە شا هەڵناگرم هەرگیز
بەجامی جەم ئەبەد ناگۆڕمەوە کاسەی سەفالینم[1]
لە دنیا نرخی قەندو شەککەر ئەشکێ بێشك‌و شوبهە
ئەگەر ببیەن کەلام‌و لەفزی جوان‌و شیعری ڕەنگینم
بەخوێنی جەرگەکەم دەستی کە ڕەنگین کرد نیگار فەرمووی
(کەمالی) سەیری کە چەند جوانە سەرپەنجەی نیگارینم

---

(١) سەفالین: سووالەت. سەخسی. گڵی سورەوەکراو.

*** *** ***

- ١٦ -

## بۆ مامۆستا « بێخود »

له (١٩٢٠) دا ووتراوه

بـه دوورم تێ مه‌گـه قه‌لبـه‌ن موقیمی خـاكی ده‌رگـاتم
بـه وێنـه‌ی قـۆچی قـوربـانی بـه‌ڵا گـه‌ردانی بـاڵاتم
به یادی تـاقی ئه‌بـرۆی تۆیـه گه‌ر وا ڕوو له میحـرابم
له شـه‌وقی چاوی مـه‌ستی تۆیـه ده‌ربانی خـه‌رابـاتم
له مه‌حشه‌ردا به مه‌ستی ده‌رئه‌هێنم سه‌ر له خاكی گۆڕ
وه‌ها مه‌ستی نیگاهی نێرگزی مه‌خمـووری شه‌هـلاتم
له من هه‌رگیز مه‌كه قوربان تـه‌ڵه‌ب ئادابی هـۆش‌و فام
چه‌ل‌و مل بـه‌نده‌یێكی زه‌ڕخـه‌ریده‌ی(٢) بێ سـه‌رو پاتم
چ نـه‌زدیكی‌و چ دووریی به‌نـده‌یی نـابێ له دڵ زائیـل
بـه دوورم تێ‌مه‌گـه قه‌لبـه‌ن موقیمی خـاكی ده‌رگـاتم

---

(١) ده‌ربان: ده‌ركه‌وان.
(٢) زه‌ڕخه‌ریده: به‌زێركڕدراو.

*** *** ***

# وەڵامی «بێخود»

لە کونجی خەلۆەتی خەمدا کە مەشغوڵی ڕیازاتم[1]
شەوو ڕۆژ حەسری فیکری پەرچەمو ڕووی تۆیە ئەوقاتم
بڵێسەی دۆزەخی عەشقت منی ئاوارە کرد وەرنێ[2]
بە خۆڕاییــنییە ئەی جەننەتی عیرفان تەوەللاتم
ئەگەر بۆ خزمەتت کاغەز نەنووسم چاوەکەم هەقمە
لە بەر بێچاوییە دووربێ لەتۆ گەر بێ موبالاتم
ئەگەر بێ باوەڕیت بڕوانە ئاوێنەی دڵی خۆشت
کە قوربانی دڵی ئاوێنەیی حوسنی تەماشاتم
لە دیوانی چەمەنزاری مەحەببەتدا وەکوو قومری
بەڵاگەردانی سەروی مەسرەعی مەوزوونی باڵاتم
لە بەر میحرابی ئەبرۆی تۆیە گەر مەجبووری مزگەوتم
لە نەشئەی چاوی مەستی تۆیە دەربانی خەراباتم
ئەگەر (فیل)م لەبەردەم ئەسپی وەسفت فەرزە (بێرەق) بم
وەگەر شاهم لە عەرسەی عەشقی تۆدا بێڕەخت ماتم
لە بەزمی حوسنی خۆتا توخوا جارجارە یادم کە
کە من پەروانەکەی ڕوخساری شەمعی مەجلیس ئاراتم
بە (شێخ‌نوری) بفەرموو چاوەکانت ماچ ئەکات (بێخود)
بە یادی خانەیی خەمماری ئەو مەستانە وا هاتم.

---

(١) ڕیازات: ریاضەی نفسی مەبەست خەلوەکێشی وبڕێ داب و دەستووری سۆفێتی‌یە.
(٢) وەرنێ: ئەگینا.

*** *** ***

- ١٧ -

## شیعری حافظ
## بە تەخمیس کردنی کوردی

پیرم کە سەیری سینەیی وەك باخی بەی بکەم
یا مەیلی نەوخەتانی خیابانی[١] ڕەی بکەم
وا چاکە ئەسپی فیکرو هەوەس ئیکە پەی بکەم
لاکین مەحاڵە مەوسمی گوڵ تەرکی مەی بکەم
من لاف عەقڵ لێ ئەدەم ئەم کارە کەی بکەم !

*****

شێواوە ئەم جیهانە وەها باشە زوو بڕۆم
بێ هوودەیە کە ئیستەکە مەشغووڵی هاتوچۆم
بەندەو غولامی (حافظ)ی شیرازی نووکتەگۆم
دونیا وەفای نییەو نەبووە پێکێ تێکە بۆم
تامن حیکایەتی جەمو کاوس و کەی بکەم

(١) ڕەی: ئێستا دەشتێکە لە نزیك شاری تاران,شاری ڕەیی کۆنی مەبەستە ناوی شەقامێکیشە لە تاران.

*** *** ***

- ١٨ -

بەرامبەر چاوی مەستت دڵ بەمەی قەت ئاشنا ناکەم
کە خاکی پێت ببێ بۆ دیدە مەیلی (توتیا) ناکەم
لە سایەی چەتری چینی پەرچەمت من مەستو سەرسامم
هەتا ماوم عەزیزم ئارەزووی میسکی خەتا ناکەم
لە ئاوی کەوسەری لێوو دەمت دەم تەڕ بکەم جارێ
وەك ئەسکەندەر لە مەرگیشا هەوای ئاوی بەقا ناکەم
دووچاوم کوێرە ئێستا من ئەکەم شوکرانەیی یەزدان
کە نابینم تەماشای پیاوی سپڵەو بێوەفا ناکەم
(دە) گەز خامو دوو سێ گەز ئەرزە جێگەو بەرگی ئاخرمان
(کەمالی) حەز لە قەسرو باخو بەرگی پادشا ناکەم

- ١٩ -

لەکونجی بێ کەسیدا شەوکە یادی وەسڵی تۆ سەرکەم
لە خۆشی خۆشیا وەختە کە بفڕم باڵو پەڕ دەرکەم
لە دەست تەعنەی ڕەقیبان ماتو داماوم نییە چارەم
ئەبێ یا ئەرکی عەشقی ئەو بکەم یا هەردوو گوێم کەڕ کەم
موتالای خەتتی نەورەستەت بە من قەت ناکرێ گیانە
مەگەر عیلمی لەدوننی من بە جارێ حیفزو ئەزبەر کەم
ئەگەر بۆم دەست بدات ماچی دەمی تۆ ڕۆحی شیرینم
خەجاڵەت بم لە جەشرا گەر تەمەننای ئاوی کەوسەر کەم
دوو چاوم هەڵئەکۆڵم تا نەبینم تاقی ئەبرۆی تۆ
بە خۆڕایی دڵم بۆچ تووشی زەربەی شیرو خەنجەر کەم
مەحاڵو سەعبە تەسخیری پەری ناکا بەنی ئادەم
(کەمالی) بۆچی بێجێ من تەمەننای وەسڵی دلبەر کەم

ساڵی - ١٩٢٧ - ز

- ٢٠ -

کـاتێ وەنـەوشــەو گـوڵو ڕێحـانـە بـۆ ئـەکـەم
هــەر یادی خـاڵو پەرچـەمو ڕوخساری تـۆ ئەکـەم
هــەر وەك گـوڵەبـەڕۆژە هــەمیشــە عـەزیـزەکـەم
ڕووم وا لەڕێی (قـەڵادزە) وو یـادی تـۆ ئـەکـەم
چـەشنی درەختی گەنـدەڵو پیـرم ئـەگـەرچی من
هــەروەك نـەمـامی تـازە بـەیـادت چـرۆ ئـەکـەم
ڕۆیشتیت هــەردوو چاوو دڵم کـەوتنە شـوێنی تـۆ
بێ چـاوو بێدڵ ئێستاکـە هەر هـاتو چۆ ئـەکـەم
خــۆ نـاوی تــۆیـە ویـردی زمـانم کـەچی ئـەڵێن
فــەرمووتــە گوایـە موخلیسی تـۆ نیم درۆ ئـەکـەم !

- ٢١ -

شەرەف هێندە خورا دەنکی نەمـاوە تاکـوو بیڕوێنم
نـەماوە تـۆوی تـۆزێ تـا لەجێیـەك ئێستـە بیچێنم
وەفـا نـاوێکی ڕووتــە هیــچ نییـە ئـەسـڵی لەدنیـادا
ئەگەر بفرۆشرێ شەرتە گیان ئەدەم پێی زوو کـە بیسێنم

- ٢٢ -

لە ڕیـزی شـاعیـرانـا بـۆیـە من ئـەمـڕۆ سـەرئـەفـرازم
لە شـاگردانی بـەزمی حەزرەتی (مـەحوی) شـەکەرڕازم
لە پاش مەحوی هەمیشە پەیـڕەوی (سالم) ئـەکەم لاکـین
بە دڵ زۆر عاشقی هـەڵبەستی (نـاری)ی نووکتـەپەروازم
لە دیــوانـی ئـەدیبـانـی هــەمـوو ئێـرانــیـیـانـا مـن
غوڵامو عەبـدی (حافـظ) خواجـە شەمسـەددینی شیرازم

- ٢٣ -

ئەچمە گوڵزارو لەگەڵ بولبول کە گفتوگۆ ئەکەم
ئەو ئەکا مەدحی گوڵو من وەسفی گۆنای تۆ ئەکەم
با ئەگەر بۆم بێنێ بۆنی میسکی چینی پەرچەمت
چۆن ئیتر من بۆنی عەترو سونبوڵو شەوبۆ ئەکەم

- ٢٤ -

بەرامبەر تاقی ئەبرۆت ڕوو لە میحرابی دووعا ناکەم
دوو چاوی مەستی نازت شاهیدن من کاری واناکەم
تەماعکاری‌و ڕیایی عەیب‌و بێ نامووسی‌یە بۆ پیاو
ئەگەر تاجم لەسەرکا قەت، ڕییا بۆ پادشا ناکەم
وەفاداری لە لای من فەرزە تا ماوم لە دنیادا
لە پاش مەرگیش لە ڕۆژی مەحشەرا تەرکی وەفا ناکەم
سەبا نەختێ لەتۆزی خاکی ڕێی بۆ من ئەگەربێنیت
ئیتر بۆ چاری ئێشی چاوەکەم داوای دەوا ناکەم
لە گەڵ گەلما (کەمالی) گەر خیانەت کەم قورمساغم
لە دنیاوو قیامەت ڕوو ڕەشی قاپی خودا ناکەم

- ٢٥ -

هەرکەسێ ئەڕوا خەیاڵی هاتنەوە ناکا ئەبەد
سەیری چەند دلگیرو خۆشە خاکی سەحرایی عەدەم

# (نوون)

- ١ -

مومکین نییە تیماری برینم بە تەبیبان
بەو خەنجەری ئەبرۆتە کە جنراوە دڵی من
کردوویە لە گەڵ خەڵکی جیهان قەتعی عەلائیق
لەو ڕۆژەوە بەو زوڵفەوە بەسراوە دڵی من
لەو ساتەوە ڕۆیشتووە تۆراوە لە سینەم
بەو شاخی (کەماجاڕ)ەوە گیراوە دڵی من
مەقسوودی تەواف خەمی ئەو زوڵفەتە قوربان
وەك شانە کەوا لەتلەتو جنراوە دڵی من

- ٢ -

لە دووریی تۆ نیگاری بێ وەفاوو دین
سەفایێکی نییە چوارباخی پێنجوین
بەبێ ڕووی تابدارو ووردە خاڵت
نییە شەوقی لە لای من مانگو پەروین
مەهێڵە ڕۆژی من ڕەشبێ نیگارا !
لە سەر ڕوو لابدە تۆ زوڵفی پرچین
قسەی عەشقی منو تۆ هاتە مەیدان
ئیتر باسی نەما فەرهادو شیرین !
فیدای ئەو چاوە مەستەی کە (کەمالی)
ژیانو عەقڵو هۆشو سەبرو تەمکین

ـ ٣ ـ

خەڵكی ئەمڕۆ وا لەسەر ئەوجی فەلەك جەولان ئەكەن
هەر وەكوو ماسی لە دەریادا سەفاو سەیران ئەكەن
نەگبەتیو بێ عەقڵی داوێنگیری ئەم كوردانەیە
بۆیە تازە حەز لە زەرگو تەپڵو دەفلێدان ئەكەن !

ـ ٤ ـ

خەڵكینە وەرن بەسیە ئیتر ڕوو لە خودابن
بەس مایلی فیتنەو شەڕو ئاشووبو بەڵابن
بەس تەفرەقەوو وێڵی كەژو كێوو چیابن
زۆر عەیبە كە بەم نەوعە پەرێشانو گەدابن

* * * *

وەك تەیر ئەگەڕێن عالەمی ئەمڕۆ بە هەوادا
ئەستێرەوو مانگ كەشف ئەكەن ئێستا لەسەمادا
بەحری هەموو دنیا ئەگەڕێن وان لە سەفادا
ئێوەن هەموو غەرقن لە غەمو دەردو جەفادا
خزمینە دەسا بێنەوە ئێوەش دە وەهابن

* * * *

زۆر عەیبە كە خەڵك ڕووتكەنەوە هەندێ لە كوڵان
شەو بێتو بدەن زرمە لە دەرگای هەموو ماڵان
ئەشیای هەموو ئەو ماڵە ببەن ئێوە بە تاڵان
بۆچی بە دەسی ئێوەوە بگرین كە منداڵان
سابێنەوە ئەمجارە كەمێ ڕوو لە خودابن

*** *** ***

ئەم چوارینەیە لە ساڵی ١٩٢٥ دا
بەبۆنەی شەهیدکردنی دوکتۆر فؤادو
شێخ سەعیدی پیران و هاوڕێکانیانەوە ووتراوە.

- ٥ -

ئێمە کوردو سەر چڵین دائیم شەڕو دەعوا ئەکەین
تاوەکو ئاخرنەفەس بەرزیی وەتەن داوا ئەکەین
هوججەتی نامووس و ئیستقیلالی خۆمان سەیر کەن
وابە خوێنی گەورە گەورەی کوردەکان ئیمزا ئەکەین

- ٦ -

هاتە ناو باخ دوێنێ دڵداری چەمەن ئارایی من
گوڵ کوتوپڕ عاشقی بوو وەك دڵەی شەیدایی من
بولبولی بێچارە هەستی کرد کە گوڵ باوی نەما
هات و سوجدەی بردە بەر باڵای گوڵی زیبایی من
نامەوێ گیانە جەواهیر سوورمە تەئسیری نییە
تۆزی ڕێتە نووربەخشی چاوی نابینایی من
هەروەکوو ئاوێنە سەرسامی سەراپای دلبەرم
یەعنی قوربانی سەراپای یارە سەرتاپایی من
دلبەرم دوێنێ کە تووشم بوو بەعیشوە پێی ووتم !
چۆن نەمردوویت تۆ لە حەسرەت لەعلی شەککەرخایی من
یار ئەڵێن فەرموویە: وەختی مردنی من دێمە لای
تاکوو زیندووی کاتەوە لێوی مەسیح ئاسایی من
پەیرەوی (حەمدی) ئەکەم دائیم (کەمالی) بۆیە وا
ویردی خاس و عامە ئەشعاری تەڕەب ئەفزایی من

- ٧ -

لە حەسرەت پێچی هەوری لارو داخی پلپڵەی زیوین
شەوو ڕۆژ کارو پیشەم دائیمە هەر شیوەنەو ناڵین
بەکوڵ ئەگریم لە داخی خوێنی کۆهکەن ڕژا بێ جێ
لە داوێنی چیا کاتێ ئەبینم لالەیی ڕەنگین
لە کێوی بێستووندا گیانی دەرچێ بێ نەوا فەرهاد
چ دەربەستە لە گەڵ خوسرەو خەریکی عوشرەتە شیرین
نسیبی هەر یەکەم ڕۆژ دەردو داخو مەینەتو خەم بوو
ئومێدی خێرو خۆشی نەبووە نابێ عاشقی میسکین
ئەگەر شیرین‌دەمێکی چەشنی تۆ ببوایە ئەو چەرخە
مەحاڵە چۆن ئەبوو فەرهادی بێکەس عاشقی شیرین !

- ٨ -

گەهـ گرژە گەهێ لوولە گەهێ خاوە دڵی من
وەك پەرچەمەکەت دائیمە شێواوە دڵی من
بۆ زیارەتی پێی تۆیە هەمیشە وەکوو ڕێباز
گیانە لە سەری ڕێت سەری داناوە دڵی من

- ٩ -

ئەم ڕەسمە یادگارە هەتا پاش نەمانی من
یادم بکەن هەمیشە کەسو دۆستانی من
هەڵبەستەکانی تێکەڵو شێواوەکانی من
ئەنوێنێ دەردو مەینەتو تاڵیی ژیانی من[1]

---

(١) ئەم دوو بەیتەی لە ژێر وێنەیەکی خۆی لە «دیوانی» (دیاری شارەزوور)دا نووسیوە.

*** *** ***

گوڵو لالەی بەهارم ناوێ بێ تۆ ئەی نیگاری من
گوڵی ڕووتە عەزیزم خۆ گوڵو لالەی بەهاری من
بە ماچێکی دەمت گەر بێتو تۆ چارە نەکەی دەردم
لە ڕۆژی مەحشەرا ئەگرێ بەرۆکت گیانی‌زاری من
بەیەك لەحزە لەگەردوون تێپەڕی بۆ عەرشی ئەعلا چوو
فیداتم شاهبازی عەرشو شیرین شاسواری من
سەگی دەرگانەکەی کاك ئەحمەدی شێخم تەمادارم
تکای عەفوم بکە ڕۆژی جەزا شێخم لای کرد گاری من
ڕەئیسی ئەولیایە قوطبە یەعنی واریثی غەوسە
پەناهـ و پشتیوانی کوردە مایەی ئیفتیخاری من
ئەکەم ڕۆحم فیدای ئەولادی لاکین پیرمو کوێرم
نییە لاییق بە قوربانی ببێ‌گیانی هەژاری من

٣ - ٨ - ١٩٦٩

# (واو)

\- ١ -

له حوسنا قەت فەلەك نەیدیوە نابینێ قەرینی تۆ
خو سووفی بوو قەمەر ئەمشەو كە دی ڕۆژی جەبینی تۆ
بە ئیما چاوەكەت لای دام لە دین وەك شێخەكەی سەنعان
پەنا بەخوا لە دیدەی كافری سیحرئافەرینی تۆ
سبەینێ زووكە چاوی كەوت بە لێوی ئاڵی تۆوەك شێت
بەرۆكی دادڕی خونچە لە ڕەشكی[2] پێكەنینی تۆ
كە كوژراوی بڕوتم بۆ بە غەمزە ئەم دەیە بەر تیر
چ بێ ڕەحمیت نیگارا من عەجەب ماوم لە دینی تۆ
شكا بازاڕی قەندی بەلچیكا لە ناو كوردا
كە نووسیم وەسفی شیرینی دەم و لێو شەككەرینی تۆ
خەلاسی بۆ بەشەر نابێ لەداوی عەشقی تۆ گیانە
مەلەك تەسخیر ئەكا زوڵفی خەمی پڕپێچ و چینی تۆ
دڵی دەرهات و جارێ هەر نەهاتی بێ وەفا بۆ لای
(كەمالی) مژدە وا تەركی گیانی كرد لە قینی تۆ

---

(١) قەرین: نەزیر، هاوتا.
(٢) ڕەشك: ئێرەیی. حەسوودی، بەخیلی.

*** *** ***

## - ٢ -

گیانەکەم بۆچ وا لە گەڵما هەر بە قارو قینی تۆ
بۆچ وەها تینوو بەخوێنی عاشقی میسکینی تۆ
من کە دیلی زوڵفی تۆم بۆچی بە شمشمێری بڕۆت
ئەمکوژی بەخوا گەلێ بێ مروەت و بێ دینی تۆ
بێ سەبەب دائیم لە گەڵما ترش و تاڵە ڕووت کەچی
هێندە تالعداری لای من وەك شەکر شیرینی تۆ
پێم بڵێ ئەی زوڵفی دلبەر بۆ بەقەسدی کوشتنم
دائیمە مایل بە پێچ و تاوو حەڵقەو چینی تۆ
چوویتە ناو باخ ئەمڕۆ بێچارە وەنەوشە بوو خەجڵ
گەردنی کەچ کرد بەرامبەر ووردەخاڵی شینی تۆ
مونفەعیل بوون و خەجڵ پەروین و مانگی یەك شەوە
هەر کەدەرکەوت تاقی ئەبرۆو پڵپڵەی زیوینی تۆ
ئەی فەلەك ئەی دوشمنی ئینسانی خاوەن عەقڵ و فام
بۆچی هەر حامیی کەروگاو پیاوی بێ تەمکینی تۆ !

ـ ٣ ـ

ئەوەی یەك دەفعە بینی سیحری غەمزەی چاوی کاڵی تۆ
بە خۆشیو کەیف ئەزانێ گیانەکەم جەورو مەلالی تۆ
هەچی توغرا ئەنووسن تاکوو ئەمڕۆ کەس نەبوو یارای
بکێشێ سوورەتی مانەندی ئەبرۆی وەك هیلالی تۆ
لە موڵکی نازدا تۆی پادشاهی حوسنو ئان[1] قوربان
زەوالی قەت نەبێ یارەببی تا مەحشەر جەمالی تۆ
لە چینی پەرچەمی یارا چییە ئەحواڵی تۆ ئەی دڵ !
شەماڵ ئەمڕۆ پەرێشانی بە من دا شەرحی حاڵی تۆ
بە پیری بەختەوە ئێستاکە من وا گورج ئەڕۆم چونکە
بە شەوقو سۆزەوە دای‌پێم شوکور مژدەی ویساڵی تۆ
بە فرمێسك پاك ئەکەم دیوانی چاوی خۆمو ئەیزانم
نییە لایق بەوە جێی بێتەوە تێیدا خەیاڵی تۆ
نیگارا بۆنی گوڵ هات ئاشتی چاکە وەرە توخوا
بەهارە بۆ منی دێوانە ڕووی فەرخوندە خاڵی تۆ
لە نەزعایە دەسا تووبی خوا یەك لەحزە بێ بۆلای
لەتاو دووریت خەریکە گیان ئەدا گیانە (کەمالی) تۆ

---

(١) ئانە: ژنی باکیزەخوو (ئان)یش گوتراوە ماناکەی لە کوردیدا بووە بە «نەزاکەت».

*** *** ***

\- ٤ -

له حـــه‌فتـا ســاڵه‌دا عـاشق ده‌می تـاق جـوانیی بـوو
نـیگـاری نـازه‌نـینی تـا نیگـاهێکی نـیهـانـی بـوو
به‌شوعله‌ی ڕووی وه‌کوو په‌روانه خۆم زوو کرد به قوربانی
بـه ته‌ئیسـراتی مه‌ی سـاقی که ڕه‌نگی ئـه‌رخه‌وانی بـوو
قـه‌ڵه‌م بێگـانـه‌یه نـاوت نـه‌هێنم زویـر مـه‌بـه تـوخـوا
ڕه‌قیب ئـاسا کـه‌چونکـه هـه‌ر خـه‌ریکی دوو زوبـانی بـوو
له دنیـادا ڕه‌فیقی گـیـانی گـیـانی قـه‌ت نـه‌بـینـراوه
هـه‌تا ئـه‌ولادی خۆم من دیم له‌گـه‌ڵ من نـانی نـانی بـوو
بـه تیری غـه‌مزه زانیم کـون ئـه‌کـا جـه‌رگ و دڵم ئـاخـر
کـه‌دیم تاقی بـرۆی ئه‌و شـۆخه بێ ڕه‌حمـه که‌وانی بـوو
له کێلی قه‌بـره‌که‌م تـوخوا بنـووسن «مه‌هجـه‌بین» خـه‌ڵکه
بـزانن تـا «کـه‌مـالی» کـوشتـه‌یی ده‌ستی فـڵانی بـوو

\- ٥ -

## بۆ چرۆی ساحێبقران

ئـه‌مڕۆژه نـه‌مـانی کـۆشش و زانینـه ئـه‌ی «چـرۆ»
هــه‌ڵســه کــوڕانــه زووکــه له‌بــۆ پێشــه‌وه بـڕۆ
شـێر بێتـه ده‌ر له بێشـه نیـه فـه‌رقی نێرو مێ
شێـرانـه هــه‌ڵســه، ڕۆڵه‌یی ســاحێبـقـرانی تـۆ

- ٦ -

## بۆ «ناطیق»ی شاعیری نووسیوه

## له ساڵی «١٩٣٧»

ناطیق گیان دیسان وا لەدووریی تۆ
زامانی سەختم واهاتۆتە سۆ
له ڕۆژێکەوه ڕۆیشتووی لێره
چاوم لێڵایی داهاتووه کوێره
ئاخۆ تەوێڵە ئێستەش وەك جاران
نەشئە ئەبەخشێ بۆ مەی کۆساران
ڕێی «گەڕیات»ی هەر ڕێڕەوی بازه
مەنزڵگای جیلوەی شۆخی تەنازه
بە لافاوی خەم وای ڕووخاندووه
تۆوی خەفەتی تێدا چاندووه
ئاخۆ وەك پێشوو بەرزە دەماخان
هاتوچۆ ئەکەن بۆ کووچەو باخان
«مالیدەر» ئەوسا کە پڕ بوو لەگوڵ
وەکوو کارئاسکەئەیان کرد لێم سڵ
«چلانە» داری چل پەری ڕوو بوو
مەنزڵو مەئوای بێچوە ئاهوو بوو
ئاخۆ ئێستەکەیش وا سەقادارە
مەنزڵو مەئوای ئاهووی تەتارە
شەمام شەمامەی هەر زەردو کاڵە
یاخود گەیشتووه شەمامە کاڵه
ڕجایە وەسفی خۆت بنووسە بۆم
ڕۆژو شەو مەشغووڵ یادو فیکری تۆم.

## هێ

- ١ -

چاوەکەم سا بەسیەتی بەس مەجلیس ئارایی بکە
بەس لەگەڵ ئەم خەڵکە هاتوچوونی خۆڕایی بکە
غەیری سەر ئێشە هەتا ئێستاکە چیت دەست کەتووە
با سەرت سووك بێ لە مەولا مەیلی تەنیایی بکە
چەشنی یوسف تۆ بچۆ ناو بییرەوە ببیە غەریق
یا بچۆرە ئاسمان تەنیا مەسیحایی بکە
سەگ هەمیشە خزمەتی سەییادی زاڵم زۆر ئەکا
تۆش بەسە بەس خزمەتی زاڵم بە ئازایی بکە
کونجی بێ ڕەنجی قەناعەت پڕ لەگەنجی گەوهەرە
دەست بەسەریا بگرە بۆ خۆت هەر شەهەنشایی بکە
قافڵە ڕۆیشت و مەنزڵ دوورە ڕێگا پڕخەتەر
بۆ سەفەر خێراکە توێشوویێ پەرێزایی[1] بکە

---

(١) پەرێزایی : ئامادەکردن

*** *** ***

## ئەم شیعرە بۆ
## «ساجیدئاوارە» نووسراوە

عەزیزم «ساجید ئاوارە» ئەمە نێزیکی دوو ساڵە
لە ئەحواڵی «کەمالی» بۆچی تۆ ناپرسی بێحاڵە
لە ماڵا کەوتووە (کوێرە) نەخۆشە زۆر دەمێکە ئەو
لە بەردەردو خەفەت ئێستاکە هەنگوینی بەدەم تاڵە
ئەڵێی پەرژینی گوڵزاری ئەدەب تێکچوو زەمانێکە
گوڵی تیادا نەما مەیدانی وازی چەند کوڕو کاڵە
لەعەرسەی عیلمو ئادابا فڕاندی گۆی هونەر (مەحوی)
عەجایەب شاسوارێکە بە وێنەی ڕۆستەمی زاڵە
ئەبینی عەرسەکە شیرین‌سوارێکی نییە تێدا
بە تەنیا جێگەلۆقەی کەرسواری چەند کوڕو کاڵە
وەکو بیستوومە شاعیر پێی ئەڵێن خەڵکی بەیازەوان
لە لام وایە ئەمە فەرمایشی شێتێکی عەودالە

ـ ٣ ـ

نەك بە تەنها تیری غەمزەت جەرگمی کون کون کردووە
تیغی ئەبرۆت جەرگو دڵی ئەنجن ئەنجن کردووە
با سەریشم دابنێم مومکین نییە دەست هەڵگرم
خوا منی بۆ ماچی ئەو لێوانە نەوسن کردووە
هیچ ئەثەر ناکا لەتۆ فەریادو هاوارم یەقین
خوا دڵی تۆی یا لە پۆڵا یا لەئاسن کردووە
دەردو جەورو خەم هەمووی بۆ پیاوە ئوستادی ئەزەل
دائیمە هەر خێرو خۆشیو شادی بۆ ژن کردووە
زەحمەتە ناکرێتەوە هەرگیز گرێی بەختم بە کەس
دەستی حەق ئەم ڕشتەیەی یەکسەر گرێ چن کردووە
کەس لە جەمعی زیوو زێڕ خێری نەدیوە چاوە کەم
زۆر دەسی پاکو بەنوێژی پیسو چڵکن کردووە
یاری بێڕەحمم (کەمالی) دەردی دووریو جەوری خۆی
یەککەڕەت وەقفی دڵی سەودازەدەی من کردووە

ـ ٤ ـ

ئاسمانی دوون هەمیشە دوونپەرستی کاریە
سەرسەریو ئەحمەقنەوازی شێوەیی ڕەفتاریە
هەرکەسێ نادانە غەرقی خێرو خۆشیو نیعمەتە
پیاوی دانا جۆگەلەی خوێن وا لە چاوی جارییە
دەهری دوون ئیشی هەموو عەکسە میثالی دێوو دەد
یاری ئەغیارەو ئەوەی ئەغیارە دائیم یارییە
وا کە دائیم مەستو بیمارم ئەبینی هەقمە من
سەرخۆشیم بە خوا لە شەوقی چاوەکەی بیماریە
هەروەکوو [فێدار] کە سەرسامو پەشێوم هەقمە من
شێتو سەرسامیم لە ترسی زوڵفی وەك ڕەشماریە
تو خوا مەنعم مەکە واعیز لە عەشقی دلبەران
زەحمەتە چارەی بەڕاستی عیللەتێکی سارییە

من فەخر ئەکەم کە کوردمو کوردی زوبانمە
ئەم شاخو کێوە دڵکەشە وا نیشتمانمە
ئەم خاکە پاکە جێگەمە کە هەر زەڕڕەیەکی ئەو
خاڵو بڕۆو سەری شەهی زەندو بەبانمە
ئەم خاکە تووتیاسیفەتە پاکەیە کەوا
دەرمانی چاوی پڕگڵو پڕدەردو ژانمە
من فەخر ئەکەم کەشاعیرو ڕەندو قەلەندەرم
شیعرە کە تاجو نەجمەوو ڕووتبەوو نیشانمە
ئوستادی شیعرمو نییە ترسم لە ڕەخنەگر
بابێتە ڕوو ئەوەی بە تەمای ئیمتیحانمە
شیعرم ڕەوانو ڕاستە وەکوو بەژنی دلبەرم
ئەو دلبەرەی کە ڕۆحو دڵو جەرگو گیانمە
ئەو دلبەرەی کە نیوەنیگای چاوی ساحیری
مایەی حەیاتو خۆشیو شادیی ژیانمە
ئەو دلبەرەی کە لێوی بە من ئەبەخشێ حەیات
کافر نەبم ئەڵێم: ئەوە «عیسا» یی زەمانمە
ئەو دلبەرەی کەوا دەمی گەوهەرفشانەکەی
نوقڵو نەباتو شەکرو گوڵخەندەدانمە
لادە (کەمالی) بێرەوە سەر باسی نیشتمان
ئەم نیشتمانەی دلبەری پڕ حوسنو ئانمە[1]
ئەم نیشتمانە جوانەیە وا ووردە بەردی ئەو
یاقووتو دوڕو گەوهەرو ئەڵماسی کانمە

---

(١) ئان : ئانە : نەزاکەت

*** *** ***

- ٦ -

ڕوخساره ئەوە یا گوڵە یا نوورى چرایە!
زوڵفە ئەوە یا نافەیی ئاهووى خەتایە !
باڵایە ئەوە عەرعەرە یا سەروى ڕەوانە
یا بۆ منى دێوانەیى بێچارە بەڵایە !
سەد حەیفە لە ناو جەننەتى، ڕووتایە بە دائیم
خاڵى حەبەشىزادە کە هیندۆکى سیایە
سا بەسیەتى مەنعم مەکە ئەى واعیزى غافڵ
بەو ڕیشەوە یاهووکە ئەڵێی بارە گەڵایە
بۆ من کە گەداى کۆچى نیگارم بە حەقیقەت
سایەسەرى زوڵفى لەسەرم باڵى هومایە
بۆ ماچى دەمى خۆى بە فەنا داوە (کەمالى)
ئەسکەندەرە عەودالى قومێك ئاوى بەقایە .

- ٧ -

سەرم شێواوى شێوەى پەرچەمى پڕپێچو تاتاتە
حەواسم تەفرەقەى پێچو خەمى زوڵفى چلیپاتە
وجوودم دائیمە مەحوى خەیاڵى تۆیە ڕۆژو شەو
سەراپام هەروەکو ئاوێنە سەرسەمى سەراپاتە
بەهاران بۆیە دائیم هەر تەوافى نێرگزە پیشەم
کە چونکە ئەو شەبیهى دیدەیى مەخمووروو شەهلاتە
لەناو باخا کە وەختێ سەرو ئەبینم بۆى ئەبەم سوجدە
بەبەرزىو سەرکەشى چونکە شەبیهى قەددى ڕەعناتە
بە یادى چاوى مەستى تۆیە ئەى شۆخى پەرى پەیکەر
(کەمالى) وا هەمیشە نیشتەجێى گۆشەى خەراباتە

- ٨ -

زامی تیری غەمزەکەی دائیم لەگەڵ دڵ هاودەمە
قەت دەوای ناکەم نیشانەی ئیفتیخاری سینەمە
یار وەفاو مەیلی لەگەڵما گەر نەبێ باکم نییە
بۆیە خەمبارم جەفاو جەوری لەگەڵ مندا کەمە
گەر لە باڵای نامەدا ناوت نەنووسم زویر مەبە
خۆت ئەزانی دووزمانە خامە زۆر نامەحرەمە
خاوەنی ئیمانە هەرکەس نیشتمانی خۆی بوێ
من وەتەنمە بۆیە مەیخانە هەمیشە جێگەمە
عەرزی یارم کرد بە دەردو قەهرەوە بەس بکوژە
پێی ووتم تۆ شێتی نەتزانیوە کوشتن پیشەمە !
زەحمەتە ڕزگاری بێ تا ڕۆژی مەحشەر ئەم دڵەم
ئەی (کەمالی) چونکە بەندو دیلی تاتای پەرچەمە
چارەیی دەردی دڵی عاشق بە هیچ شت ناکرێ
گەر عیلاجێکی هەبێ تەنها ئەویش ماچی دەمە

- ١٩٦٩ -

- ٩ -

دنیا هەموو خەمو خەفەتو دەردو مەینەتە
یا خەوە یاخەیاڵە وەیا حیکایەتە
ڕابووردوو ڕوویی تێپەڕی داهاتوو چاوەکەم
تەنها خەمی نەخۆشیو مەرگو ڕەزالەتە
تا ماوی تێری لێ بخۆ لەڕێی خودا
نایبەیتە گۆڕی تەنگەوە ئەم ماڵو سەروەتە
بۆ زێڕ مەبە بە نۆکەری بێگانە ئەی برا
هەرکەس وەهابێ ڕووڕەشی ڕۆژی قیامەتە

ـ ١٠ ـ

یار بە لەنجەی شێوەیی ئاهووی خەتاو چینی هــەیە
بــۆیە زوڵفی بــۆنی میسکی چــینو مــاچینی هــەیــە
لا ئەدا جارجــار لەسەر ڕوخســاری خۆی زوننــاری زوڵف
تــا بــڵێن ئــەو کــافــرەی بێ مــروەتــە دیــنــی هــەیــە
ڕووت ئەکەن تەشبیهـ بە ڕۆژ شێتو نەفامن ئافتاب
کەی وەکوو تۆ سرکەییو سەرپۆشو پۆشینی هــەیە
عەرزی حاڵم کرد ووتم ڕەحمت ببێ بۆچ ئەمکوژی ؟
پێی ووتم تۆ شێتی یار کەی ڕەحمو ئایینی هــەیە ؟
خۆزگە ئەمزانی کە ئەو شــۆخی جەفــاکردارە بــۆچ
وا لەگەڵ من دائیمە جــەورو جەفــاو قینی هەیــە ؟
ئــەهــلی عیــرفــان بێشــكو شــوبهــە بــە گیــان ســەوادی ئەکەن
تێبگــەن گەر وا (کــەمالی) شیعــری شیرینی هــەیــە

ـ ١١ ـ

ئەگەر مــەردی لە دنیادا ســەبوکبــارو قەلەنــدەر بە
ڕەفیقی ساقیی سادەو حــەریقی جامو ســاغەربــە(١)
وەکوو زاهید خەمی جەنتەت مەخۆ ئاسوودە خاتربە
بەتەقریری ئەزەل ڕازی بەبێ پەروا لە مەحشــەربە
هەژاریو بێ نەوایی شاهییە وەك خــواجە بــۆ پارە
مەبە ڕیسوایی دنیاو عاقیبەت بێ پــوولو بێ زەڕبە
کــەسێ مــەردە کــە ئــازاری دڵی خــەڵکی نــەدا هــەرگیــز
کە جەلبی قەلبی مەردووم کەیت برۆ سەردارو سەروەربە
ئەگەر عاقڵ بی عیلمو مەعریفــەت تەحسیــل ئەکــەیت وەرنێ
کــەشێتو جاهیلیت عــەودالی ئەهلی قــاترو کــەربــە

---

(١) ساغەر: پیاڵەی شەراب.

*** *** ***

\- ١٢ -

سەبا تـوخوا بـڵێ بەو دلبـەری بێ مەزهـەب و دینە
لە گـەڵما بـۆچی دائیم مائیـلی جەورو جـەفاو قینـە
لە داوی پەرچەمی ئەو شۆخەدا زەحمەت دڵم دەربێ
سەراپا هـەر شکەنـج و پێچ و تـاب و حەڵقـەوو چینە
زەمـانە مـەیلی سـاردە گەر لەگـەڵما من نییـە بـاکم
شوکور یارم لە گەڵـما مەیـلی وەك گەرمـایی هاوینـە
گوتم: بۆچی لیباست شینە شـۆخی مەهـجـەبین فـەرموی
مـەگـەر نـازانی مـانگی ئـاسمـانیش بـەرگی وا شینـە !
ئەکەن تەشبیهی ڕوویی تۆ بە ڕۆژ ئەم خەڵکە نازانن
لەبەر کەمفامییە تەشبیهی بێ عەقـڵان بە تـەخمینە
قسـەی عەشقی من و تـۆ داستانێکـە نییـە وێنـەی
نە وەك مەجنوون و لەیلایە نە وەك فەرهادو شیـرینە

\- ١٣ -

دڵم بـەسـراوی داوی زوڵفـی دڵڕوبـایـێـکـە
سەرم شێواوی شێـوەی یاری بێ ڕەحم و وەفـایێکە
بە شەو دەنگی سەگی بەردەرگەکەت ئەبیەم ئەبم خۆشحاڵ
ئـەویش چونکـە وەکـوو من پـاسـەوانی بـاوەفـایێکـە
لە لایـەك تیپی بـرژانـگ و لە لایـەك هێـرشی زوڵفت
عەزیزم بـۆ خەرابی مـوڵکی دڵ هەریـەك بەلاییکـە
کەرەم کە خاکی ژێرپێت گیانەکەم توبی و خوا جارێ
کـە بـۆ ژانی گـلی ئـەم چـاوە ئێشـاوەم دەواییکـە
وەرە وێـرانەکـەم ساتێ بـە ڕەسمی بەنـدەلاواندن
بڵێن بـا پـادشـاهێ[1] وا میـوانی بێ نـەواییکـە
لە دڵما چی ئەکـەیت پڕ ئـاگری عـەشقە دەخیلت بم
وەرە سەر چاوەکەی چاوم کە جێگەی بـاسەفـاییکە
زەمانە سەیرە هەروا بێ تەئەممول دێت و دەڕوا خەڵك
بە ووردی گەر تەماشاکەی عەجایـەب سینەمـاییکە

\- ١٤ -

ئەو کەسەی تای پەرچەمی تۆی گیانە شەو بۆکردووە
نەفرەتی دائیم لە بۆنی خۆشی «شەوبۆ» کردووە !
بۆچی تانەم لێ ئەدەی سووچو گوناهی من چییە
خوا منی پابەندی داوی پەرچەمی تۆ کردووە
پیاوی دانا لەززەتی دنیای نییە خوا ڕۆژی خۆی
هەر نسیبی تاقە نانێکو قومێ دۆ کردووە
شێت نییە ڕووکاتە تاقی گڵ (کەمالی) بۆ نوێژ
ڕووی نیازی خۆی لە میحرابی دوو ئەبرۆ کردووە

\- ١٥ -

لە پەرچەمتایە دڵ شانەی مەکە لانەی مەشێوێنە
لە گەڵما گیانەکەم تووبیو خودا ئەم جەورە مەنوێنە
خواناکردە نەک بگرێ هەناسەم مانگی ڕوخسارت
لەسەر ماچێ دڵی ئەم بەندە پیرەی خۆت مەڕەنجێنە
نەکا بۆ خزمەتی ئەو شۆخە چووبێ دڵ ئەمان یاران
سۆراخێ کەن لە سینەمدا دەمێکە بێسەرو شوێنە
قسەی خۆشی لە تۆ ناوێ عەزیزم عاشقی زارت
لە لێوت جار بەجارێ چاوەڕوانی تاقە یەک جوێنە !
بەبێ دەستنوێژی کەعبەی ڕووتی ماچ کرد هەققی ئیعدامە
لە عەشقا کافری مەحزە (کەمالی) زوو بخنکێنە !

- ١٦ -

لە بـەر پیری سـەرو دەستم ئـەلەرزێ تـۆ تـەمـاشـاكـە
فەلەك پێكی شەرابی ناب ئەداتـە دەستم ئێستاكـە
هەموو مەستی عەرەق بوون خەڵكی جاران سەیر ئەكەم ئەمڕۆ
بە جارێ گێژی نەشئەی بەنگو یا ئەفیوونو ترياكە
شتی سەیری وەهام لەم بەینەدا دیوە كە بۆ عیبرەت
بـە.... كەر لەپشتی كیسـەڵێ بینووسمـەوە چـاكـە
دەخیلم لاف عەقڵو مەعریفەت قەت لێ نەدەیت ئامان
زەمـانە عـاقڵو دانـاكوژە خـۆت شێتو شەیـداكـە

- ١٧ -

لە دڵما عەشقی ڕووی تۆ نووری چاوم هێندە جێگیرە
لە یەك جیا نابنەوە یەعنی كە هەروەك شەككەرو شیرە
دەسی قودرەت بەخەتتی عەنبەرین وا حاشیەی نووسی
كە زانی ئایەتی ڕووی دلبەرم پێویست بە تـەفسیرە
لەچەرخی بیستەما ئاوازی حوسنی یارو عەشقی من
لەدنیادا بە وێنەی ناوی ئەسكەنـدەر جیهانگیـرە !
زەكاتی ماچی كوڵت بۆ هەموو كەس چاوەكەم ناشێ
لە عورفی عەشقدا هەر موستەحەققی عاشقی پیـرە
تـەمـاشـاكـە چ زەوقێكی تێـدایـە عـالەمی شێتی
لە گوێی مندا زڕەی زنجیری پێ دەنگی بەمو زیـرە
دەخیلە ڕێ بە زاهید قەت مەدە بۆ مەجلیسی ڕەندان
كە چونكە بەدڕەوشتە هەر خـەریكی داوو تەزویـرە
ئەزانم ئەی (كـەمالی) تـۆ كەوا پـارچەی غـەزەل ئەبـڕی
هەموو بۆ بەژنو بـاڵای عەرعـەرئاسـای حەزرەتی میـرە.

ـ ١٨ ـ

ژیان هیچە هـەمووی دەردی سـەری‌و ئەنـدووهی سەودایـە
ئـەگەر ئیسیـراحەت‌و خـۆشیت ئەویَ ئـەی کـاکـە لەولایـە
نەخۆی تەفرە بە وەعدەی هیچ‌و پووچی تۆ دەخیلت بم
نیهـایەت ئـەتکوژیَ ئـەم پیرە زاڵەی نـاوی دنیایـە
کەمێك ترسی خوات بیَ چاوەکەم با پێت نەڵێن خەڵکی
کە ئەو مەحبووبە بیَ دینە لە سەر ئایینی تەرسایـە
دڵم مـەشکێنـە نـەك بـازاڕی جـوانیت یـەك کـەڕەت بشکیَ
بـە چاوی سـووکی مەنـواڕیَ کەجێی نـووری تەجـەللایـە
ئەبینم هەر کەسیَ ڕووی وا لە قاپی گەورەیەك ئەمڕۆ
(کەمالی) ش ڕووی دڵی دائیم لە قاپی غەوسی بەغدایە

ـ ١٩ ـ

جیهان ئاشە زەمین‌و ئاسمانیش هـەردوو بەرداشـە
ئەمان‌هاڕێت بە وێنـەی دانەوێڵە ئـاخر ئـەم ئاشـە
نیهایەت چـونکە مـەرگە جـوملە نازو نیعمـەتی دنیا
لەدەمما هێندە بیَ تامە لە لای من چەشنی کامـاشە
کڵاوی سەخری جننە عەیب‌و نوقسانی ئەکا پەنهان
بـەڕاستی ماڵی دنیـاو پارە بـۆ دنیاوو دین بـاشـە
مـەحاڵە دیـارە ناشـارێتەوە شـەوقی چرا فـانـۆس
گڕی عەشقیش لە دڵدا دائیمە هەر ئـاشکراو فـاشە

تەماشای شەوکەت‌و جاهـ و جـەلالی حوسن‌و جـوانیی کە
لە بـەردەرگـای ئـەیـازا پـادشـاهی غـەزنـە فـەڕاشـە
وەها حاڵی نەبیت جەولان‌گـەهی هەر ئاسمانەو بەس
نشیمەن‌گاهی تەیری ڕۆحی عاشق عەرشی ئەعلاشە
ئیرادەی خوایە هەندیَ ساکینی مـزگەوتـە هەنـدیَ [دێر]
(کەمالی) بیَ نەواش گیان‌و دڵی هـەروا لە (وەششاشـە)ە.

- ٢٠ -

لە دڵما نووکی برژانگی بەوێنەی تیری روهامە[٢]
لە حەسرەت زوڵفەکەی ڕۆژم بەڕاستی هەروەکو شامە
نیگار لەیلایە من مەجنوون و دەشتی شارەزوور ئەمڕۆ
دوجەیلە تاری زوڵفی پڕ خەمی زنجیری سەودایە
خۆشە ئەحواڵی ئەو مەستەی لە بەزمی بادەنۆشانا
نەزانێ لێوی دولبەر کامەیەو مینایی مەی کامە
نە وەك لەیلاوو مەجنوونە نە وەك شیرین و فەرهادە
قسەی عەشقی من و تۆ داستانی بێ سەرەنجامە

- ٢١ -

نانی ڕەنجی شان ئەخۆم وەك تۆ هەوای جاهم نییە
ترسی عەزل و خۆف و بیمی حەزرەتی شاهم نییە
بۆ فەلەك ناکەم تەنەزوول چونکە زۆر دوون پەروەرە
ئیحتیاجی شەوقی ڕۆژو پرتەوی ماهم نییە
دەست درێژم گەهـ لە بەغدا گەهـ لە تارانا ئەژیم
حوڕڕو ئازادم دەسی بەسراوو کوتاهم نییە
بەسمە من ئۆباڵی مەزڵوومان نەچێتە گەردنم
تاقەتی باری حوقووق و ئاگری ئاهم نییە
خۆ «یەزید» نیم تاکوو ببمە دوژمنی ئالی (عەلی)
شێت نەبووم تابی عەزابی زاتی ئەڵلاهم نییە
من سەگی قاپی «رسول الله»ووئەولادی «عەلی»م
بەندەیی زارم خەیاڵی روتبەوو جاهم نییە

---

(٢) روهام: ناوی کوڕی گوودەرزە کە لە شەڕی دوازدەڕوخدا بارمانی کوشت، بارمان ناوی پاڵەوانێکی توورانی‌یە.

*** *** ***

ـ ٢٢ ـ

نەکەم گەر مەدحی ئەو زاتەی کە فەخری جینن و ئینسانە
مەڵێن خەڵکە «کەمالی» کافرو بێ دین و ئیمانە
گونەهکارم دەمم پیسە ئەگەر ناوی نەبەم حەقمە
چ مەدحێکی بکەم ! خۆ مەدحی ئەو ئایاتی قورئانە

ـ ٢٣ ـ

لە دووریی سەروی باڵات دیدە هەروەك جۆیبارێکە
بە خوێنی ئاڵی دیدەم دەشت و سەحرا لالەزارێکە
بە شەو کاتێ ئەنووم پێچ و خەمی چین چینی ئەو زوڵفەت
لە چاوی ئەشكبارمدا هەموو تاوێکی مارێکە !
وەرە سەیری سەفاگای دیمەنی دووچاوی گریانم
لە لایەك (بەکرەجۆ) یێکە لە لایەك (سەرچنار) یێکە
بەشەو گوێ بگرە دەنگی ناڵە ناڵی دڵ بە مەحزوونی
لە تاوی دەردی عەشقی تۆ عەجەب شوورو قەتارێکە
مەحاڵە من بکەم دەرمانی زامی تیری برژانگت
لە سینەی پارە پارەمدا نیشانی ئیفتیخارێکە
لە ڕێگەی عەشقدا ئەووەڵ قەدەم دانانی سەر شەرتە
نەکەی هیوایی سوود هەرگیز ئەمە نەوعە قومارێکە
(کەمالی) دێت بە شەو بۆ پاسەوانیی دەرکەکەت قوربان
مەکە مەنعی مەرامی کەسبی ناوو ئیعتبارێکە

ـ ٢٤ ـ

مالّو حالّو سەروەتو سامانی ڕووی دنیام نییە..
قەیسەریو قەسرو مەڕوو مالاتو جووتو گام نییە
قانیعم ڕازیم بە نانی جۆ ئەکەم شوکری خودا
ئارەزووی گیپەو پلاوو گۆشتو پاقلاوام نییە
شەو لە کۆلانان بنووم هیچ کەس نییە بێت پێم بلێ:
پارەکەت کوا بمدەری «دنیاو مافیها» م نییە
خۆ هەمە بۆ سەتری عەورەت من لیباسو بەرگی جاو
مەیلی بەرگی ئەتلەسو گولسسوورمەوو خارام[1] نییە
کەس بەدەستی من نەکوژراوە هەتا ئێستا شوکور
چونکە ڕەششاشو دەمانچەو ئەسلەحەو بۆمبام نییە

ـ ٢٥ ـ

تاقی کیسرا وا دەمی کردۆتەوە پێمان ئەڵێ !
دڵ بە دنیا خۆش مەکەن خەڵکە بەقای بۆ کەس نییە
تۆ دە گەز خامە کراست کاتێ سبحەینێ ئەڕۆیت
خەم مەخۆ ئیمڕۆ کەوات گەر تاقە یا ئەتلەس نییە
پشتت ئەشکێنێ عەزیزم باری قورسی زێوو زێڕ
لێیبخۆ سەرف بکە ئیتر حەماڵی بەس نییە
شاهی (لەولاکە) شەفیعی ئێمە ڕۆژی ئاخیرت
ئەحمەقە هەرکەس بلێ: لەولاکە[2] فریاڕەس نییە

---

(١) خارا: جۆرێکە لە ئاوریشمی مەوجدار.

(٢) ئیشارەتە بۆ (حەدیسی)ی «لولاك ماخلقت....»

*** *** ***

- ٢٦ -

کە یار نەبینێ عاشق لای وایە
کەسی تیا نییە ڕووی ئەم دنیایە
غەیری ڕێیماڵی دلبەر نازانێ
پێی بۆ جێگای تر نەشارەزایە
بەرامبەر یارە دڵی ڕۆژو شەو
ناسرەوێ هەروەك قیبلەنمایە
قەهرو جنێوی بۆ ئەو خەڵاتە
جەورو جەفاشی هەروەك وەفایە
کەرە نابیستێ غەیری قسەی یار
لە گوێیدا وتەی ئەم خەڵکە بایە
پەندی واعیزان قسەی دڵسۆزان
لای پڕوپووچە وتەی بێجایە
بە دەست خۆی نییە هەقیەتی چونکە
ئەم کارەساتەش ئەمری خودایە

- ٢٧ -

خەفەت ناخۆم کە بەینێکە لە من تۆراوە ئەو یارە
خەفەتباری ئەوەم دائیم ئەبینم یاری ئەغیارە
لە ناو باخا لە دووریی گوڵ خەریکی شیوەنە بولبول
کە چی گوڵ بێ وەفاو ڕەحمە هەمیشە هاودەمی خارە[1]
بە زەهری دەردی پیری من دەمم تاڵە کەچی ئێستا
قسەو هەڵبەستی شیرینی ئەوێ لێم «ساجد ئاوارە»
لە گولزاری ئەدەبدا خونچە نابینی هەتا ماویت
گەڵای گوڵ هەڵوەری با بردی پاشماوەی خەس وخارە
کەوا پارچەی غەزەلیان ئەبرِی بۆیار «سالم»و «مەحوی»
کەچی ئێستاکە وا خامجاو ئەبینم بەرگی دڵدارە !

---

(١) خار: درِك.

*** *** ***

\- ٢٨ -

ژیان بێ جێیە پووچە بێ فەڕە لای ئەو کەسەی ڕەندە
ئەوەی ئەهلی دڵە بەم ژینە کەی خۆشحاڵ و خورسەندە
بەڵێ قەهری خودایە مردن ئەمما چاکترە لای من
بەڕاستی لەم ژیانە تاڵ و بێ سوودو بەدو گەندە

\- ٢٩ -

تەماشای وێنەکەم کە وێنەیی پیرێکی فەوتاوە
بە دیمەن گەرچی فەوتاوە بەدڵ هەرتازەیەو لاوە
ئەبێ ڕۆژێ بڵێن خەڵکی (کەمالی) نیشتمانپەروەر
ئەگەرچی بەردی گۆڕیشیی نەماوە ناوی هەرماوە[1]

---

(١) «ئەم دوو بەیتەی لە ژێر وێنەیەکی خۆی لە (دیوانی باخی میر) دانووسیوە».

*** *** ***

\- ٣٠ -

وامـەزانـە تـۆ لە «زڕگـوێـز» ی دڵی ئێمـەش زڕە(١)
بـاوەڕت بێ پێم لە مـەیـلی تـۆ دڵم بـەخـوا پـڕە
تەجرەبەی کە شەق بکە سینەم بەغەیری مـەیلی‌تـۆ
گـەر شتێکی تیـا ببێ تـوخـوا لە بێخـا ببیـڕە !
تۆوی لالەم هێند لە سەحرای سینـەما داچـاندووە
فـەرموو سـەیری کـە عـەجـایب لالەزارێکی چـڕە
ئەم جیهانە هەر لە بەر عەشقـە کە هـاتۆتـە وجوود
عەشقی گەر تێدا نەبێ خـۆ مەسئـەلەی دنیا تـڕە
وا نـەزانی پیـرو دامـاوم لە سـایـەی عـەشقـەوە
وا لە هـەشتـا تێپـەڕیم هێشتـا دڵی من هـەر کـوڕە
وەسفەکەی لالەت ئەوەندە جوانە وەك شیرداخی شام
وایە بۆ ئـەم جەژنـە گیانـە بۆ کـەوای خۆت ببیـڕە

\- ٣١ -

هـەمـوو ئـەزانـین گـوڵ دڕك داره
نـێـرگـزیش دیـاره بـێ دڕك و خـاره
چـاوت نـێـرگـزه بـۆ دڕکـی هـەیـە.
ڕووت گـوڵەبـاخـە بـۆچـی بـێ خـاره !

---

(١) ئەم شیعرەی لەوەڵامی شیعرێکی کاك «ئەحمەد مکوڵ» دا نووسیوە، ناوبراو ئەو کاتە لە گوندی - «زڕگوێز» - بووە، شیعرەکەی ناوبراو لە کۆتایی ئەم بەشەدایە:

*** *** ***

## ـ ٣٢ ـ

پەڕێکی تاوسم دی لە لاپەڕەی قورئانا
ووتم ئەم ڕوتبەو قەدرە خوا چۆن بەتۆی داوە
جوابی دامەوە ووتی ئەی نەفام تۆ نازانی
جوان بۆ هەر لایەك بچێت جێگای وا لەسەر چاوە

## ـ ٣٣ ـ

لە شارانی عێراقدا میری خاوەن حوسن و جوان زۆرە
لە ناویاندا لە سایەی خواوە یارم ئیمپراتۆرە
کە ماچی ئەو دەمەم کرد زۆر سەرم سووڕما ووتم یارەب
دەمی ئاوی حەیاتە، بۆچی هەم شیرینە هەم شۆرە
بە لوقمان و ئەرستۆ ناکرێ چارەی دڵی زارم
کە چونکە زامی برژانگی نیگارە کۆنە ناسۆرە

ئەمە ئەو پارچەیە کە کاك «ئەحمەد حەمكۆل»
لە ساڵی [١٩٦٧] دا لە«گوندی» ـزڕگوێز ـەوە
بۆ «کەمالی» ناردووە:

من لە گوڵزارا ئەزانی بۆچی لالەم خۆش ئەوێ
چونکە ڕەنگی لێوتە، لالە قەزای تۆم لێ کەوێ
ڕۆژ هەتا ئێوارێ سەیری لالە ئیش و کارمە
ئەچمە ناو جێگاکە بۆ خەو لالە لێم دیارە شەوێ
دەردی دووریی لالە زۆرە ساتێ گەر لێم دیار نەبێ
بێ خەیاڵی ئەو سەعاتێ قەت دڵی من ناسرەوێ
دەردی دووریی لالە کوشتوومی بە جارێ تازە وا
گیانی شیرینم لە من تۆ شیعری ڕەنگینت ئەوێ !
بمبەنە بەهەشت ئەگەر بێ لالە وەك (کوردی) ئەڵێ:
دۆزەخە لای من جەهەننەم پف لە جەننەت نامەوێ.

# (یێ)

\- ١ -

بە پوولێ نامەوێ مەحبووبەیەك دڵساف و خۆش ڕووبێ
فیدای ئەو دلبەرەم من حیلەبازو توندو جادووبێ
دەخیلم وێنەگر كاتێ ئەكێشی شكڵی ئەو شۆخە
كەمێ ووریا بە شێوەی چاوی مەستی با خەواڵووبێ
ئەگاتە چەرخی حەوتەم تای تەرازووی زوو لە بەر سووكی
لە دەعوای جوانییا هەركەس لە گەڵتا هاو تەرازووبێ
بەسە بێ لوتفی ئەی بێ ڕەحم و مرووەت خۆشت ئەیزانی
مەحاڵە گیان فیداییكی وەكوو من ڕاستگۆت بووبێ
شوكور خەندەی دەمی زیندووی ئەكا دووبارە پاش مەرگی
ئەگەر ئەو نازەنینە بێت و بۆ سەر گۆڕی مردووبێ
بەكفنی ئاڵەوە شانازییە كاری لە مەحشەردا
«كەمالی» هەركەسێ وەك تۆ شەهیدی تیغی ئەبرۆبێ

- ٢ -

حەیفە گەر بێت و بڵێم: تۆ گوڵی باخ و چەمەنی
گوڵ ئەبارێ لە دەمت کاتێ کە تۆ پێئەکەنێ
نرخی یەکجاری شکا قەندو شەکر لەم شارەدا
خەڵکی کاتێ کە دییان دەم گوڵ و شیرین سوخەنی[1]
تۆ بە سڵکردن و وەستانەوەو ڕاکردن
خۆت نیشان داوە کە کارئاسکی دەشتی خوتەنی
بە برۆی چەشنی کەوان و بە مووژەی وەك تیرت
تێگەیشتم کە «فەلاموورن» ێکی سەفشکەنی
ئاشکرام بەس بکە ئەی دڵ کە ئەبینی دلدار
هەموو ئەندامم ئەلەرزێنێت لەپڕ ڕائەچەنی.

- ٣ -

تەماعکاری بەسەر پیاوا ئەهێنێ عەیب و ڕووزەردی
تەماع سەربڕە تاکوو ئەو سەری نەبڕیوی گەر مەردی
بەچی مەغرووری خۆ تۆ چۆڕەئاوێك بوویت لەپێشانا
کە مردیشیت عەزیزم تۆزێ خاکی یا کەمێك گەردی

---

(١) شیرین سوخەنن: قسە شیرین

*** **** ***

- ٤ -

ئاشنایی قەت لەگەڵ ئەم دەهرەدا پەیدا نەکەی
ئەتکوژێ ئەم پیرەزاڵە شێتە کاری وا نەکەی
ئاسمان ئەتنێتە سەر تەختی شەهنشایی بەڵام
ئاخری ئەتخا ملت ئەشکێنێ پێی بڕوا نەکەی
تۆ بە ڕووتی هاتیە دنیاوو بەڕووتیش هەر ئەڕۆی
بۆ تەماعو ماڵی دنیا کاکە خۆت ڕیسوا نەکەی
وا دڵم لەت لەت ئەکەم وەك شانە بەڵکو خوا بکا
جاربەجار ئەو پەرچەمە شێواوەتی پێ شانەکەی
جووتە چاوی ساحیری عاشقکوژت بەس هەڵبڕە
ترسی خوات بێ عالەمێ یەکجاری بام شەیدا نەکەی
جەوری تۆ دەرمانە بۆ دەردی دڵی بیماری من
لوتفی ناوێ لێت دەخیلە گیانە کاری وا نەکەی
شەرتە سەردانان لە مەیدانی مەحەببەتدا «کەمال»
تۆ ئەگەر مەردی ئەبێ سەر دابنێیتو ڕانەکەی.

- ٥ -

سەرم گەر بەردەبازی ڕێت نەبێ پێ شێلی دوژمن بێ
دڵم گەر فەرشی بەرپێی تۆ نەبێ با ئەنجن ئەنجن بێ
لە بەر چاوم ئەگەر یەك لەحزە وون بێ شکڵی باڵاکەت
خودایە دوور لە ڕووی تۆ هەردووچاوم سووژن ئاژن بێ
ئەکا ئێسکی ڕزیوم دەس بەجێ زیندوو لەپاش مەرگم
ئەگەر ئەو نازەنینە ساتێ بۆ سەر گۆڕەکەی من بێ
ئەگەر ڕوودەربخەیت لام ڕۆژی ڕووناکە شەوی تاریك
کە کاتێ ڕووت نەبینم لام شەوە با ڕۆژی ڕۆشن بێ
لە گەڵما تۆ کە دەستەملان و یەك دڵ بیت نییە باکم
ڕەقیبی بەدڕەوشت با هەر خەریکی حیلەکردن بێ
ئیرادەی خوایە هەندێ دیلی تاتای پەرچەمەو هەندێ
ئەبێ هەر عاشقی پەنجەی خەناوی و قۆڵ و بازن بێ
کە قووتت دا هەموو یەك **لە**حزەیە تامی نییە فەرقی
(کەمالی) گەر پلاوی سەدری یاخو نانی هەرزن بێ

- ٦ -

زەمانی وەسڵی یارە سەد شوکور ڕۆیی خەمی دووری
دە تێکە ساقی پێکێ با بەسەرچێ ڕەنجی مەهجووری
ڕەیاحین و وەنەوشەی مێرغوزار دێنێتەوە بیرم
خەتی نەوڕەستە ڕوویی دلبەرانی شۆخی ئاسووری
لەخەڵوەت دەربچۆ زاهید تەماشای سنعەتی هەق کە
چییە ئەی زاهیدی غافڵ ! لە بەرچی شێت و مەغرووری
ئەڵێن ساقی مەزەی ماچی دەم و لێوی شەکەربارە
(کەمالی) فرسەتە زوو تۆبەکەت بشکێنە مەغرووری

\- ٧ -

توخوا وازبێنە با چەرخی فەلەك هەر دەوری واژوون بێ
کە چونکە دوونە خۆی با پشتیوانی مەردمی دوون بێ
لە بەر بێئەقڵییە مەعزووری وا ئاغا بەماڵ وجاهـ
بە خاکا ڕۆئەچێ گەر سەروەتت وەك گەنجی قاروون بێ
لە سایەی عاشقی شەیداوە ناو بانگ دەرئەکات مەعشووق
ئەگەر ئەقڵی ببێ لەیلا ئەبێ مەمنوونی مەجنوون بێ
هەموو شیعرێکی بەرجەستەی وەکوو باڵایی دلدارە
(کەمالی) لاییقە شیعرت ڕەدیفی قەددی مەوزوون بێ

\- ٨ -

نیگاری مەهـ جەبینی من بەخەندەو نوتقو گوفتاری
شەکر هەرزان ئەکا بۆ عاشقی سەودازەدەی زاری
دەخیلی بەختتم ئەی شانە لانەی دڵ نەشێوێنی
کە کاتێ دائەهێنی پەرچەمی/پڕ چینی تاتاری
هەموو عیلمم لە ڕێی مەیخانەکانا ئاخری دانا
کەدیم ئەفسوونو سیحری جووتە چاوی مەستو عەییاری
شوکور یار ئینرنیدا شەو بچمە بەردەرگانەکەی بۆ پاس
ئیتر بۆ چیمە ڕوتبەی شەهریاریو تەختی قاجاری !

ـ ٩ ـ

لە گەڵما یار ئەگەر بەم چەشنە بێ ڕەحم و ستەمگەر بێ
موحەقـەقمە لە داخـا من ئـەبێ دوایی دڵم دەربێ

لە دڵما دەربچێ گەر سـاتێ یادی تـاقی ئەبـرۆکەت
دڵ و جەرگ و هەناوم پارە پـارەی شیرو خـەنجەربێ

ووتم: خـۆ ـ تیلە ـ چاوت پێکـەنی فـەرمـووی بـڕۆ شێتـە
تەرازووی نازی مەحبووبان ئەبێ هەر ئەمسەرەوسەر بێ

مــەحـاڵە بێتـە داوی عـاشق ئـەو وەحشی غـەزالەی من
پەری زەحمەت بە ئەفسوون و دوعاو حیلە موسەخخەر بێ

غـولامی پیـری خـۆتم بـەس دڵم بشکێنـە نـاتـرسیت
هەناسەی ساردی من کارێ بکا زوو مـوو لەڕووت دەربێ

لە کەچ بازی فەلەك عاجز نەبی گەر ئاقڵیت هەرگیز
لە دەست پیرێژنێك حەیفە دڵی دانا موکـەددەر بێ

ووتم ئاخۆ عەزیزم من ئەبینم ڕووت ؟ بە ناز فەرمووی
(کەمالی) مومکینە بمبینی وەختێ ڕۆژی مەحشەر بێ.

ـ ١٠ ـ

هـەتا دلبـەر لەگـەڵ عـاشق نیگـاهێکی نیهـانی بێ
ئەگەر پیریش بێ دائیم هەر ئـەبێ تاف جـوانیی بێ

بەرامبەر تیرەبارانی موژەت خۆی نـاگرێ ئینسـان
هەزیمەت هەر ئەکا با ڕۆستـەمی مازەنـدەرانی پێ

ئەکەم ڕۆحم بە قەڵغان و سوپەر بۆت گیانی شیرینم
خـودا ناکـردە نـەك بـۆتـۆ قـەزایی ئـاسمـانی بێ

مـەحاڵە خـێر ببینێ موددەتی عـومـری لە دنیـادا
ئـەوەی دەرهەق ڕەفیقی بـەدنیهادو نـانی‌نـانی بێ

- ١١ -

له جوانیو دلبه‌ریدا هه‌روه‌کوو تۆ ئێستـه مومتـازی
منیش مه‌شهووری ئافاقم به عه‌شقی نوکته‌په‌ردازی
بـه هـه‌ڵوه‌ستـانو ئـاوردانـه‌وه‌و سڵکـردنـا گیـانـه
موحه‌ققه‌ق بوو له لام کارئاسکه‌که‌ی سه‌حرایی - پیبـازی
سه‌ری من چاتره به‌خوا له فوتبۆڵ بیده‌ره به‌ر شه‌ق
هه‌تا کوو بۆم ببێته باعیسی فـه‌خرو سـه‌رئه‌فـرازی
سه‌رم خۆ به‌رده‌بازی پێته دڵ لای خۆته هه‌ر گیـانه
که‌ماڵی بـۆ ئه‌وه‌ی بیکـا له ڕێتا مـه‌شقی گیان‌بـازی
بـه ئیما یه‌ك که‌ڕه‌ت تـاڵانی ئه‌قـڵو سه‌بـرو هـۆشی کـرد
سه‌رم سووڕما له سیحری دیده‌یی مه‌ستی فسوون سازی
ئـه‌گه‌ر بـۆ بـه‌نـده ده‌س‌دا قـاپیـه‌وانی ده‌رکـه‌کـه‌ت قـوربـان
بـه چاوی تـۆ قه‌سـه‌م نایـده‌م به‌سـه‌د ته‌ختی مـه‌لیك غـازی
سه‌لیسو نووکته‌بازیی تۆ (که‌مالی) شاهیدن ئه‌مـڕۆ
که شاگردی هونه‌رمه‌ندی جه‌نابی شێخی «شیرازی»

- ١٢ -

حه‌یفه دانا به جـه‌فاو جـه‌وری فه‌له‌ك خـه‌مگین بێ
حـه‌یفه ئـاوێنـه‌ی دڵی ئـه‌هـلی سـه‌فـا ژه‌نگـین بێ
چه‌رخی که‌چڕه‌و که سه‌باتێکی نییه خه‌م چ ئه‌خۆی
گـه‌ر به میهـرو شه‌فـه‌قه‌ت یـا به‌جـه‌فاوو قـین بێ
له کن ئه‌ربابی مه‌حه‌ببه‌ت ئه‌وه ڕوو سووره که ڕووی
هـه‌ر وه‌کوو لاله بـه خـوێنـاوی جگـه‌ر ڕه‌نگـین بێ
هـه‌موو هـه‌ر عارییـه‌یه خـه‌لسه‌تو کـالایی جیهان
گه‌ر «که‌وا» ت ئه‌تله‌سو خارا بێ ئه‌گه‌ر په‌شمین بێ
کیبرو نه‌خوه‌ت مه‌که بۆ نیعمه‌تی دوو ڕۆژه «که‌مال»
بـۆچی بێ هووده بـه‌شت ڕه‌جمو تفو نه‌فـرین بێ

## - ١٣ -

بەزمی دنیا سەیرە هێندێ کونجی مەیخانەی ئەوێ
ساقیوو جامی شەرابی نابو پەیمانەی ئەوێ
ووشکە سۆفیش بۆ حیسابی بەینی خواو خۆی دائیمە
وا لە مزگەوتایە هەر تەزبیحی سەددانەی ئەوێ
هێندێ دەروێشە بەهایو هووی لە تەکیەو خانەقا
لوولكو تەپڵو دەفو پرچو خەنەو شانەی ئەوێ
هێندێ وەك مەجنوون لەپای هەردەی دوجەیلا شێتو وێڵ
هاودەمی وەحشیو ڕەفیقی شێتو دێوانەی ئەوێ
هێندێ خاوەندی دووسەد دێو قەیسەریو باخە کەچی
هەر دڵی پڕ داخە تەختو تاجی شاهانەی ئەوێ
هێندێ نانێكو قومێ دۆی بێ ئەکا شوکری خودا
قانیعەو ڕازی ژیانێکی هەژارانەی ئەوێ
عەینی هەروەك سینەمایە بەزمی دنیا چاوەکەم
سەرسەری سەیری نەکەی بیری حەکیمانەی ئەوێ
کەم کەسێ پەیدا ئەبێ مەقسوودی خواییو هیچی تر
سەیری هەرکەس من ئەکەم هەر دەرهەمو عانەی ئەوێ

ـ ١٤ ـ

دڵی دێوانەکـەی سەودا زەدەم کـەوتۆتـە ناو داوێ
ئەسیرەو دیلو پابەندە بـە تاتـای پەرچـەمی خاوێ
گەلێ تالاوی دووریم چەشتووە ئەی نازەنین توخـوا
کەرەم کە لەو دەمی کانی حەیاتەت پێکەشەکـراوێ
غـەمی عەشقت بـە جۆرێ کـردمی شەیـداوو سـەرگـەردان
لە دنیـادا نییـە خـۆ چـەشنی من ئێستـاکـە بـەدنـاوێ
لە حـەفتا سـاڵیا پێکـای دڵو جـەرگم چ بێ دینـە
بـە تیری غـەمزەکـانی دڵ ڕفێنێکێ کـەژەل چـاوێ
جوانیت چاوەکەم خوا زیاد ئەکا عومرت ئەگەر بگری
دەسی پیـرێکی مانـەندی (کـەمالی) زویـرو داماوێ

ـ ١٥ ـ

جەوهەری «زاتی»ت کە بوو بام مەسنەدت باڵا نەبێ
کەوکەبی بـەختت لە بورجی عیـززەتا پـەیدا نـەبێ
تیشکی عیرفانت بەسە بـۆ کەشفی هـەورازو نشێو
چـاوی دڵ بینا بـوو بام چـاوی سەرت بینـا نـەبێ
لای ئەوەی دانابێ فەرقی گوڵشـەنو گوڵخـەن نییە
خـۆ جەهـەننەم حـازرە گەر [جنـة المـأوی] نـەبێ
عیززەتو زیللەت هەموو چەند ڕۆژە خۆ ناکەن دەوام
بـەردی ڕەق زۆرە دەبا تـۆ دوشـەکت خـارا نـەبێ
هـەر وەکوو یـوسف (کەمـالی) تۆ بچـۆ ناو بیـرەوە
چی ئـەبێ بام مـەسکەنت بـاڵا وەکوو عیسـا نەبێ

## - ١٦ -

یاره توخوا پێم بڵێ تۆ چیت کە مایەی ژینمی
باعیسی هێزی هەناوو لاشەکەی بێ تینمی

تۆ نەبی هیچ کەس منی ناوێ چ بێگانە چ خوێش
جا کە وا بێ تۆ کەس و کارو برای شیرینمی

سەد هەزار عەیبم ببێ تۆ دای ئەپۆشیت یەك کەڕەت
باعیسی سەربەرزی یو سەرمایەیی تەمکینمی

تۆم ببێ ئەچمە حەج و هێند خێر ئەکەم بچمە بەهەشت
ڕابەری دڵسۆزی ڕێگەی ڕاستی دنیاو دینمی

گەر نەخۆش بم ئەمبەیە لەندەن تەداویم زوو ئەکەی
مەڵحەمو دەرمانی زامی جەرگەکەی خەمگینمی

تۆم نەبی چۆن یار لە ماڵ بۆم دێتە دەر بێ ترس و خۆف
تۆی کە مەحبووبەی عەزیزو یارەکەی دێرینمی

هەمیشە تەبعی تۆ پێی خۆشە گیانە مەردمئازاری
لە لام وایە لە دینی ئێوەدا باشە گونەهکاری

لە چاوما تا سبەینێ خەو ئەبەستێ مات و سەرسامم
کە چاوی مەستی نازت چۆن ئەزانێ علیمی سەحەری

بە ئەبلەم تێ مەگە ئەی گیانی شیرینم کە سەرخۆشم
بە یادی چاوی مەستی تۆیە بێزارم لە هوشیاری

دڵم ئەو چاوە بیمارانە بردوویە بە عیشوەو فەن
لە ساغی بۆیە خۆشم نایە هەر پێم خۆشە بیماری

گونەهکارم ئەترسم خوێنی پیسم جەوهەرت بگرێ
بەسە ئەی تیغی ئەبرۆی حەزرەتی مەحبووبە خوێنخواری

قوسوورت چی لە یاران دیوە تۆ ئەی شۆخی بێ مروەت
کە بێزاری لە یارو دائیمە مائیل بە ئەغیاری !

دڵی ئەو شۆخە بەردە ئاسنە تەئسیری لێ ناکا
(کەمالی) بەسیە بەس شۆرو فوغان و گریەوو زاری

دەمێکە چاوەڕوانی غەمزەتم ئەی مەهـەجەبین تیرێ
دڵم شێتـە دەسا لەو پـەرچەمی پـڕ چینە زنجیـرێ

لە دنیـادا هەمـوو شت قابیـلی تـەغییـرو گـۆڕانـە
بە تەنیا حوسنی تۆو عەشقی منە نەیدیوە تەغییرێ

هەناسەی گەرمی پڕتین و بڵێسەم بەرد ئەکا لەت لەت
کەچی لەو شۆخـە دڵئازارە نـاکا زەڕڕە تـەئسیرێ

غەزالەی وەحشە یارم قەت لەگەڵ من ناگرێ ئولفەت
ئەوا ئەمرم دەسا خزمینە زووکـەن فیکرو تـەدبیرێ

لەمـەکتەبدا خـەریکی مەشقی حـوسنـە یـاری بێ ڕەحمم.
لە دڵ لەوحـەو لە قورسی خـۆر ئەکـەم وا بۆی تـەباشیـرێ

خـوا باڵێت نـەڕەنجێ گیانی شیـرینم مەڕەنجێنـە
دڵی بێچـارەیـەکی وەك (کـەمـالی) عـاشق و پیـرێ.

بڵێن بەو شۆخە بابەس پەرچەمی چین چینی دابێنێ
مـەکان و مـەسکەنی دڵـە نەوەك ڕیشـەی ببچڕێنێ
ئەکەم گیانم بەقـوربانی دەم و لێـوی شەکـەرباری
ئەگەر لوتفی ببێ ئەو مەهـ جـەبینە پێم بـدا جوێنێ
وەکوو من گەر ببینێ تـاقی ئەبـرۆی دلبەرم سـۆفی
موحەققەقمە کە سوجدەی بەر ئەبات و تۆبە ئەشکێنێ
شوکور یارم لە گەڵما هاودەمـە دائیم بە ڕۆژو شـەو
ڕەقیبی پیسی بـەد سا بـا لە داخـا خـۆی بخنکێنێ
بە تەئیسراتی مەی ساقی چرای گۆنای کە هەڵگیرسا
دڵی عـاشق ئەبێ پـەروانەئـاسا خـۆی بسـووتێنێ
لەچینی پەرچەمت گەر بای سەبا بۆنی ببات بۆ چین
ڕەواجی میسکی ئەشکێ تا قیامەت قـەدری نامێنێ
ئەکەم گیـانم بەلاگـەردانی بالات تـاکو چـاوی بەد
خودا ناکـردە نەك ئـەو شێوە شیـرینەت بشێـوێنێ
لە سایەی وەسفی لێوی شەککەرینی تۆوەیە قوربان
کـەوا شیعـری (کـەمـالی) نـرخی قـەنـدو شـەککـەر ئەشکێنێ

- ٢٠ -

بناغەی دەهری دوون ڕووخاوە یەکسەر تێك چووە ئاشی
بە جارێ تێك شکاوەو ووردو خاشە بەردو بەرداشی
فەلەك نادا هەتا ڕۆژی قیامەت مەقسەدی دانا
خەریکە هەر ئەدا عیززەت بە پیاوی سەرسەری‌و ناشی
لە مەکتەبخانەیی عەشقا شوکور یارم یەکەم دەرچوو
خودایە زوو ببێتە حاکم‌و من ببمە فەڕاشی
ئەگەر چی ئەمکوژێ چاوی بەلام ئیحیام ئەکا دەرحال
بە خەندەی لێوی لەعلی شەککەرئەفشانی نمەك پاشی
بە جارێ سەبرو ئارام‌و دڵی بردووم‌و خۆشحاڵم
نەماوە غەیری ڕۆحم وا ئەویشم کرد بە پاشی
خەتی دا ڕووی دلارامم لە مەولا من نییە چارەم
(کەمالی) مەسڵەحەت وایە بڕۆم زوو ببمە سەرتاشی

- ٢١ -

ئەوا جەژنە هەموکەس مەستی عەیشەو خۆشییەو شایی
لەمل یەکدایە دەستیان بۆ ئوسووڵی گەردن ئازایی
بە تەنها یارەکەی بێ ڕەحمەکەی ڕوو ترش‌و تاڵی من
هەمیشە سڵ ئەکا لێم هەر وەکوو ئاهوویی سەحرایی
ئەچم بۆ پاسی بەر دەرگانەکەی شەو بانگ ئەکا خەڵکە
دەری کەن ئەو سەگە با پیس نەکا دەرکم بە خۆڕایی
ئەوەندە مەست‌و سەرخۆشی شەرابی ماچی ئەو لێوەم
لە کەوسەر دەم مەحاڵە تەڕ بکەم ئەی شۆخی بەغدایی
کە چاوم لا عەزیزە گیانەکەم بۆ دیدەنی تۆیە
کە ڕووی تۆی پێ نەبینم نامەوێ بۆ چیمە بینایی
لە باخا سەروو عەرعەر گەرببینن بەژن‌و باڵای تۆ
ئیتر ناکەن ئەبەد قەت مەشقی ئازادی‌و دڵارایی
دەخیلت بم زەمان داناکوژە خۆت شێت‌و نادان کە
نەدەی هەرگیز (کەمالی) تاکوو ماویت لافی زانایی

١٩٢٣ - بغداد

دەخیلت بم سەبا تۆ مەحرەمی ئەسراری جانانی
بەریدی کۆیی یاری مەحرەمی زوڵفی پەرێشانی
جەلابەخشی نیگاهی دیدەیی بێ نووری یەعقووبی
سەفابەخشی دڵێ پڕ «إضطراب»ی پیری کەنعانی
لە باتی بەندە ساتوبی‌و خوا ئازانە هەروەك بەرق
بە گورجی بۆم بچۆ تا ڕەوزەیی شاری سلێمانی
ڕیعایاتی ئەدەب کە سەرسەری داخڵ نەبێ زینهار
تەوافی کەعبەیی جانانە دەست نادا بە ئاسانی
لە گومرگ[١] لابدە تاکو دەگەیتە خانقای گەورە[٢]
بڵێ: ئەی مەرکەزی عیرفان‌و ئادابی موسوڵمانی
(کەمالی) وا لە بەغدادی بەهەشت ئاباددا دائیم
موقیمی دەرگەهی مەعرووفی کەرخەو غەوسی گەیلانی
بە یادی مینبەرو میحرابی تۆیە ویردی ئێوارەی
بە شەوقی تۆوەیە تەزبیح‌و تەهلیلی سبەینانی
لە دووریی تۆ خەریکە (دیجلە) یەکی تربکا ئیجاد
ئەوەندە ئەشکی حەسرەت هات لە هەردوو چاوی گریانی
لە پاشا ئەی سەبا هەڵسە برۆ بۆ مەنزڵی دلبەر
بکە جاروبی[٣] خاکی پاکی عەنبەربۆیی ئەیوانی

---

(١) گومرگ: مەبەست لە ناوچەی گومرگە سووتاوی ئێستایە کە کەوتۆتە سەر شەقامی «سەیوان» لە شاری سلێمانی.
(٢) مەبەست لە مزگەوتێکە لە شاری سلێمانی.

*** *** ***

له دواییدا دەخیلت بم لەباتی بـەندەیی مـەهجوور
بەکوڵێ سیدقەوە ڕوخسەت تەڵەب فەرموو لەدەربانی
کە وەقتێ ڕوخسەتی دای چوویتە خزمەت حەزرەتی دلبەر
ببـە سوجـدە لەباتی بـەنـدەیی سـەر گـەشتـەیی فـانی
لە پاش عەرزی دوعاوو ئیحترامو راسیمەی تەعزیم
بڵێ: ئەی خوسرەوی میسری مەلاحەت ماهی کەنعانی
غەریبو بێ نەوا عەبدی قەدیمی زەڕخریدەی خۆت
(کەمالی) خەستەوو بێچارە بەندەی موخلیسی گیانی
بە بەغدادا ئەگەر چی راحەتی تەئمینە ڕۆژو شـەو
لە یوسف تەلعەتان خاڵی نییە قەت کونجی ئەحزانی
ئـەنیسی گـوڵڕوخـانـە هـاونشینی مـاهـ ڕویـانـە
پیـاڵەی مەوج ئـەدا دائیم لە بادەی نـابی ڕوممانی
لە دووریی تۆ هەمیشە ڕۆژی وەك شەو سـوبحی وەك شامـە
بـەبێ ڕووی تۆ لەلای وەك خـارە خونچـەی باخو بـۆستـانی
نیشاتی عەینی دەردە نۆشی نێشە شەربەتی ژەهـرە
بە وێنەی شەربەتی مەرگە لە لای ئەو ڕاحی ڕەیحانی
دەمـاغو فکـری تـارو مـارە شێـواوە پـەشـۆکـاوە
بە چەشنی پەرچەمت کردوویەتی مەشقی پەرێشانی
بـە یـادی چـاوی مـەستی تـۆوەیـە وەرنێ (کـەمـالی» زار
زوبـانی لاڵە بێ تۆ قـەت ئەکـا دەعوای سـوخـەنـدانی ؟!(١)

---

(٣) جارووەب: گەسك.

(١) سوخەنوانی: قسەزانی. زمان پاراوی.

*** *** ***

- ٢٤ -

**له جەژنی قوربانی ساڵی [١٩٣٥] دا که «شێخ مەحموودی نەمر» له بەغدا دەست بەسەر بوو (کەمالی) - ئەم چوارینەی بەبۆنەی چەژنەوە بۆ ناردووە:**

جەژنی کەسێك موبارەکە، سەربەست و حور بژی
پا بەندی دەستی غەیرە نەبێت چەشنی کورِ بژی
کوردی هەژار ئەسیری دەستی غەیریت جەژنی چی !
کەی جەژنی تۆیە بگری بڕۆ سەر بە قورِ بژی

ـ ٢٥ ـ

## بۆ کچەجوولەکەیەك

کە من تەوراتی ڕووی تۆم دی نیگاری پەلکە خورمایی
بە کۆڵێ عیلمەوە چارەم نییە وا ئەبمە مووسایی
موحەقەقمە لە باخا سەروو عەرعەر گیانی شیرینم
لە بالآی تۆ ئەکەن تەعلیمی ئازادی دلارایی
ئەگەر شەککەردەمێکی چەشنی تۆی ببوایە ئەو عەسرە
چلۆن فەرهاد ئەبوو عاشق بەشیرین شۆخی بەغدایی
ووتم ماچێك کەرەم کەی ئەتدەمێ گیانم ووتی شێتیت
چلۆن ئاوی حەیاتی خۆم ئەدەم من پێت بە خۆڕایی
دووچاوم بۆیە قوربان خۆش ئەوێ تامن ببنیم ڕووت
کەڕووی تۆی پێ نەبینم ئیکە من بۆ چیمە بینایی

ـ ٢٦ ـ

لەداخی دەردی دنیاو ئەهلی لارو خوارو بێباری
دڵم وا شەق ئەبا ساقی بە پێکێ زوو بکە چاری
جنێوم پێ ئەدا ئەو شۆخە هەر چەندە جنێو تاڵە
کوتوپڕ خۆش شیرینی ئەکا لێوی شەکەرباری‌و

- ٢٧ -

مـن لەگـەڵ تـۆمـە ئـەی بـرای گـیـانـی
ئـەگـەر تـۆ خـاوەن فـامو ئـیـنـسـانـی
هـەجـوی گـەورەتـر لە خـۆت قـەت مـەکـە
نـەوەك بـاوکـت بـێ تـۆ پـێـی نـەزانـی

- ٢٨ -

سبـەینێ جەژنی قـوربانـە بە ئـادابی موسـوڵمـانی
مەڕو ماڵات ئەکەن ئیسلامەکان ئێستا بەقـوربـانی
بزانن خەڵکـە بۆ پـاراستنی خاکی بـە نرخی کـورد
بـە قوربـانی ئـەکـا وا ڕۆڵەکـانی خـۆی سلێمـانی

- ٢٩ -

دڵم دەردت بـە دەرمـان گـەر نـەزانێ بـا لەتو پـەت بێ
سـەرم گەر بـەردەبازی ڕێت نـەبێ دوو چاوی مـەینـەت بێ
وەکوو لوتفت ئەگەر جەورو جـەفای پێ خـۆش نەبێ عـاشق
خـوایـە شـەرمـەزارو ڕووڕەشی ڕۆژیقـیـامـەت بـێ
ئـەوی ڕۆیشت خـەیـاڵی هـاتنـەوە جـارێکی تـر نـاکـا
لەلام وایـە قـیـامـەت بێ غـەمو دەردو مـوسـیبـەت بێ
پیادە بوو بـە فەرزین [کش] ئـەکا ئـاخـر لە شـاهـ یـاڕەب
نـەکەی ئینسـانی ناکـەس نـائیـلی خـۆشیو سـەعـادەت بێ

- ٣٠ -

## بۆ کێڵی گۆڕەکەم

لە دەشتی مەعسییەتدا تاکوو توانیم ئەسپی خۆم ڕانی
بەجێم هێنا هەموو کرداروو پیشەی پیسی شەیتانی

لە گەڵ ئەم حاڵەشا یاڕەب لە عەفوت نائومێد نابم
کە چونکە تۆم هەمیشە هەر بە تەنیاو تاکو حەق زانی

- ٣١ -

(کەمال) ئەی چاوەکەم تۆ شاعیرێکی باش‌و هوشیاری[1]
هونەرمەندی لە هەڵبەستا ئەکەی هەرپەیڕەویی «ناری»
«کەمالی» خۆی‌و ئەمثالی بە شیعرت شادو دڵخۆشن
کەم‌و کووڕی نییە هەرگیز ئەبن دائیم بە کڕیاری
ئەبینم شاعیران دیوان ئەکەن نەخشین بە بۆیەو ڕەنگ
بەڵام دیوانی تۆ ڕۆشن ئەبینم من بە زەڕکاری
لەوەزن‌و قافیەو تەجنیسدا هەڵبەستی ئێوەم دی
سەرم سووڕما بەڕاستی زۆر لە لەبزی خۆش‌و گوفتاری
قسەو هەڵبەستی تۆ شیرینە هەروەك قەندو من تووتیم
گەلێ مائیل بە قەندم وا بەدڵ من ئەبمە کڕیاری
عەزیزم ڕێی ئەدەب زۆر ڕاستە بێ پەروا بڕۆ پێیدا
نەکەی وەك هەندێ لادەی ببیە تووشی لاری‌وەخواری

ئەو هەڵبەستەی پێشەوە وەڵامە بۆ ئەم هەڵبەستەی خوارەوە کە کاک «کەمال ئەسعەد ڕەزا» لە ساڵی ١٩٧١دا بۆ (کەمالی) ناردووە؛

سەبا کارم هەیە توخوا لە ئەحواڵم تەماشاکە
بە سروەی باڵی تیژی خۆت هەتاکوو شارەزوور ڕاکە
لەگەڵ خۆتا پەیامی من بەرە بۆ خزمەتی پیرێ
لەباتی من لە سەر لێوی ووتەی چاکی تەمەنناکە
بڵێ ئەی پیری دڵ لاوی کە لام شیرین دڵی پاکت
لە ڕاستی من وەکوو چاوت نەبینایە وەیا چاکە !
ئەگەر چاکە دڵت توخوا لە گۆشەی خۆشەویستیدا
سەرنجێکی بە ووردی قووڵ لە ئێمەی دووری شەیداکە
سەبا ئامان لە بەردەمیا وەکوو شیعری ڕەوانی خۆی
بەگوفتاری هەموو دەردی دڵی من پەخش و والاکە
بڵێ عوودو نەی‌و تاری فڕێ داوە لە دووریی تۆ
بەبێ ئاگا لە ئەحواڵی زەمانەی شیعرو ڕووناکە
سەبا بیستوومە وێرانەی دڵی دڵدارەکەی ئاوا
دەخیلت بم «کەمالی» دڵ خراپە بۆم دە ئاوا کە

- ٣٢ -

(کەمالی) تۆ لەلای خۆت شاعیری زاناوو ئینسانی
بڵندیی قەدری شاهی من هەتا ئێستاکە نازانی
مەحاڵە ئاوی دەریا بەش بکا پەنجەی کەپێی تەڕکەی
هەتا بژمێری پێی صەفحەی کتێبی وەسڵی گەیلانی

\- ٣٣ -

زەرەرمەند من نەبووم تا چاوم ئەبڕیە شەوقی ڕووی مانگی
بەڵام واکوێری کردم شەوقی بەرق‌و بەرقی لاجانگی

لە دنیادا دڵی مەجنوونی پێ کون کون ئەکرد لەیلا
لە ناو خاکی تەنووری کام ژیانە ئاخۆ برژانگی

\- ٣٤ -

یارەب ئەزانم کەتۆ خەبیری
خالقی هەموو خەڵقی بەسیری
بۆ ڕجا هێنام وا بۆ خزمەتت
کوێری‌و ڕووڕەشی‌و مووی سپی‌و پیری

١٩٧٠/٧/١٤

## پێنج خشتەکی لەسەر شیعری «سالم»

\- ١ -

بەڕاستی سەیری کەی سەرگەشتەیی سەوداوو زارێکین
وەکوو یەك کوشتەیی شمشێری ئەبرۆی نەونیگارێکین
ئەسیری پەرچەمی پڕپێچو لوولی تازەیارێکین
«منو بادی سەحەرگاهی عەجایەب بێ قەرارێکین
بە سەرگەردانیا هەردوو ئەڵێی مەشغوولی کارێکین

بەشارەت بێ لەتۆ هاودەردی دڵسۆز و شەفیقت هات
بەسەحرای عەشقدا وا یاری خەمخۆری ڕەفیقت هات
لە گەڵتا یەك زوبان یەك دڵ ئەدا موژدە سەدیقت هات
«لەهاو دەردی مەکە وەحشەت وەرە بولبول ڕەفیقت هات
بناڵێنین بەجووت هەردوو ڕەهەندەی گوڵعوزارێکین»

بەدڵ ئاواتەخوازی تێبگەی ئەحواڵی من قوربان
کەچەندە دڵ پەرێشانو پەشێوو خەستەمو ناڵان
هەراسانم لە دەست دەردی فیراقو ناڵەوو گریان
«سەدای لافاوی ئاوی چاوو فاڵەی دڵ لەدەست هیجران
وەها دێت موتتەسیل شەو هەر ئەڵێی دەنگی زەوارێکین»

شوکور وا بۆ گلی دوو چاوی ئێشاوم دەوام دەست کەوت
لە خاکی ڕێی جەواهیر سوورمە یەعنی توتیام دەست کەوت
ڕەفیقی باشو دڵسۆزو بەڕەحمو باوەفام دەست کەوت
«لەسایەی دەولەتی ساحێبمەکانو ئاشنام دەست کەوت
لەکوێ جانانەدا دائیم لەگەڵ سەگ یاری غارێکین»

لەڕێی عەشقا لەگەڵ زاهید مەحاڵە ئاشنا نابین
لە ڕۆژی هەووەڵا وابوو، موقەددەر تازە چانابین

لە پێچو تاوی توڕڕەی پەرچەمی یارا ڕەها نابین
«لەگەڵ زاهید بە تەقدیری فەلەك هەرگیز جودا نابین

له قـوربی غـەیـرە ڕەغبـەت‌دا ، میسـالی «سـیر»و مـارێکـین»
تـەبـیب نـاکـا ئـەبـەد تـیمـاری زامـی تـازەنـاسـۆری

بـریـندارم بـە تیـری غـەمـزەیی دوو چـاوی مـەخمـووری
ئـەکـا شـابـاشی بـەرپێت وا «کـەمـالی» گیـانی ڕەنجـووری

«سـتـادەم خـۆمو ڕۆحو دڵ بـە «سـالم» وەختـێ ڕابـووری
لەبـەر پێتـا نـەقـدبـەرکـەف نیسـاری[1] ئـینـتیـزارێکـین »

\- ٢ -

له غـەمـزەت تیـرەبـاران، بـۆ دڵی عـوششـاقی مسکـین هـات
لەزوڵفو ڕووت بـە جـاری تـرسی کـوفـرو مـوژدەیی دین هـات
له سیحـری چاوی مـەخمـوورت بـەلا بـۆ گیـانی بێ‌تـین هـات
«محـاطی[2] عـاریـزی دولبـەر لەسـەردا زوڵفی مشکـین هـات
بە دەورەی باخی گوڵ‌دا ، تەرزی سونبول ، مەحزەپەرژین‌هات»
بـە تـەنـیـا تیـغی ئـەبـرۆت جـەرگو دڵـی ئـەنجـن کـرد
هـوجوومی تیـری غەمـزەت گیانـە سینەی زاری کـون‌کون‌کـرد
هەموو دەردو جەفای یەکجاری وەقفی جەستەیی‌من کـرد
«هەوای ماچی دەمت ڕێی بەندەری زوڵفی به دڵ وون کرد

---

(٢) مەحاتی: (محاطی).

*** *** ***

موسافیر بۆ سیاحەت سوویی[3] چین چوو تووشی ماچین هات»
لە دووریی ڕووی تـۆ ئـەمشـەو زەلیـلو خـەستـەوو بێ خـەو
ئـەگریـام بێ کەس‌و تـەنیا بـەبێ شەوقی چـراو پـرتـەو
لەپڕ هەلسـام بەسۆزو شـەوقەوە خـوێندم بـە وێنەی کـەو
«دوعام بۆ دەفعی چاوی بەد لە حوسنی تۆ نەکرد ئەمشەو
لەدەم ڕووحـولئەمـین تا سـوبح دەم ئـاوازی ئامـین‌هـات
لەبـالاًی تـۆ عـەزیـزم سـەرو ئـەکـا مـەشقی دلارایی
ئـەکا عـەرعەر لە بـەژنت گیانـە دائیم کـەسبی ڕەعنـایی
هەموو لاسایی حوسنی تۆ ئەکەن ئەی شـۆخی بەغـدایی
«کتێبی وەسفی جوانی تۆم ئەخوێند ئەمشـەو بە تـەنیایی
لەپەردەی غەیبەوە تا ڕۆژ بە گوێما دەنگی تەحسین هات»
بـەڕاستی مـردنـی عـاشق جیـایی خـزمـەتـی یـارە
لە وەسـڵی یـار ئـەگـەر دووربێ لە گیـانی خـۆشی بێـزارە
بـە ڕاستی سەیـرە وەزع‌و حـاڵی عـوششـاقـانی بێچـارە
«بڵێم پێت بـا حـەدیسی کـوشـتنـی فـەرهـادی ئـاوارە
لە شەوقا دای لە سەریا تیشە کاتێ دەنگی شیـرین هات»
ئـەوەی ڕۆیی بەڕێی عـەشقا سـەرو ماڵی بـەتـالان چـوو
ئـەبەد نـاگاتـە مەقسـەد دائـەمینێ هـەروەکـوو مـردوو
بـە هەر لایـا بچێ بـەختی ڕەشی ڕێی لێ ئـەبـەستێ زوو
«لە ئاهم گەردەنەی ئەلبورز بە تەم کێوی دەمـاوەند بـوو
بـە ڕێی ـ ڕەی‌دا کـە قیسمـەت ڕۆژی هـەووەڵ بـۆ وە رامـین هات»

چ خـۆشـە ئینتـزارو چاوەڕێی تـەشـریـفی دڵداران
لە سـەر ڕێگـا بـە ئـومێـدی ویسـاڵی شـۆخ‌و نـازداران
(کـەمـالی) وا کـولاوە زامی جـەرگی سـینـەزامـاران
«هـەمیسـان هـاتـە سـوێ زامی دڵی «سـالم» وەکـوو جـاران
بە سرەوی بای سەحەر کاتێ کە نەفحـەی زوڵفی موشکـین هات»

---

(٣) سوویی: بەرەو.

دڵم شاباشی سەر ڕێی یارە گەر مەیلی گەڕانی بێ
سەرم دانا لەبەرپێی خوانەکەردە نەك زیانی بێ
ئەکەم گیانم سوپەر نەك بۆی بەڵایە ئاسمانی بێ
«هەموو شەو چاوەڕێم بەڵکوو بە مەخفی یاری جانی بێ
لەتارکیی شەوا شوعلەی چرا موشکیل نیهانی بێ»
ئەزانی دڵ برینـدارم بە غەمزەی چاوی فەتتانت
بەسە بێ شەرت و قەولی گیانی شیرینم بەقوربانت
بە هەققی پەرچەمی پڕ پێچ و ژاکاوو پەرێشانت
«چرای هەووەڵ شەوی قەبرم گڕەی دڵمە لە هیجرانت
بە سروەی بای ئەجەل شەمعی موورادم هەرکە فانی بێ»
شکەنجی پەرچەمی هەرچەند دڵی زارم ڕەها ناکا
بەمەحزی مەرحەمەت خونچەی دەمی یەك دەفعە واناکا
هەموو جەورو جەفای لای چاکەیە یارم خەتا ناکا
«لەسەحرای مەحشەریشدا دلبەرم تەرکی جەفا ناکا
فیدای ئەو شۆخە بێ ڕۆحم کە جەوری دوو جیهانی بێ»
لەگەڵ ئێمە لە بەرچی توندی ڕوو خۆشی لەگەڵ ئەغیار
لە هەق دوژمن ئەکەی لوتف و جەفاکرداری دەرهەق یار
عەزیزم توخوا لوتفێ لە دەرهەق عاشقی بیمار
«لیقا خواهیش ئەکەم دائیم کە بنوێنی بەڵام ناچار
ڕەزام جوابێ لە حەرفت بشنەوم بام (لن ترانی) بێ»
بە ڕەنگی زەردی بێ شەوقی پەرێشان حالی دڵ لەت لەت
بەلێوی ووشکی بێ ئاوی شەهیدی دووری و فیرقەت
بە ئاهـ و نالەوو شینی جگەرسووتاوی پڕمەینەت
«بە شێوەی چەنبەری قەددی خەمیدەی پیری بێ تاقەت
ئەبێ فکرێ بکا یار گەر غورووری نەوجوانی بێ»
موسەووەر هەرچی هەن گەر بێن لە بەلچیکاو لە ڕۆماوە
لە چین و رووسیەو ئولکەی هەموو ئەقتاری دنیاوە
مەحاڵە شکڵی ئەو ناکەن سەرم لەم کارە سوڕماوە

«بەجوز[1] «مانی» موسەووير تاقی ئەبرۆی تۆی نەکێشاوە
کە «مانی» نەقشی کێشابێ ئەبێ هەروا کەمانی بێ»
دڵم دەردت بەدەرمان گەر نەزانێ با لەتو پەت بێ
هەمیشە یاخوا دووچاری ڕەنجو دەردو مەینەت بێ
لە ڕێگەی عەشقدا تووشی جەفاو دەردو مەشەققەت بێ
«وەفا داخی نەکا گەر دڵبەگوێزان چاکە لەت لەت بێ
زووبانی پێوەدا عەقرەب کەسێ میهری زووبانیبێ»
لەکاتی مردنا نایە دەمم دەم یاری بێ دینم
بە ئیعجازی مەسیحا هاتو تازەی کردەوە ژینم
لە سایەی ماچی لێوی سەد شوکور دەم پڕ لە هەنگوینم
«ڕەوانی کۆهکەن با تازەکا تەقریری شیرینم
بە شیرینیی دەمی نابێ شەکر با ئەسفەهانی بێ»
(کەمالی) سەیریکە چەندە پەشێوو زویرو بەدحاڵم،
جگەرسووتاو دڵداماوو سەوداکارو عەوداڵم
بە خوێنم ڕەنگ ئەکا وا دەستو پەنجەی یاری چاوکاڵم
«برینی باتینی[2] کوشتمی خەمۆشی تا بەکەی ساڵم
نیهانی بەسیەتی خوێنم خەنەی پەنجەی فلانی بێ»

---

(١) بەجوز: بێجگە.
(٢) باتینی: باطنی.

ئەم پێنج خشتەکییەش هەر لەسەر شیعرێکی - سالم -ە کە نیوەی یەکەمی بەیتەکە هی سالم -ەو بەکوردی، شیعرەکەی دواییکە -فارسی -یە - حافظی‌شیرازی - ووتوویەتی. ئەو دەستووره بە زاراوەی شیعری کلاسیکی پێیئەووترێ (ملمَّع).

بە یادی چاوی مەستی تۆ ئەنۆشم بادەیی سەهبا
لە شەوقی گەردنی تۆیە کە ئەگرم گەردنی مینا
ئەبێ نەیبێ غەمی دنیاوو عوقبا عاشقی شەیدا
«بەدەل کەین با بە نەشئەی مەی خوماری میحنەتی دنیا»
[ألا یاأیها الساقی أدر کأساً وناولها]
بناغەی ئەم جیهانە ئەی برایینە لە سەر بایە
ژیان ڕاستت ئەوێ دەردی سەرو ئەندووهی سەودایە
نەکەی تەفرە بخۆی بەم پیرە زاڵەی ناوی دنیایە
«مەحەللی ڕیحلەتە دنیا برا ئیمروزو فەردایە»
[جرس فریاد میدارد کە بربندید محملها]
وەکو هەندێ بە شمشێری برۆی دلبەر برینداریـن
بەدەردی عەشقەوە دڵ پڕ لە دەردو ئێش و ئازارین
لە ناو گێژاوی دەریای عەشقدا وەك من گرفتارین
«لەبیمی مەوجی دەریای ئەهلی دڵ زاهید خەبەردارنین»
[کجا دانند حال ما سبکباران ساحلها]
لە نەشئەی چاوی مەستی دلبەری بەینێکە سەر خۆشم
جگەر پێکراوی تیری غەمزە دڵزاماری ئەبرۆشم
بە ماچێکی دەمی ئەو نازەنینە گیانم ئەفرۆشم
«قسەی من شۆرەتی شارەو تەمامە تازە بیپۆشم»
[نهان کی ماند آن رازی کزو سازند محفلها]

دەخیلت بم قسـەی پیـرانی دنیـادیـدە مـەشکێنـە
بـە تۆ هـەرچی بڵێ گیانە بـەڕێوو جێو سەرو شـوێنـە
کـە چـونکـە شـارەزایـە تـۆ دڵی هـەرگیـز مـەرەنجێنـە
تـو خوا هـەرچی ئەڵێ نـاسیح لە نێكو بـەد بـە جێیبێنـە»
[کـە سـالك بـی خـبـر نـبـود ز راه ورسـم مـنـزلـهـا]
کـە هەڵدێنێ بـەناز ئـەو شۆخـە چاوی چـەشنی شاهینی
ئیتـر عـاشق ئـەبـەد نـامێنێ سـەبـرو تـاقـەتو ژینی
ئـەکا مـردوو بە خـەندە زینـدوو لێوی مـوعجیـزئـاییـنی
«کـە بـادی سـوبـحدەم ئـاڵۆز ئـەکـا زولفـانی چـین چینی»
[زتـاب جـعـد مـشـکـینش چـه خـون افـتـاد در دلهـا]
لە ڕێی عـەشقـا هـەزاران پـادشـاو سـوڵتـانو سـەرداران
هەموو عەودالو ڕیسوابوون لەدەشتو کووچـەیی شاران
ئـەمـان خـۆتـان بپـارێـزن لە فیتنـەی دیـدەخـومـاران
«مەحەببەت زۆر بە ئاشووبـە بە سـەهلی تێ مـەگەن یـاران»
[کـه عـشقئـاسـان نـمـود أول ولی أفـتـاد مـشـکـلهـا]
(کەمالی) بەم قسانە خەڵك ئەکەن هەرچەندە گاڵتـەو گەب
قـوبـووڵی کـا ئـەگـەر دڵداری دڵئـازاری شیـرینلەب
بـە پاسی دەرکـەکەی ڕازیم لە بـاتی ڕوتبەوو مـەنصـەب
«ویسـاڵی دلبەرە ـ سـالم ـ موقـەددەم تر لە هـەر مـەتڵەب»
[مـتـیٰ مـاتـلق مـن تـهـویٰ دع الدنـیـا وأمـهـلـهـا]

## ـ ٥ ـ[١]

کە من ساقیو مەیو شەمعو شەرابی نابو جامم بێ
نیگاری باوەفا هاوسوحبەتی شوربی مودامم بێ
بە زوڵفو ڕووی سەفابەخشایی ماتی سوبحو شامم بێ
بە ماچێ خۆشیفابەخشیبریێنی قەلبەو زامم بێ
ئەبێ ئیتر چ پەروای عەیبو عاری خاسو عامم بێ !
موبارەك بێ لە تۆ باخی بەهەشتو حۆریو غیلمان
بە تاپۆ موڵکی تۆیە سەلسەبیلو ڕەوزەیی ڕیزوان
لە بیرناچینەوە ئێمەش ئەچینە دۆزەخی یەزدان
ئەویش موڵکی خودایە ئیکە بۆ تەزویرو دامم بێ
عیبادەت بۆ ڕیا لای زاتی هەق خۆ پارەیە ناکا
فڕوفێڵو درۆ جەزبی دڵی ئاوارەیە ناکا
هەزار تاعەت هەناسەی بێ درۆی مەیخوارەیە ناکا
بەڵێ جەزبەی ریایی نەعرەیی مەی خوارەیە ناکا
ئیتر من بۆ ڕواڵەت بۆ ڕوکووعو بۆ قیامم بێ !
شوکور زۆر موستەریحم نە شەهەنشاهم نە خونکارم
نە شێخو زاهیدم نە واعیزی ووشکی ڕیا کارم
نە وەك بەعزێ خەریکی غارەتی ئەموالی توججارم
نە وەك بەعزێ بە دائیم مائیلی نەهبی کەرو بارم
بەسە گەر ساقییە سادەو شەرابی لەعلفامم بێ[٣]
ئەڵێن پێم بۆچی هەر باسی روخی خووبانە گوفتارت
سەراپا پڕ لەباسی دلبەرە دیوانی ئەشعارت
لەمیللەت بدوێ چاکە بکە تەبدیلی ئەتوارت
«کەمالی» مەگرە گوێ ئەم قەولە هەرتۆ چاکە رەفتارت
لە میللەت ئەبێ کاتێ بدوێم هەقی کەلامم بێ

---

(١) هەمان قەسیدە لە لاپەرە «٨»ی ـ گوڵدەستەی شوعەزی هاوعەسەم ـ دا چەند جیاوازییە هەیە:

ا ـ دێڕی چوارەمی لە پارچەی دووەم لەوی تردا بەم جۆرەیە:

[لە خاتر دەرنەچووین ئێمەش ئەچینە دۆزەخی سۆزان]

ئەم قەسیدەیە لە ـ گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم ـ دا پاکتر نووسراوەتەوە. ل ـ ٨ ـ ئەمەی ئێمە نووسیمانەوە لە لاپەڕە [٦٣]ی دیوانی ـ باخی میر ـ دا هەیە.

(٢) لەعەفام: لەعەڕەنگ.

- ٦ -

## «بۆ کۆچی فایق بێکەس»

نازانم دیسان بۆچ گەردوونی پیر
قاری گرتووە پڕقینەو زویر!
ئەگەڕێ بە سەر سەری یاراندا
بە هەموو ماڵێ بەدێو شاران دا
لە هەر جێگایە ببێ دانایێ
یا شاعیرێکی شیرین ئەدا بێ
لە پێشا خوێنی وورد وورد ئەمژێ
لە پاشا بەداخ بەدەرد ئەیکوژێ
ئەمساڵ وا زیاتر ئەگەڕێ کون بەکون
وەکوو ماڵدزراو گشت کون و قوژبن
شیوەنی [زێوەر] خۆ نەبووە تەواو
وا شینی [فایق بێکەس] هاتە ناو
ئەی کاکە فایق ئەی شاعیری کورد
خاوەن فکری بیکر خەیاڵاتی وورد
زۆر ڕەنجت کێشا لە ڕێی نیشتمان
خۆت خستە بەندو زنجیرو زیندان
مەڵێ بێکەسم باش تەماشاکە
تەماشای دەشتو چۆڵو سەحراکە
لە گەورەو بچووک لە پیرو جوان
لەبۆ پێشوازیت هەزاران ئینسان

له ڕێی هەڵەبجە وا چاوەڕوانن
هەموو کەسی تۆن چاو بە گریانن
مەڵێ: من مردووم نامریت نەمردوویت
فەلەك لە ئێمەی هەرچەند گوم کردوویت
بەڵام خۆ شێوەو یادت تا مەحشەر
لە چاوو دڵدا قەت ناچێتە دەر
نە شێوەت لەپێش چاومان ئەبێ وون
نە یادت لە دڵ ئەڕوا تا مردن...
تەئریخی کۆچی تۆم پرسی لە دڵ
جوابی دامەوە دڵەی پڕ سکڵ
ووتی بنووسە تۆ [یك دەم و دەس(١)
خدا خۆش بوە لە فائق بێ کەس]

---

(١) وادیارە ئەم شیعرە لەکاتی چاپ کردندا هەڵەی تێکەوتووە چونکە کۆی گشتی ئەو ژمارانە ئەکاتە (١٩٥١) لەکاتێکدا ـ بێکەس ـ لەساڵی (١٩٤٨)دا کۆچی دوایی کردووە.

- ٧ -[١]

شێخ قادر حەفید ئەحمەدی کاکی
بە لوتفو سەخاو بە دڵی پاکی
لە ناو عالەما یەکجار مەشهوور بوو
جەبینی پاکی پڕ شەوقی نوور بوو
زۆر زوو کۆچی کرد داخی بە جەرگم
بە منی نیشان‌دا ئاکامی مەرگم
تەئریخی کۆچی‌و شوێن‌و مەسکەنی
لە شێخ مەحموود -م پرسی پێکەنی
ووتم نازانم زوو بۆ بەهەشت چوو
پێیان ووتم [أ. غەرقی ڕەحمەت بوو].

(١) بۆ کۆچی دوایی «شێخ قادر حەفید»

ساقی لە داخی خەمی زەمانە
دەخیلم هەڵسە زووکە ئازانە
بگەرە فریام یەکجار پەشێوم
عەودالی دەشتو ڕەهەندەی کێوم
سوپای خەمو دەرد هێرشی هێنا
وولاتی دلم ئەکا ئیستیلا
ساقی گیان مەگەر تۆ بە پێکی مەی
بشکێنی ئازا ڕزگارم بکەی
بە یادی دیدەی مەستی سێوەنگت
لە شەوقی لێوی ئالی گوڵ ڕەنگت
دڵەی بە تالانبراوم قوربان
بسێنەرەوە توخوا ساقی گیان
هەر چەندە دلم بێ کەڵکە لای تۆ
بمێنێ چاکە نەونەمامی تۆ
دوور ئەخاتەوە لێت دەردو بەلا
بەلا گەردانی بالاتە بەخوا
ئەسووڕێتەوە وەکوو پاسەوان
ئەپارێتەوە لەقاپی یەزدان
کەوا بوو ئازیز شەرتو وەفات بێ
ڕزگاری بکە با هەر لەلات بێ
حەیفە پێت بڵێن کەبێ وەفا بوو
بەتالان برا دڵەی کۆست کەوتوو

دەردم گرانە
تو خوا مەردانە
زۆر باربەلێوم
واقوڕ ئەپێوم
ئەمرۆ تا فەردا
کەس چاری ناکا
جەیشو سوپای خەم
لە دەردو ماتەم
تێکە پێکی مەی
بمدەری پەی پەی
لە دەست سوپای خەم
تکات لێ ئەکەم
ئازیز بزانە
بۆ تو قەڵغانە
بە ڕۆژو بە شەو
بێ خۆراکەو خەو
هەرگیز ناسرەوێ
قەزات لێی کەوێ
ترسی خودات بێ
عەبدی دەرگات بێ
چاری نەکرد زوو
وا لەکیسی چوو

هەڵەبجە ساڵی - ١٩٤٥ -

ـ ٩ ـ

## «من نەگۆڕاوم»

من نەگۆڕاوم وەك جاران ماوم
لە دەردی دووریت دڵ پڕ زووخاوم
شێوەی ڕوخسارت لە دل جێگیرە
بڵێسەی عەشقت هەر بە تەئسیرە
عەکسی ڕووت لە ناو بیلبیلەکەی چاو
ناسوڕێتەوە بە فرمێسك و ئاو
تا ڕۆژی مەحشەر هەربەندەی گیانیم
مەحوی شێوەی تۆم نازانم خۆم چیم
بە جەوری فەلەك بە دەردی زەمان
لە یادم ناچی مەحبووبی دەوران
لەگەڵ خەفەتو دەردی زەمانە
وا زۆران ئەگرێ ئازیز بزانە
نایەڵێ خەفەت بگرێ مۆڵکی دڵ...
ئەمین بە کاتێ کە ئەچمە ژێر گڵ..
تۆ وا نەزانیت کەمن گۆڕاوم...
ئێستاش هەر شێوەت وا لە بەرچاوم..
بە عەشقت ژیام لە سەر ڕووی دونیا..
ئەوساش هەر عەشقت بۆ بەهەشت ئەمبا

هێزو هەناوم
بینایی چاوم
وەك گوڵ لەگڵدا
لە پەڕەی دڵدا
نەقشە وەك نگین
شۆخی مەهـ جەبین
من بێ وەفا نیم
بە یادت ئەژیم
بە خوا ئازیز گیان
یەك دەقیقەو ئان
عەشقت ئازانە
ئەی خان مەردانە
یاری جەبین گوڵ
هەر ئەڵێم بە کوڵ
وەك جاران ماوم
هێزو هەناوم
یاری بەوەفا
بەرەڵام ناکا

هەڵەبجە ساڵی ـ ١٩٤٤ ـ

- ١٠ -

ئەی مانگ ئەزانم تۆش دەردەداری
تۆش هەروەکوو من عاشقی یاری
تۆش شێتو شەیدای نازەنینێکی
عاشق بە باڵای گوڵچەبینێکی
بەڵام هەق نییە تۆ وا شەیدا بی
تۆش هەروەکوو من وێڵو ڕیسوابی
چونکە تۆ وەك من جێگەت پەست نیە
وەك من یارەکەت دوورەدەست نیە
لەسەر ئاسمانیت بێستوونو بەرز
ئەبینی باڵای یارت بەسەد تەرز
کاتێ ئەچیتە سەرجێگا بۆ خەو
تێر تێر باڵای ئەو ئەبینی بە شەو
زۆر باش تەماشای ووردە خاڵ ئەکەی
سەیرانی باخچەی لیمۆی کاڵ ئەکەی
نەك وەکوو منی هەژارو داماو
نابینم دیداری یاری مەستەچاو
کەوابێ نابێ تۆ وا شەیدابی
تۆش هەروەکوو من شێتو ڕیسوابی

- ١١ -

دوێنێ لە حەمام نازك ئەندامێ
گڵەسەرێکی بۆنخۆشی دامێ
ووتم پێم بڵێ توو هەقی خودا
عەتری عەبیری یا میسکی خەتا
ووتی خاکێ بووم من لەسەر زەمین
بەڵام لەگەڵ گوڵ بووم بەهاونشین
بۆنی خۆشی ئەو تەئسیری کرد لێم
ئەگینا خاکم خاکی سەرەڕێم

## «شینی شێخ مەحموودی نەمر»

ئە مساڵ لە پڕهات ڕەشەبای خەزان
هەڵی کەند ڕیشەی گوڵی کوردستان
کام گوڵ ئەو گوڵەی ئەحمەدی کاکی
ناشتیو ئاوی‌دا بە دەستی پاکی،
سەربەست بوو دلێر ڕەشیدو لاوچاك
شێخ مەحموود یەعنی حەفیدزادەی پاك
مەشهووری عالەم خۆش خولقو خۆش ڕوو
بە جۆرێ هەڵکەوت مانەندی نەبوو
سوپاشکێن بوو خاوەنی حەشەم
لە ڕۆژی جەنگا مانەندی ڕۆستەم
یا شێخ کۆچت کرد ئەمما وەکوو تۆ
کوانێ کە بێتو بڵێ من ئەمڕۆ
داخت بە جەرگی هەموو کوردا نا
شینو واوەیلا بەجارێ هەڵسا
یا شێخ تەشریفت برد تۆ بۆ جەننەت
ئێمەماینەوە بۆ دەردو مەینەت
تەئریخی ساڵی وەفاتت لەدڵ
ووتی: بنووسە ئەی پیری عاقڵ

لە بەدبەختیی من
لە بێخو لە بن
قوتبی ڕەببانی
بۆ کامەرانی
واریعو بەدین
ئەولادی «حسین»
بێ کیبرو عینوان
لەسەر ڕووی جیهان
ئازاو قارەمان
لەجەرگەی مەیدان
مەردی هونەروەر
ئازامو سەروەر
کاتێ کۆچت کرد
لە ناو گەلی کورد
بە شادمانی
لە دونیای فانی
کە پرسیم من زوو
[غەرقی ڕەحمەت بوو][1]

گیانە دوێنێ شەو لە نیوەی شەودا
خەوتبووم کە دیم لە شیرین خەودا
قاسیدێ هاتو نەمزانی کێ بوو
موژدەی دا کە دیم نامەی تۆی پێ بوو
نامەتم وەرگرت نامە سەر چاوم
زۆر خۆشی بەخشی بە دڵەی سووتاوم
فەرمووتە ئاخۆ چلۆنە حاڵت
بەبێ من توخوا چلۆنە ئەحواڵت
بە شەو چی ئەکەی چۆن ڕائەبوێری
لە دووریم چاوت ماوە یان کوێری؟
ئازیز ناوێرم حاڵم بەیان کەم
وا چاکە دەردم لە تۆ پەنهان کەم
با هەر نەزانی ئەحوالی زارم..
لە دووری بالآت هێند بێ قەرارم
لەسەد یەکێکی گەر بۆت بەیان کەم
باسی دەردی دل شەرمی هیجران کەم
ژەنگاوی ئەبێ ئاوێنەی دڵت،
زەرد ئەبێ ڕوخسار وەك پەڕەی گوڵت
وا چاکە گیانە حاڵم نەزانی
بام حەرام نەبێ لێت زیندەگانی
هەر خۆم بزانم دەردی دڵی خۆم
توخوا با بۆخۆم هەر خۆم خەم بخۆم
ئەوەندە ئەڵێم: لاشە بەبێ گیان
چۆنە بەبێ تۆ منیش وام قوربان

- ١٤ -

ئەزانی ئایا بۆ چییە ئینسان...،
کە دروست ئەکا کۆشکو خانووی جوان
ئەکا تەلارو هەیوانی ڕەنگین
ئەنێژێ گوڵو ڕێحانەو نەسرین
ئەڕوێنێ داری چنارو عەرعەر
لە ناو باخ لەگەڵ سەروو سنەوبەر
بۆ ئەوە چاکە بەدڵی بێ خەم
لەو جێگایەدا یاران بکا جەم
خۆش ڕاببوێرن تاببن دڵشاد
خەمو پەژارەی دنیا دەن بەباد
ئەگینا کەسێ فامو هۆشی بێ
دڵی خاوێنی پڕ لە جۆشی بێ
چۆن لە خاك دروست ئەکا مەنزڵێ
مەنزڵێکی وا لە ئاوو گڵێ
کۆ ئەکاتەوە سامانی دنیا
ئەیخاتە ژێر خاك تێری لێ ناخوا
سبەینێ کە مرد لە دوای جێ‌مێنێ
خەزنەکەی میراتگر دەری بێنێ

- ١٥ -

## «تۆبە»

ووتم بە دڵەی هەژار
لە عەشقی یاری نازدار
لە گەڵ من بە قینەو قار
یار بێ ڕەحمەو غەددارە
لە گەڵ من جەفاکارە
تۆبە تۆبە هەزار جار
ئەی دڵ وەرە تۆش وەك پیاو
بەسە با نەبی بەدناو
تۆش تۆبەکە هەزار جار

تۆبە تۆبە هەزار جار
ڕووخۆشە لەگەڵ ئەغیار
وا تۆبە ئەکەم ناچار
هەر مەیلی بە ئازارە
بەشم دەردو جەخارە
لە عەشقی یاری غەددار
وەکوو پیاوێکی تەواو...
خۆت دەربهێنە لە داو
لە عەشقی یاری غەددار

- ١٦ -

## «زەمین»

زەوی ڕازی خۆی ئاشکرا ئەکا ئەگەر
ئەوەی وا لە دڵیایە بیخاتە دەر
ئەبینی لە شیرین سواران پڕە
لە شاهەنشاوو تاجداران پڕە
پڕی مەردی زانایی دەریا دڵە
پڕی نازەنینانی ڕوومەتگوڵە
بە سەر خاکی ئەم شەهریارانە دا
بەسەر ئەم هەموو گوڵعوزارانەدا
تکایە برای خۆشەویستو عەزیز
بە سەریا مەڕۆ تۆ بە دەعیەوو فیز
کە ئەم خاکە گۆنایە، لێوە، دەمە
خەتو خاڵە سینەو بروو پەرچەمە
زەمانێ ئەمانیش لەسەر ڕووی زەمین
گەڕاون بەکامی دڵو پێکەنین
بە دەردی دڵی زویرو خەمناکەوە
لەپاشان هەموو چوونە ژێر خاکەوە

- ١٧ -

## «بۆ «تانیا» ی خۆشەویستم»

«تانیا» تەنیا تۆی مایەیی ژیانم
ئەم جەژنە شادیت لەمن کرد بەشین
لە جەژنا دوژمن خۆ لەگەڵ دوژمن
لە بەدبەختیمە لێم زویر بووی گیانە
جەژنەپیرۆزەو خۆشیو دڵشادی
خۆ بۆ من نەبوو بێ وەفا دلبەر

هەر تۆی تەسکینیو ئارامی گیانم
بە خوا حەیفت کرد شۆخی نازەنین
گەردنئازادی ئەکەن تەنیا من
ئەوە کەی شێوەی وەفای ئینسانە ؟
دەست لەمل کردن گەردن ئازادی
داوێنت ئەگرم لە سارای مەحشەر

ڕیشۆڵەی هەژار ڕیشۆڵەی هەژار
تو خوا بەس بکە ئەم دارو ئەودار
بەفر گرتوویە ڕووی زەوی‌و ناوشار
نە دان نە گەنم هیچ دەس ناکەوێ
من دیموکراتیم مەلی هەرزەکار
بە پەڕو پۆڕی هەروەك پۆڕەوە
مەوەستە بەبان گوێ پاسارەوە
با بۆت ڕۆ بکەم بەئارەزوو دان
بە دەنووك جوان جوان بیچنەرەوە
ئاوت ئەدەمێ بە پیاڵەی بلوور..
گەر ئارەزووت بێ بچیە ناو قەفەس
بچۆرە ناو دڵ وەك قەفەس تەنگە
لە بەفرو باران لەوەیشوومەی «با»
گەرم ئەبیتەوە بە شەرارەی دڵ
منیش لەدەس‌خەم زوو ئەبم ڕزگار

مەلی ئێسكسووك ریشۆڵەی هەژار
بەس بگرە سەربان گوێسوانەو پاسا
ڕەشایی نییە لە دونیا دیار...
تۆش برسیت ئەبێ قەزات لێم کەوێ
دانت ئەدەمێ بە بارو تەغار
بە لەنجەو لارو یاڵە شۆڕەوە
قونەیەك بکەو وەرە خوارەوە
لەگەنمی سووری وەکوو ئاڵتوون جوان
خەم‌و پەژارەم لە بیر بەرەوە
لانەت بۆ ئەکەم لە هەیوان‌و ژوور
دڵم حازرە بووە بە قەقنەس
بە خوێنی زامی جەرگم گوڵ ڕەنگە
ناهێڵم هەرگیز ببینی سەرما
ئیسراحەت ئەکەی ڕیشۆڵەی سەرچڵ
تۆش سەرمات نابێ ڕیشۆڵەی هەژار

- ١٩ -

## «ئامۆژگاری بۆ لاوەکان»

مەشهووره ئەڵێن شێر کە برسی بوو / لە بێشەکەی خۆی یەتە دەرێ زوو
ئەگەڕێ بە تاو لە دەشتو سارا / هەتا نێچیرێ زوو بکات پەیدا
کە نێچیری دی خوێنی ئەمژێ / تێکی ئەشکێنێ ئازا ئەیکوژێ
تێری لێ ئەخواو ئەگەڕێتەوە / لە پاش ئەو ڕێوی ئەسووڕێتەوە
ئەدۆزێتەوە زوو پاشماوەی شێر / تێری لێ ئەخوا جا ڕێوی بێ خێر
هەندێ مەرد هەیە هەروەکوو شێرن / نەبەزو گەورەو ئازاو دلێرن
زۆر کۆشش ئەکەن هەتاکوو ئەمرن / منەتی باوکی خۆشیان هەڵناگرن
پەیدا ئەکەنو تێری لێ ئەخۆن / پاشماوەکەیان جێ دێڵن ئەڕۆن
لە پاش ماوەیەك ئینسانی تەمەڵ / تێر ئەبێ هەروەك مام ڕێوی دەغەڵ
پاش ماوە مەخۆ وەك ڕێوی کاکە / شێر بە پاشماوەی تۆ بخۆن چاکە

- ٢٠ -

تۆ تەماشا کاکە هەنگامی خەزان / بە وەیشوومەی بای پێشڕەوی زستان
گەڵای درەختی تازەو سەوزو تەڕ / شەوبۆ، ڕێحانەو وەنەوشەو شەست پەڕ
زەرد ئەبن ئەڕزێن گشت هەڵئەوەرێن / بەرگەی وەیشوومەی بای زستان ناگرن
بەڵام یارەکەی نازەنینی من / پەرچەم ڕێحانەو گوڵجەبینی من
بەهارو پاییز هاوینو زستان / بە هەرچوار کاتی تەڕو تازەو جوان
چونکە پێی ئەوان لەناو گڵ دایە / پێی یارم لە ناو جەرگو دڵ دایە
بە تینی دڵەی پڕگڕەو شەرەر / لە سەرمای زستان نابینێ زەرەر

- ٢١ -

ئەی دڵەی بۆ خەم خوڵقاو
ئەی دڵەی لێم تەوەللا
چەند تکام کرد لێت ئەی دڵ
مەکەوە شوێن نازداران
بام نەکەویتە ناو بەند
لە کەمەندی پەرچەما..
ئەم جارە زۆر موشکیلە
بێ گوێ بە قسەت نەکردم
ڕۆیشتیت بە تەپاوتل
دیلو یەخسیری کردی
کەوابوو توخوا ئەی دڵ
منی کەساسو هەژار
ئەگەر ڕوخسەت ئەدا پێم
بۆ بەردەبازی سەر ڕێ

ئەی بێ هێزو تینو تاو
دووچاری دەردو بەڵا
ووتم بەس بمکە خەجڵ
هەر وەکوو جاری جاران
مەبە یەخسیری کەمەند
لە ناو پەرچەمی خەما
ڕزگارت بێ ئەی دڵە
هەتاکوو ئابڕووت بردم
تاکو دلبەری دەم گول
بەندی زنجیری کردی
بڵێ بەیاری دەمگول
بەبێ دڵ ناگرم قەرار
بە شوێنیا منیش بابێم
خۆم دابنێم لە ژێر پێ

شەماڵ بۆ لای لەیل شەماڵ بۆ لای لەیل
شەماڵ دەخیلم بچۆ بۆ لای لەیل
بۆ لای لەیلەکەی بێ وەفا بێ مەیل
پێشکەش کە نامەی دەروون لەخەم کەیل
بڵێ ئەی ئازیز شۆخی بێ پەیمان
بێ شەرتو مروەت بێ وەفاو ویژدان
مەجنوونی شەیدای هەرزە گێلەکەت
دەروون لەخەم کەیل شێتو وێڵەکەت
دائیم هەر ئەڵێ بە پەرۆشەوە
بە دڵی زویری پڕ خورۆشەوە
گیانەکەم خۆ من بە ڕۆژو بە شەو
ناسرەوم دائیم بێ خۆراکو خەو
لەبەر دەرگاکەت هەتا بەیانی
ئەسووڕێمەوە بۆ پاسەوانی
بۆ بەردەبازی سەر ڕێگات سەرم
بۆ فەرشی بەرپێت دڵەی بەنەرم
دائیم ئامادەن بە ئارەزووی گیان
هەتا پێت نەگات زەرەرو زیان
تۆش کەچی تا بێ مەیلت کەم ئەبێ
دڵم دووچاری دەردو خەم ئەبێ
نە ڕوویەکی خۆش نە وەفات هەیە
تەنها هەر جەورو هەر جەفات هەیە
منیش وا دڵم لەتۆ تەوساوە
مەیلە گەرمەکەی ئەوسام نەماوە
ئەمجا کێ بیکات شەو پاسەوانی
لە بەردەرگاکەت هەتا بەیانی
کێ دڵی لەت لەت بکات وەک شانە
کە پێی دابێنێت ئەم قژە جوانە !
من ڕزگارم بوو لەدەردو جەفا
تۆ زیان ئەکەی یاری بێ وەفا

ساڵی ـ ١٩٥٠ ـ

کـەرێـکـی پـیـرو لەڕو دەردەدار
لە ژێـر بـارەدار شـان‌ومـل زامـدار
شـێـرێـکـی مـردووی ڕۆژێ لەدەشـت دی
بـە هـەر نـەوعـێ بـوو پـێـسـتـی داڕنـی
کـردیـە بـەری زوو ووتـی مـن شـێـرم
شـێـرێـکـی بـەسـام ئـازاو دلێـرم
وایـان ئـەزانـی شـێـرە بـە یـەکـجـار
هـەر کـەسێ ئـەیـدی زوو ئـەیـکـرد فـیـرار
زۆر دڵی خـۆش بـوو ووتـی لەمـەولا
هـیـچ کـەس نـاتـوانـێ بـارم لێ بـکـا
بـە خـۆشی ئـەژیـم هـەمـیـشـە بـۆ خـۆم
بـۆ هـەر جـێـگـایـە حـەز بـکـەم ئـەڕۆم
ڕۆژێـکـیـان ووتـی لە دڵی خـۆیـا،
بـا نـەعـرە لێـدەم لە دەشـت‌و سـەحـرا
تـاکـوو بـتـرسـن لە دەسـتـم ئـیـنـسـان
بـەربـووە زەڕە زەڕ کـەری بـەسـتـەزمـان
وەخـتـێ زانـیـیـان خـەڵقـی کـە کـەرە
کـەرێـکـی گـەڕو پـیس‌و بـێ فـەڕە
دەوریـان گـرت دایـان ڕنـی پـێـسـتـی شـێر
شـەلتـەیـان خـسـتـە سـەر کـەری بێ خـێر
گـلێـان پـێ کـێـشـا تـا گـیـانـی دەرچـوو
نـەتـیـجـەی کـیـبـرو مـەغـرووری وابـوو

## ٢٤

ئەم خەڵکە هەموو وابوون بەحەققە
کەچی لە لایان قسەی حەق ڕەقە
هەر حەقەو لەژێر ناحەق ئەنقێنێ
هیچ کەس ناوێرێ ناوی حەق بێنێ

## ـ ٢٥ ـ

ئیمڕۆ پێی ووتم لاوێك مامۆستا
پێویستە عەسا هەڵگری ئێستا
چونکە تۆ چاوت کزبووەو پیری
بێ هێزو توانای یەکجار زویری
ئەترسم بەبێ عەسا بکەوی
خۆگەڕۆکیشیت هەرگیز ناسرەوی
جوابم دایەوە ووتم ڕۆڵە گیان
سەروی باڵاکەت عەسامە قربان
تاکوو باڵای تۆ عەسابێ بۆ من
من ترسم نییە گیانە لە کەوتن

ئازیز نەمزانی وەفا لات قاتە
هەر جەورو جەفاو دەردم خەڵاتە
بێ مروەتیی تۆ لە حەد بەدەرە
نسیبی دڵم زامی خەتەرە
خۆ من سەرم کرد بە سەرگەردی ڕێت
دڵم کرد بە فەرش، خاکی بەری پێت
بە شەو پاسەوان کۆڵانەکەت بووم
بەڕۆژ خادمی دەرگانەکەت بووم
هەر ئەمرێکت کرد ووتم بە سەر چاو
زوو بەجێم هێنا تەکمیلو تەواو
ئەمرت لەلای من واجبو فەرزە
من بەم ئەحواڵە ئەتۆ بەم تەرزە
شەرت بێ دڵەکەم بسێنمەوە لێت
بێ وەفا ئیتر قەت مەیل نەدەم پێت

دەنکە شەونمێ بە وێنەی دوڕ، جوان
دێتە سەرگوڵی بۆنخۆشی بەیان
سونبول پەخش ئەبێ دائیم بە سەریا
وەنەوشە سوجدە ئەبا لە بەریا
بەم جاهو قەدرە دڵی خۆش ئەبێ
بە بۆنی خۆشی گوڵ سەرخۆش ئەبێ
هەڵئەسێ ئەچێ بۆ ئەوجی فەلەك
ئەیەوێ ببێ هاودەمی مەلەك[1]
چونکە زعیفەو بێ تاقەتو تاو
مەحو ئەبێتەوە بە نووری ئافتاو
ڕاستە ئاکامی مەغرووری وایە
قەت مەغروور نابێ ئەوەی زانایە

ـ ٢٨ ـ

بەڕاستی خۆشە عاشق یاری شۆخو میهرەبانی بێ
بەهاران فەسڵی گوڵ ناو باخو گوڵزارێ.مەکانی بێ
سەری یاری وەفاداری لە سەر سەرسنگو ڕانی بێ
دڵی خۆشو سەری پڕجۆشو ئیقبالی جوانی بێ
لە من دادو لە ئەو نازو نیازو عیشوەئارایی...،
بکەم ڕازو گلەی شەوگاری دووری ڕازی تەنهایی
شەوێکی مانگەشەو خۆشە بخوێنێ بولبولی شەیدا
لە ملمابێ دەسی دڵدارو شۆخی میهرەبانی وا
خۆشە عاشق لە دڵداری ببینێ کامی دڵ بەخوا
لەمە زیاتر نییە کەیفو سەفاو خۆشی لەدنیادا
منو ئەم ئارەزووی کەیفە بەڕاستی شێتو مەجنوونم
ئومێدی سەیر ئەکەم بە خوا لە بەختی شوومی واژوونم

---

مەلەك: فریشتە

چ خۆشە کاتێ جوانی عەشقی یاری ماهرۆخساری
کە عاشق دڵبدا وەك من بەدڵداری وەفاداری
لە ناو باخ و گوڵستانا هەوای ساف چەمەن زاری
لەگەڵ یارا بکەی سەیرو سەفای بێ ترسی ئەغیاری
شەرابی ناب و[1] گوێی ئاوو شەوی مەهتاب[2] و فەسڵی گوڵ
خورەی ئاوو سەدایی عوودو تارو نەغمەیی بولبول
شنەی بابێت بەسەرما خۆشە دائیم لە ڕوویی سەحرا
بهێنێ بۆم هەمیشە بۆنی عەترو عەنبەری سارا
لەلام خۆشە بەڕاستی جێگەییکی واوو فەسڵی وا
لەگەڵ تۆ ئەی نیگاری نازەنین ئەی شۆخی بێ هاوتا
بەلام دووربین لە چاوی دوژمنان و خوێش و بێگانە
سەری تۆبێ لە سەر ڕانم دەسی من بگرێ پەیمانە[3]
بەڕاستی خۆشە لام بچنم لە باخی ڕووی نیگارم گوڵ
لە دەستمابێ دەسی دلدارو بەختیاربین بەکامی دل
بکەین ڕازو گلە جار جار بنۆشین پێکی بادەو مول
بە دەنگی یا کەریمی قومری‌یو بانگ و سەدای بولبول
لە سەرسنگم بێ ڕووت ئاڵۆزبکا با زولفی پڕچینت
دەمی من بێ لەسەر دوولێوی ئاڵی لەعلی شیرینت
چ خۆشە ماچی‌کەم سەرتا بەپێ سینەو گریبانت[4]
گەهێ دووچاوی مەخموورت گەهێ زوڵفی پەرێشانت
دەم و لێوو چەناگەو ڕوومەت و سەرسنگ و مەمکانت
وەکوو ئاسك ئەگەر سڵ‌کەی بکەم گیانم بەقوربانت
شەوێکی وام ئەوێ بۆ تۆڵەیی شەوگاری جیاییمان
هەتاکوو تازەکەم دووبارە یادی ئاشناییمان

---

(١) ناب: ساف و بێ غەش.
(٢) مەهتاب: مانگەشەو.
(٣) پەیمانە: پیاڵەی شەراب،دەفری شەراب.
(٤) گریبان: بەرۆك، باخەڵ

ئەی مانگ لەلای خۆت تاکی بەجوانی
وا دەماغبەرزیو لەسەر ئاسمانی
گەشتو گێل ئەکەی بەدڵی بێ خەم
شەوق ئەدەیتە سەر ڕووی هەموو عالەم
بە شۆخیو جوانیت بۆچ مەغرووری تۆ ؟
خۆ نیتە باڵاو برژانگو برۆ
زەردەخەنەو ناز عیشوەو پێکەنین
قسەی ڕەنگینو گفتوگۆی شیرین
دیدەی وەك نێرگز زوڵفی وەك شەوبۆ
ئەی مانگ ئەمانەت لە کوێ هەیە تۆ ؟
خۆزگە تۆ مانگی منت بدیایە
تاکوو خۆت لە بەر چاو بکەوتایە

- ٣١ -

فەلەك ڕاست بڕۆ فەلەك ڕاست بڕۆ
توو بىو خودا فەلەك ڕاست بڕۆ
پێم بڵێ بەڵام بێ فێڵو درۆ
مانگی من جوانە یاخۆ مانگی تۆ !
مانگی من خاوەن بەژنو باڵایە
باڵای بە وێنەی سەروی ساوایە
چاوی هەروەکوو کارئاسکی خەتا
هۆشو ئارامی عاشقان ئەبا
مانگی تۆ لەکوێ بە قسەی شیرین
بەعیشوەو لەنجەو لارو پێکەنین
خۆشی ئەبەخشێ بە عاشقی زویر
جوان ئەکاتەوە دڵی پیاوی پیر ؟
لای خۆت مانگی تۆ بە جوانی تاقە...
خۆ چەند شەو هیلال چەند شەو مەحاقە
مانگی من کەوا لە زەمین دایە
دائیم لە تافی چواردەمیندایە
مەحاقی نییەو بە هیلال نابێ
فەلەك تۆ شێتیت مانگ ئەبێ وا بێ
مانگ مانگی منە قەت ئاوا نابێ

وەتەن ئەی نیشتمانی خۆشەویستم، بۆچی داماوی
وەکوو بەرگی درەختی پاییزان بۆچ زەردو ژاکاوی
بەوێنەی پەرچەمی یارم چییە وا گرژو شێواوی
مەگەر نازانی تۆ هێزی هەناوو نووری دوو چاوی
بەسە سەر هەڵبڕە تووبیو خودا ئەی نیشتمانیجوان
وەتەن ئەی دایکی زەندو بەختیارو کەڵهوڕو بابان
وەتەن وا ڕۆڵەکانت پێ گەیشتوون شێری مەیدانن
لە دنیا تێ گەیشتوون ئەهلی عیلمو فەننو عیرفانن
لە ڕێی تۆدا هەموو یەك یەك فێداکاری دڵو گیانن
کە تۆ ماتی هەموو ماتن کەشادبی جوملە شادانن
فیدات بم بەسیە بەس عاجز مەبە ئەی نیشتمانی جوان
وەتەن ئەی دایکی زەندو بەختیاری و کەڵهوڕو بابان
ئەمین بە ڕۆڵەکانت یەك نەفەس غافڵ لە تۆ نابن
بەحیلەو مەکری شەیتانزادەکان هەرگیز خەڕۆ نابن
بە پارەی دوژمنو بێگانە فێری هاتو چۆ نابن
وەکوو جاران ئەبەد وێڵی قسەی پوچو درۆ نابن.
ئەکەین قوربانی تۆ دایکی وەتەن یەك دەفعە ماڵو گیان
بژی ئەی دایکی زەندو بەختیاریو کەڵهوڕو بابان

سەرێك بۆ وەتەن نەبێت تووشی دەرد
وەکوو شێت نەکا مەیلی کەژو هەرد
خۆی نەکا تووشی زامی دەردو بەرد
تا وەتەن دەرکا لەدەستی نامەرد
ئەو سەرە یاخوا بەستەی فیتراك[1] بێ
بە بەردەبازی سەر ڕێی ناپاك بێ
دڵێك بۆ بەرزیی وەتەن نەدا جۆش
هەمیشە نەیکا فیکرو بیرو هۆش
بەعەشقی وەتەن ئەو نەبێ سەرخۆش
دائیم پڕ نەبێ لە نەشئەو خورۆش
ئەو دڵە یاخوا بەر خەنجەر کەوێ
بەر تیرو شمشێر بەر نیشتەر کەوێ
دەمێك لە مەدحی وەتەن نەدا دەم
بە قسەی شیرین لاوان نەکا جەم
نەیان بزوێنێ گەر زۆرو گەر کەم
تا وەتەن دەرکەن لە دەست نامەحرەم
ئەو دەمە یاخوا پڕ ژەهری مار بێ
لە زەقنەمووتو زەقووم سەرشار بێ[2]
پێیەك لە ڕێگەی بەرزیی وەتەنا
نەگەڕێو نەسوێ لەپای تەوەنا[3]
بەشاخو کێوو بەبن دەوەنا
دائیم بە هەردو دەشتو ڕەقەنا
ئەو پێیە یاخوا بەستەی زنجیربێ
غەرقو نقوومی دەربەندی میربێ

هەڵەبجە (١٩٤٠)

---

(١) فیتراك: دارەبەن، یا چەرمی باریك کە بە پاشەوەی زینی ئەسپەوە دەبەسترێ شتێکی بە تەركو پاشوویەوە هەڵدەواسرێ.

(٢) سەرشار: پڕ.

(٣) تەوەن: کۆمەڵەبەرد.

ڕۆژێ ڕاوکەرێ بەیانی زۆر زوو
هەستا ئازانە بۆ سەرکەژێ چوو
وا ڕێکەوت وورچێ تووشی بوو لەوێ
برینداری کرد گرتی دەست بەجێ
ووتی مەمکوژە ئاغا بە قوربان
خزمەتت ئەکەم بە دڵو بەگیان
ڕاوکەر ڕازی بوو وورچ بوو بە نۆکەر
خزمەتی ئەکرد لەدەشتو لەدەر
ڕۆژێ لەگەڵ وورچ بۆ سەفەر ئەچوو
ڕێگاکە دوورو گەرمای هاوین بوو
لە ژێر سێبەری دارێکا هەردوو
دانیشتن ڕاوکەر خەوی لێ کەوت زوو
مێشی زۆر هاتن چوونە سەر ڕاوکەر
خەریك بوون هەردوو چاوی بێننە دەر
وورچەکە بەدەست بەدارو گەڵا
دەری ئەکردن ئەهاتنەوە دوا
تەلەبەردێکی دۆزییەوە بە مشت
ماڵی بەسەریا هەموویانی کوشت !
زوو گیانی دەرچوو ڕاوکەری فەقیر
وورچەکە ڕۆیشت ڕایکرد وەکوو تیر
ڕەفیقی وورچ بیت یا هی پیاوی کەر
گەر بکەیت ئەبیت دووچاری خەتەر
ئەم نەسیحەتەم بگرە گوێ گیانە
با تووشی خەتەر نەبیت بیزانە

- ٣٥ -

حەزرەتی یەعقووب ڕەسوولی ڕەحمان
یەکێ لێی پرسی ووتی بە قوربان
لە «میسر» بۆنی کراست بۆ هات
خۆ بیری کەنعان نزیکە لەلات
تۆ چۆن نەتزانی کە لە وێدایە.
سەرم سووڕ ماوە لەم ماجەرایە
فەرمووی ئەحواڵی ئێمە بزانە
بێ عەینیی وەکوو بەرقی ئاسمانە
گاهێ وا لەسەر ئاسمان نشینین
گاهێ پشتی پێی خۆمان نابینین

- ٣٦ -

## «خوا ناسی»

خودا ناناسرێ بە لیباسی جاو
بە خەرقەی دڕاو جل پینە کراو
بە شەرتێ خودا بناسی بە حەق
لە بەرکە بەرگی سوورمەو ئیستەبرەق
بە کڵاوی قووچی ئاوێنە لەسەر
بەعەساو کەوڵی پێستی بزنو مەڕ
لە مانە هەموو سەرفی نەزەر کە
بەدڵ خواناس بە شەپقە لەسەرکە

- ٣٧ -

بە حەقی زاتی واحیدو ئەحەد
مار زۆر چاکترە لە ڕەفیقی بەد
مار پێتەوەدا هەرگیانت ئەبا
پیاوی بەد گیانو ئیمانت ئەبا

- ٣٨ -

زەمینی «شۆرە» گوڵی لێ ناڕوێ
بچۆ بینێژە لە خاکی پاکا.
گەر چاکە بکەی لەگەڵ پیاو خراپ
وەك خراپەیە لەگەڵ پیاو چاکا

- ٣٩ -

خەڵکە دەمێکە سەرم سووڕ ماوە
ئادابو ڕەحمو وەفا نەماوە
ئینسان بە وەفاو ئەدەب ئەناسرێ
گەر بە سمێڵ بێ پشیلە پیاوە !

- ٤٠ -

گەر شەراب ئەخۆی بیخۆ لەگەڵ پیاو
یان لەگەڵ کچی جوانو کوڕی لاو
زۆر مەخۆرەوە تێکچیت چاوەکەم
جار بە جار بخۆ بەلام هەرکەم کەم

- ٤١ -

مژدەبێ لە تۆ نیشتمانی جوان
لە ئاسۆی بەرزی کەژی کوردستان
وا لەپڕ دەرکەوت «شەفەق»ی بەیان
ڕوونی کردەوە مەڵبەندی کەیوان

- ٤٢ -

ئەگەر هەڵکەنیت زەوی مەیخانە
بە پاچو بە بێڵ تا ڕۆژی مەحشەر
لە باتی کووپەی لەتوپەت گیانە
«تۆبە» ی شکاوی هەر لێ دێتە دەر

- ٤٣ -

گەر لە هاتنت ئەبووم ئاگادار
ئەمچاند لە ڕێتا گوڵو ڕێحانە
نەم ئەهێشت کە پێ بخەیتە سەرخاک
چاوم ئەکردە فەرشی پێت گیانە

- ٤٤ -

ئەو چاوە خەواڵووانە مەستی کردم
ئەو پەرچەمە دیلو پای بەستی کردم
من بەندەیی ئەو دووچاوە مەخموورانەم
وا عاشقو ڕەندو مەیپەرستی کردم

- ٤٥ -

گەر نایەڵێت گیانە بەفیدای لێوو دەمت بم
ڕوخسەت بدە توخوا کە بە خاکی قەدەمت بم
فەرمووتە سبەی جەژنە ئەکەم ماچی خەڵاتت
یارەببی بە قوربانی خەڵاتو کەرەمت بم

- ٤٦ -

تەماداری کەرەم هەرگیز نەبی لەم ئەهلی دنیایە
کەمندالن هەمیشە دەست ئەبەن هەربۆ دەمی خۆیان

- ١ -

## «درەختێك»

درەختێ کەوا تاڵە ئەسڵی لە دەشت
هەڵێکێشە تۆ بیبە باخی بەهەشت
لە کەوسەر بدا ئاوی گەر حۆری عەین
بکا خزمەتی جیبرەئیلی ئەمین !
زەمانێ کەوا پێ ئەگاو بەر ئەدا
وەکوو خۆی بەری تاڵو بێفەڕ ئەدا
لە ئەسڵا کە چونکە بەدە خیلقەتی
بە دەست خۆی نییە تاڵە ماهییەتی

- ٢ -

## «پاییزی دڵداری»

شـەماڵ دەخـیـلم بچـۆره گـوڵزار
لە جـیـاتـی بـەنـدە بـڵێ بـە دڵدار
ئـاخـۆ لە بـیـرتـە ئـازیـز ئـەو ڕۆژەی
کـە جـێـگـەی گـوڵی گـرتـبـۆەوە خـار !
هـەر مـنو تـۆ بـووین لە نـاو گـوڵشـەنـدا
جگـە لە ئـێـمـە تـیـا نـەبـوو دیـار
فـەرمـووت داخـەکـەم ئـەوا پـایـیـز هـات
لەمـەولا چـی بـکـەیـن لە نـاو ژووری تـار !
ووتـم پـایـیـزی عـەشـقـی مـنو تـۆیش
گـیـانـەکـەم ڕۆژێ ئـەبـێ ئـاشـکـار
ئـەمڕۆ کـە لەیـەك جـیـا ئـەبـیـنـەوە
بـێـتـەوە بـیـرت قـسـەی مـن ئـەی یـار
کـە لە دوای خـۆشـیی گـیـانـەکـەم خـەم دێت
لە دوای شـادی دەردو مـاتـەم دێـت

- ٣ -

## «دەنکێ کوولەکە»

دەنکێ کوولەکە وەقتی بەهارێ
سەوز بوو لە بێخ سپی چنارێ
چنار تەمەنی سی یا چل ساڵ بوو
بە وادەی مانگێ ئەم پێیدا هەڵچوو
ڕۆژێ کوولەکە ووتی بە چنار
تۆ زۆر تەمەڵیت ئەی بێ ئیعتیبار
من وا بەبیست ڕۆژ گەیشتمە ژوور تۆ
بە قەتدا هەڵچووم ئازاو سەر بەخۆ
تۆ چونکە هێندە تەمەڵو نامەرد
دوا کەوتی لە من پەشێوو ڕەنگ زەرد
جوابی دایەوە چناری ئازاد..
ووتی: کوولەکە تۆ مەبە دڵشاد
بە مەی کەوا زوو ژووروووی من کەوتووی
سەربەستو سەوزی وەها هەڵکەوتووی
بوەستە هەتا ئەشنێ بای خەزان
سەرما لێمان دا هەنگامی[1] زستان
ئەوسا لێت مەعلووم ئەبێ بە یەقین
کاممان تەمەڵو بڵحو نامەردین.

- ٤ -

**«پیر»**

لاوێك پیرێكی پشت كوماوەی دی
وورد وورد ئەگەڕا لاوەكە پرسی:
چیت لێ وون بووە توخوا مامە گیان !؟
جوابی دایەوە پیری قسە زان:
ووتی چاوەكەم بۆچی نازانی
وونم كردووە تەمەنی جوانی !؟

- ٥ -

**«بازرگانو تووتی»**

ئەڵێن تاجرێ بووە لە ئێران
بۆ كڕینی ماڵ ئەچووە هیندستان
پێش ڕۆیین پرسی لە ماڵو مناڵ
چیتان بۆ بێنم لە دیاریو كووتاڵ
هەریەك شتێكی داوا كرد ئەوسا
تووتییەكی بوو لە ناو قەفەسا
پێی ووت كە چوویتە خاكی هیندستان
تووتی ئەبینی لە سەر درەختان

بلێ تووتی من وا له ناو قەفەس
له دووریی ئێوه بووه به قەقنەس
تاجر که چووه خاکی هیندستان
قسەی تووتییەکەی ووت به تووتییەکان
لەپڕ تووتییەك کەوته خوارەوه
گیانی دەرچوو زوو به پەژارەوه
تاجر ووتی ئەم تووتییه هەژاره
خزمی تووتییەکەمی منه وا دیاره
له دەردی دووری ئەو وا دەستوبرد
کەوته خوارەوه گیانی تەسلیم کرد
بۆ وولاتی خۆی که گەڕایەوه
قسەی بۆ تووتی زوو گێڕایەوه
تووتییەکەی ئەویش کەوتو لەپڕا
به لنگەفرتێ گیانی لێ بڕا
منالان دەستیان بۆ کرد بەگریان
له پاش شیوەنو زاریی فراوان
لاقێکیان گرتو خستیانه کوڵان
زیندوو بووەوه فڕی بۆ سەربان
ووتی به تاجر ئاغا به دووعا
ماڵت ئاوابێ هەرخۆش بیت یاخوا
ئەو تووتییەی وا له هیندستان مرد
نەمردووه بۆ من راسپێری وا کرد
یەعنی تا نەمری هەر ئەسیر ئەبی
لەناو قەفەسدا دیل، زویر ئەبی
ئەگەر تۆ پیاویت زوو خۆت بمرێنه
له کۆتو زنجیر پێت دەر بهێنه
کاتێ ئەمەی ووت دای لەشەقەی باڵ
له بەر چاو وون بوو وەکوو بای شەماڵ

## «نەماوە تەمییز»

پیاوێ بە توندی ڕۆژێک لە ناکاو
ڕایکردە ماڵێک زویرو پەشۆکاو
لەشی ئەلەرزی هۆشی نەمابوو
ڕەنگی ڕووخساری زەرد هەڵگەڕابوو
خاوەن‌ماڵ ووتی بۆچی شێواوی
براکەم بۆچ وا هەڵبزڕکاوی
جوابی دایەوە ووتی ئەی برا
بە سوخرە ئەگرن کەر بە ئەمری شا
ووتی: چاوەکەم تۆ کەر نیت پیاوی
عەیبە لام وایە تۆ خەڵەفاوی
ووتی پێی بە خوا ئەی برای عەزیز
لەم زەمانەدا نەماوە تەمییز
ئەگەر بمگرن بڵێن تۆ کەری
کورتانم لێکەن هەرزەو سەرسەری
هەزار هاوار کەم بێ سوودە بەخوا
لەم ووڵاتەدا فەرقو تەمییز کوا !

- ٧ -

## «لەدەست پیاوی کەر»

حەزرەتی عیسا ڕۆژێ لەڕۆژان
لە سارایەکی چۆڵو بیابان
ڕائیەکرد خێرا وەکوو بابردوو
لە پڕ زەلامێ لە ڕێ تووشیبوو
عەرزی کرد ووتی ڕەسوولی ڕەحمان
بۆچ وا ڕائەکەی توخودا قوربان !
جوابی دایەوە ووتی برادەر
وا فیرار ئەکەم لە دەست پیاوی کەر
کابرا عەرزی کرد تۆ پێغەمبەری
ڕەسوولی خودایت گەورەو سەروەری
چاك ئەکەیتەوە گولو کوێرو کەڕ
مردووی سەد ساڵە ئەهێنیتەدەر
زوو زیندوو ئەبێ دێتە سەر دونیا
بۆت بەیان ئەکا هەواڵی ئەولا
لە دەست پیاوی کەر چۆن ئەکەی فیرار !
ڕاستیم پێ بڵێ ڕەسوولی نازدار
فەرمووی کە ناوی خودای دادگەر
ئەخوێنم خێرا گولو کوێرو کەڕ
چاك ئەبێتەوە بەیەك لە حزەو ئان
زیندوو ئەبێ زوو مردووی گۆڕستان
بەسەر ئینسانی کەرا ئەخوێنم
هیچ لێی کار ناکات دۆش دائەمێنم
چونکە نەخۆش وەك کوێری بەڵایە
بەڵام کەڕیتی: قەهری خودایە
بە ئەمری خودای گەورەی دادگەر
دوعا کار ناکات لە ئینسانی کەر

- ٨ -

## «کەر»

ئەگەر قەڕازەی لەزێڕ بکەی کەر
ئاوی بدەیتێ لە چەشمەی کەوسەر
ئالیکی بدەی لە گەنمی ئیرەم[1]
ئاخوڕی بەستی لە خاکی حەرەم
بیگەیەنیتە سەر ئەوجی فەلەك
ڕەنەکی بکەی بە باڵی مەلەك
لە ملی بکەیت تەوقی زیوو زەڕ
هەتا قیامەت هەر کەرەو هەرکەر
بە خۆت نازانی جووتە ئەدا لێت
لەپڕ ئەشکێنێ ڕۆژێك سەرو گوێت

- ٩ -

## «ڕێگای چاکە»

دەروێشێ هەبوو زۆر موسڵمان بوو
ئەهلی عیرفانو پیاو چاكو جوان بوو
چوو بۆلای شێخێك ووتی بە قوربان
لەدەستی خەڵکی زۆر بووم هەراسان
بەشەوو بە ڕۆژ دێن بۆ زیارەتم
زۆر هەراسان بووم دڵپڕخەفەتم
شێخەکە فەرمووی ئەتەوێ چارە
پارە بسێنە لەوەی ماڵدارە
قەرز بدە بەوەی هەژارو لاتە
هەر ئەمە بۆتۆ ڕێگای نەجاتە

(١) ئیرەم: بەهەشتی سەرزەوی - بە ئیرەمماعاد مەشهوورە.

- ١٠ -

## «تاووس»

پیاوێکی زانا بۆ سەیرانو گەشت
ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەگەڕا لە دەشت
تاووسێکی دی جوانو دڵپەسەند
پەڕەکانی خۆی یەك یەك هەڵئەکەند
لە کاری تاووس زۆر سەری سوڕما
ووتی ئەی تاووس توبیتو خودا
پەڕەکانی تۆ نایابو جوانن
بەنرخن لەلای خەڵکی گرانن
هێندە بە نرخە قورئان خوێنەکان
دایئەنێن لە ناو لاپەڕەی قورئان
خوا جوانی کردوویت مەکە ناشوکری
بە ڕاستی یەکجار نەفامو کەری
تاووس ئەمەی بیست بەربووە گریان
ووتی بێ عەقڵو نەفامو نەزان
داو دانراوە بۆم لە هەموولا
پەڕە جوانەکان لێم بوونە بەڵا
ڕاوکەران دائیم بۆ کوشتنی من
تیر بە دەستەوە لێم بوون بە دوژمن
ئەم جوانیو نرخە بۆ من بەڵایە
ئەمە کەی لوتفە قەهری خودایە

ـ ١١ ـ

ئـەزانـیـت یـارت چـۆن دڵ گـەرم ئـەبـێ
لە مـاڵ دێـتـە دەر بـۆت بـێ شـەرم ئـەبـێ
زۆر مـەکـە مـەگـری زێـڕی بـدەرێ
زێـڕ بـخـەیـتـە سـەر پـۆڵا نـەرم ئـەبـێ

ـ ١٢ ـ

شـاعـیـرێـك هـەبـوو نـاوی «هـومـام» بـوو
خـەڵکی «ئـەصفـەهـان» شـیـرین کـەلام بـوو
کـوڕێـکـی هـەبـوو زۆر جـوان‌و لاوچـاك
ڕووی بـە وێـنـەی ڕۆژ بـە شـەوق‌و ڕوونـاك
بـە عـەبـاو پـەچـە ئـەچـوو بـۆ گـەڕان
هـەتـا نـەیـبـیـنـن پـیـاوان‌و ژنـان
ڕووی گـەر ڕووت بـوایـە دەسـتـە بـە دەسـتـە
شـوێـنـی ئـەکـەوتـن بـە دڵـی خـەسـتـە

ڕۆژێ لە ڕۆژان جەنابی «هومام»
کوڕەکەی خۆی برد سەحەر بۆ حەمام
لە تاریکیدا کوڕەکەی دانا..
خۆی سەری ئەشت وەك ناتر ئازا
«سەعدی شیرازی» بە ئەمری یەزدان
وا ڕێکەوت چوو بۆ شاری «ئەصفەهان»
ئەیزانی کەوا جەنابی «هومام»
لەگەڵ کوڕەکەی چووە بۆ حەمام
خۆی ڕووت کردەوە چووە ژوورەوە
بە دڵی پاکی پڕ سروورەوە..
چووە پێشەوە زوو بۆ لای «هومام»
پرسیاری لێ کرد «هومام» پاش سەلام
ووتی: خەڵکی کوێیت شەخسی هونەرمەند
ووتی: شیرازیم مەردی دڵپەسەند
ووتی شیرازی بزانە قوربان
لەسەگ زۆرترن خۆ لە «ئەصفەهان»
سەعدی ووتی پێی: مەردی هونەروەر
لە لامان ئێوە لەسەگن کەمتر
ووتی تۆ شیعری سەعدی ئەزانی
بۆم بخوێنەوە بێ دڵگرانی
سەعدی ووتی پێی پەردەیە هومام
خودایە لاچێ بگەم بە مەرام
تێ گەیشت ئەمە سەعدییە هومام
هەڵسایە سەرپێ زوو لێیکرد سەلام
ووتی سەعدی گیان کوڕەکەم بۆ تۆ
پێشکەشت ئەکەم بەبێ گفتوگۆ

نەبی ئیبراهیم ڕەسووڵی ڕەحمان
نانی نەئەخوارد هەرگیز بێ میوان
ڕۆژێ لە ڕۆژان نانیان بۆ هێنا
میوانی نەبوو لەگەڵی بخوا،
ئەمری کرد بڕۆن پەیداکەن میوان
هەتا بێت لەگەڵ مندا بخوات نان
چوون بۆیان هێنا پیاوێکی زۆر پیر
لە ڕێوە ئەهات برسی بوو فەقیر
داینا لە لای خۆی دەستیان برد بۆ نان
«بسم الله»ی نەکرد کابراکەی میوان
ئیبراهیم فەرمووی پێم بڵێ کابرا،
بۆچ ناوی خودات تۆ نەبرد ئێستا !
«بسم الله» شەرتە وەختی نانخواردن
هەتا عەفووت کات یەزدانی مەزن
ووتی «مەجووسیم» من موسوڵمان نیم
بۆچی نازانی قوربان کە من چیم !
نەبی ئیبراهیم تووڕە بوو خێرا
میوانی دەرکرد ڕۆیی بۆ سەحرا
دەرحاڵ «جبرئیل» هات و ئەمری کرد:
ئیبراهیم بۆچی میوانت دەرکرد ؟!
حەفتا ساڵ زیادە خوا ڕزقی ئەدا
تۆ بۆچی ڕۆژێک نانت پێ نەدا ؟

مانگی نویٚ بۆیه هەموو شەو زیاد ئەکاو ئەشنێتەوە
تا جەمالی هەروەکوو ڕووی تۆ بڕازێنێتەوە...
کاتیٚ بوو بە چواردەهەم شەو تیٚ ئەگا نابیٚ بە ڕووت
جا لە داخا ووردە ووردە کەم ئەکاو ئەتوێتەوە.

## - وەفاداری -

### لە - صەیدی هەورامانی - یەوە

وا ئەگێڕنەوە مەجنوونی شەیدا
چەند ڕۆژیٚ بە شوێن لەیلدا ئەگەڕا
لە ساراو دەشتا دەروون لە خەم کەیل
بیٚ شەرم ئەگریا بۆ لەیلی پڕ مەیل
ڕۆژیٚ لە ڕۆژان بە دڵەی خەمبار
ڕێگای کەوتە لای هەوارگەکەی یار
سەیری کرد خێڵی باوانی لەیلا
باری کردووە زۆر دای تەقەللا
هیچ کەسی نەدی دیواریٚ مابوو
کەوا بە دەستی لەیلیٚ کرا بوو
دەست کردی لەیلای شۆخی نازدار بوو
سێبەری شیفای قەیسی بیمار بوو
لەو سێبەرەدا مەجنوونی دڵ ڕێش
دانیشت زامانی کەمیٚ بوو سارێش
سەیری کرد سەگێک لاوازو زامدار
کەوتووە لە ژێر سێبەری دیوار

ئـەلێـسـێـتـەوە بـە زوبـان زامـی
ڕەش بـووە وەکـوو دەوار ئـەنـدامـی
چـووە بـەردەمـی مـەجـنـوونـی شـەیـدا
گـەلێ بـەزەیـی هـاتـەوە پـێـدا
ووتـی پـاسـەوانـی ڕەشـمـاڵـی دڵدار
ئـێـشـکـچـی لەیـلا شـەوان لای دیـوار
چـەرخـەچـی شـەوان لە سـاراو لە دە شـت
بـەبـری شـێـرشـکـار بـۆ ئـاسـکـی چـەشـت
ئـەم حـاڵە چـیـیـە چـیـت لێ قـەومـاوە ؟
ئـەلێـی ئـەنـدامـت بـە تـیـغ جـنـراوە !
بـۆچـی پـاش لەیـلێ شـای بـەیـنـەت داران
هـەر تـۆ جـێـمـاویـت وا لە هـەواران !
لە پـاشـان مـەجـنـوون سـەیـری سـارای کـرد
ڕاوکـەرێـك ئـەهـات بـەڕێـوە لە هـەرد
ئـاسـکـی کـوشـتـبـوو دابـووی بـە شـانـا
بـەگـورجـی ئـەهـات لە بـیـابـانـا

چـوو بـۆ لای ڕاوکـەر مـەجـنـوونـی بـەدحـاڵ
کـە وەکـوو گـەدا لێـی بـکـا سـواڵ
ووتـی ئـەی ڕاوکـەر بـە عـەشـقـی پـیـرت
ئـەمـڕۆ بـبـەخـشـە بـە مـن نـێـچـیـرت
ڕاوکـەر مـەردانـە بـە دڵی مـەحـزوون...
لاشـەی ئـاسـکـەکـەی دایـە دەست مـەجـنـوون
مـەجـنـوون ئـاسـکـەکـەی قـیـمـەکـرد بـە تـیـغ
جـەرگو دڵەکـەی خـێـرا دا لە سـیـخ
بـە دڵی پـڕ شـوور هـیـجـران بـردەوە
بـەگـڕی دەروون ئـاگـری کـردەوە
کـردی بـە کـەبـاب بـە دڵی سـووتـاو
خـوێـی کـرد ئـازانـە بـە فـرمـێـسـکـی چـاو
دای بـەسـەگـەکـە بـە تـالووکـەو دەو
ووتـی ئـەی هـەژار بـێ خـۆراکو خـەو
ئـەمـە کـەبـابـی «قـەیـس»ی کـوژراوە
چـونـکـە نـە خـۆشـیـت بـۆ تـۆم هـێـنـاوە ◄

فەرموو نۆشی کە شیفای جەستەت بێ
مەرهەمی زامی لەشی خەستەت بێ
چەند ڕۆژ گۆشتی خوارد جا سەگی هەژار
زامی ساڕێژ بوو تەواو بەیەکجار
هێزی لە گۆشتی کەباب بوو تازە
هەڵسا لە دەشتا کەوتە جامبازە
بەغار دەست بەجێ چوو بۆلای لەیلێ
خۆی خستە داوێن خاکی پای لەیلێ
لەوە پاش مەجنوون هەر کاتێ ئەچوو
کە تێر ببینێ لەیل بە ئارەزوو
ئەو سەگە ئەچوو وەك خاوەن فامان
داوێنی مەجنوونی ئەگرت بە ددان
ئەی برد بۆ خزمەت مەحبووبی نازدار
هەتا بە حاڵی نەزانێ بەدکار
مەجنوون بە دیدار لەیلێ ئەبوو شاد
خەرمانی خەمی خۆی ئەدا بە باد
گەر وا نەبوایە مەجنوونی هەژار
هەرگیز نەی ئەدی مەحبووبی نازدار
داد لە دەست جەوری بەدخویی ڕەقیب
نایەڵێ دڵدار یار بێ بە نسیب
گۆشت بدەی بەسەگ وا وەفادارە
گەنج بە[1] بە بەدکار هەر جەفاکارە

---

(١) بە: بدە.

## له توورکی یەوە

- ١ -

له عـەشـقـی بـالاّت شـەو کـە مـنـالّ بـووم
هـیـچ نـە ئـەخـەوتـم هـەر تـاکـو سـەحـەر
هـاتـن چـارەیـان بـۆ دۆزیـمـەوە
بـێشـکـەیـان کـرد بـۆم لە سـەروو عـەرعـەر

- ٢ -

## له تۆفیق فکرت ـ ەوە

من له داخی دەردی دووریی تـۆ ئـەنـۆشم ئـەی مـدام
پێکـەنـیـنـم گـریـەیـە دیّـوانـەیێکـی شـاعـیـرم
بۆم بدا دەست ماچی لێوی تـۆ نەوەك مـەی ڕۆژی حەشر
گـەر لە جەنـنـەتدا لە کـەوسـەر تـەڕ بکـەم دەم کـافـرم

## پاشبەند

من لە نووسینەوەی (کەمالی) بوو بوومەوە کە دیوانی مامۆستا «خادیم» کەوتە بازاڕەوە پاش خوێندنەوەی ئەم دیوانە شیعرێکی «خادیم»ی تیایە هەستی خۆی بەرامبەر (کەمالی) دەرئەبڕێت.. جگە لەو شیعرەش دیسان هەر ئەم شاعیرە شیعرێکی (کەمالی) ـ تەخمیس ـ کردووە بە پێویستم زانی هەردوو پارچەکەی «خادیم» لەم دیوانەشدا بنووسم:

هەستی شاعیر «خادیم» بەرامبەر بە (کەمالی)[1]

ئـیمـشـەو لە خـەلوەت دوور لە ئـەغـیـار بـووم
مـەشـغـوولـی جـەزبـی رابـیـتـەی یـار بـووم
سـەر بـەزانـۆدا هـەروەك ئـەهـلی حـاڵ[2]
کـەوتـمـە نـاو دەریـاو گـێـژاوی خـەیـاڵ
تـەسـەوور نـیـگـای تـیـژ بـوو لە هـەر لام
تـەفـەکـکـور پیـاڵەی پـڕمـەی بـۆ هـێـنـام
سـەر لەجـۆشی شـەوق بـێـخـودی نـازبـوو[3]
دەمـاخـم مـەسـتـی سـاغـیـری ڕاز بـوو
تـەمـاشـا مـەیـلی چ گـوڵزارێ بـوو
غـوبـار ئـارامـی ڕێـی چ یـارێ بـوو
وەنـەوزێـکـم دا چـاوم کـەوتـە خـەو
نـەمـزانـی چـیـیـە چ کـاتـێـکـە شـەو
لەو کـاتـە کـەوتـمـە گـۆشـەو کـەنـارێ
لە هـەرلا بـاخ و گـوڵ و گـوڵزاری
بـەهـار ئـاوێـنـەی بـەرگـی گـوڵان بـوو
حـیـرەت لە چـاوی هـەر بـولبـولان بـوو
شـانـەی کـرد نـەسـیـم زوڵفـی سـونـبـولان
هـەوا پـڕ لەمـەوج نـیـکـهـەتـی گـوڵان
عـونـچـە نـیـقـابـی لەسـەر ڕوو لادا
نـێـرگـز بـە مـەسـتـی لە خـەو هـەڵسـتـا
نـەسـیـم خـرایـە ژێـر سـێـبـەری گـوڵ
بـولبـول نـەغـمـەی بـوو لەم چـڵ بـۆ ئـەو چـڵ
چ جـەنـنـەتـێ بـوو چ لالەزارێ
سـەحـنی هـەر ئـەت ووت ڕووی گـوڵعـوزارێ

گەیشتمە خزمەت پیری باخەوان
ئیجازەی دامێ چنینی گوڵان
سەفحەی فەساحەت ئیشاراتی بوو
مەتنی بەلاغەت عیباراتی بوو
زەکاوەت هەموو مەبدەئی شیعر
مەنتیقو بەیان بەیانی فیکر
لە هەر شەپوولێ بە چەشنی دەریا
بۆی دەر دەخستم گەوهەری مەعنا
چ گوڵشەنێ بوو ڕەشکی ئیرەم بوو
هەرچی گوتوومە لە وەسفی کەم بوو
کەوتەوە بیرم تەعبیری خەوم
ئەم گوڵزارە بوو عوشرەتی شەوم
مامۆستای بەڕێز «کەمالی» لەقەبْ
عەرزێکی ئەکەم لە خانەی ئەدەب
(ی) نیسبەت بۆ ئەو «کەمال»ە زیادە
چون کە مالی ئەو لە نەقس ئازادە
سەری پڕهۆشی خەزنەی خەیاڵە
تاجی [کرَّمنا] بۆ ئەو حەڵاڵە[4]
هەرچەند نووسیوومە چەند شیعرێ بۆ ئەو
بەکاری چی دێ بۆ ڕۆژ باسی شەو
نابێتە دیاری بۆ من شیعرەکان
زیرە ناردنە بۆ شاری کرمان
خادیم لە دەستی تەهی مەحجووبە
لە باران دوعای قەبوول مەتلووبە

---

(١) دیوانی خاویم. لەبلاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری بلاوکرنەوەی کوردی - بەغدا. دارالحریە - ئامادە وسانح کردنەوەی جەمال محەمەد ئەیلی - ل ـ ٢٨

٢ ـ بە سەر زانۆدا ـ بە سەر ئەژنۆدا.
٣ ـ بێخود: بێ هۆش دبێ ئاگا.
٤ ـ ئیشارەتی بۆ ئایەتی «ولقد كرّمْنا بنی آدم.

## پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلی «کەمالی»(١)

بەقای بۆ کەس نییە دونیاوو جاهـ و درهەمی دونیا
بەکاری زامی دل نایێ دەواوو مەرهەمی دونیا
ئەگەرچی پووری زاڵە پیرە زەاڵە ڕۆستەمی دونیا
وەکو زولفی تەبان شێواوە حاڵی دەرهەمی دونیا
هەمووکاتێکی مەحکوومی نەمانە عالەمی دونیا

عەجووزە ساحیرە ئەو بووکە هەر ڕۆژی ئەکا یەك شەو
بەقای بۆ کەس نییە ئاخر وەفای کەی بۆ منەو بۆتۆ
بە نۆشی تێ دەگەی نێشە سەرو ڕیشی ئەلەم دەرچوو
دەوامی هیچ نییە هەر ڕۆژە جۆرێکە ئەگۆڕێ زوو
لەلای زانا وەکو یەك وایە شادیو ماتەمی دونیا

چ قاقای پێکەنینی بێ چ پرمەی گریە بێ کاری
گەداییو ژەندە پۆشی بێ چ میری‌بێ چ سەرداری
چ ماتەم بێ چ سووری بێ دڵی خوش نابێ یەکجاری
ئەوەی زانایە لای یەك وایە ئیقبالو چ ئیدباری
قەراری هیچ لە سەر باریێ نییە زۆرو کەمی دونیا

نەکەی تەسلیمی بیت ئەت داتە بەر شەق دائیما وەك گۆی
فەریبی پێ نەخۆی هەرگیز بەکرداروو لە گفتوگۆی
وەکو چەپگەردە سووڕانی بە کینی‌تۆ بە هاتوچۆی
ئەگەر شەکرت بداتێ ژەهری تێدایە نەکەی بیخۆی
دەخیلم خۆت بپارێزە لە شەهدی پرسەمی دونیا

له ئەسبابی گەدایی تاجی شاهی بیگری یەكڕیز
له لای من جوملە یەكسانە هەموو وەك یەك بەبێ تەمییز
ئەبێ وابێ نەبێ فەرقی گەداوو خوسرەوی پەرویز
كە من ڕەندو قەلەندەر مەشرەبم فەرقی نییە هەرگیز
لەلای من وەك یەكە كاسەی كەلو جامی جەمی دونیا

له دەنگی [انكَرَ الاصوات]ی دونیا بەسیە گوێ مەگرە
له شووری نەی له ناڵەی دڵ تۆ خادیم دیققەتێ بگرە
لەدڵ عەشقو له نەی دائیم مەزاقت شیرینی شەكرە
ئەگەر ئەهلی دڵی تۆ گوێ له ناڵەی سازی دڵ بگرە
«كەمالی» گوێ مەدە ئاوازی زیلو هەم بەمی دونیا

## پەراوێزەکان:

١ ـ [دیاری شارەزوور] چاپخانەی ـ ژین ـ ١٩٦٦ ـ سلێمانی.

٢ ـ [باخی‌میر] چاپخانەی ـ ڕاپەرین ـ ١٩٦٨ ـ سلێمانی.

٣ ـ [گوڵ دەستەی شوعەرای هاو عەسرم] چاپی دووەم ـ چاپخانەی ڕاپەرین ١٩٦٩.

٤ ـ لە پێشەکی چاپی دووەمدا ئەمەی نووسیوە: لەیەکەم چاپ کردنی ئەم گوڵ دەستـەیەدا ـ پیـرەمێرد ـی نـەمر ووتی: من تێ چێنی «ئـەمین زەکی‌بـەگ، ڕەشید نەجیب. عەبدلواحید نوری ئەفەندی» خستەناو گوڵ دەستەکەمەوە، بەڵام بۆ جاری دووەم تەم خستنەناوی، چونکە ئەوان هیچ دیوانێکی شیعرییان نیـە تامن لەم گوڵدەستەیەمدا بەشاعیریان بدەمە قەڵەم.

٥ ـ [شاعیرە ناو وون بووەکانی کورد] سلێمانی ـ چاپخانەی ڕاپەرین ١٩٧٣.

٦ ـ گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە (   ) (ساڵی ـ   ).

٧ ـ ڕۆژ نامەی «بانگی‌کوردستان» یەکێکە لە ڕۆژنامـە هەفتـەیی‌یە پێشکـەو تووەکانی سـاڵانی بیست. خاوەنی ئیمتیـازو سەرپـرسیارو سـەر نووسـەری ـ مستـەفا پاشا یـامولکی ـو دەستـەی نووسـەرانی: ڕەفیق حیلمی،و عەلی کەمال‌و، م. نوری (شێخ‌نوری شێخ ساڵح) بوون، هەتا ژمارە (١٤)ی لە سلێمانی دەرچووە، چونمـە چونکـە دوای تێکچوونی حـوکمداریتی [شێـخ مەحمـوود] بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەك نەیان ویستووە لەو ڕێگـایەی بـۆی دانراوە لابـدەن‌و بەڕێگایەکی چەوتی دوور لەهیواو ئامانجی میللەتی کورد ببیەن بەڕێوە، دوای ژمارە (١٤) ی (٣) ژمارەی تریش لە بەغـدا لە لایەن دەستـەیەکی تـرەوە لێ دەرچووە.

٨ ـ دیوانی نالی ـ مەلاعبدالكریمی مدرس ـ لە بلاوكراوەكانی كۆڕی زانیاری كورد ـل. ٩١.

٩ ـ هەمان سەرچاوە. ل ٣١٠.

١٠ ـ هەمان سەرچاوە. ل ٨٦.

١١ ـ هەمان سەرچاوە ل ١٠٨.

١٢ ـ لەم چەند قسەیەدا لەسەر شیعری (كەمالی). ئەگەر بۆ نموونەو بەڵگە هێناتەوە شیعری (كەمالی) خۆیمان نەنووسیبێ. لەبەر ئەوە بووە كە سەرجەمی شیعرەكانی شاعیر لەبەردەستان ولەم رووەوە بەچاكم زانیوە ئەو شتەبكەم تا پندەواری خۆشەویست خۆی بەدوای ئەو بەڵگە شیعرییانەدا بگەڕێ.

١٣ ـ رۆشنبیری نوێ ـ ژمارە (     ).

١٤ ـ دیوانی ناطیق ساڵی ١٩٧٠ چاپ كراوە.

رقم الايداع في المكتبة الوطنية ببغداد ٤١٤ لسنة ١٩٨٦

طبع في مطابع دار الشؤون الثقافية العامة

الجمهورية العراقية
وزارة الثقافة والاعلام
دار الثقافة والنشر الكردية
التسلسل رقم (١٢٨)

# ديوان كمالي
# علي بابير أغا

اعداد وتحقيق
علي بابير أغا

مراجعة
شكور مصطفى

دیوانی که مالی
٤٤٠٠٣٢
نگین غرب موکریان

(الاخراج الفني: عبدالقادر علي مردان)

السعر (...) ديناران

طبع دار الشؤون الثقافية العامة